حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی جوگرافیا

خوێندنی باڵا/ ماستەر

# قەزای سەیدسادق

## (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)

نامەیەکە؛ پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک پێویستییەکی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە (جوگرافیای مرۆیی) دا.

**توێژەر**

**کاوە رشید کاکی**

**بەسەرپەشتی**

**پ.د. جەزا تۆفیق تالیب**

۲۷۲۲ ی کوردی

۲۰۲۲ ی زاینی

# بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَى: أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿ ۞ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي
ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا
تَفۡضِيلٗا ٧٠ ﴾

صدق الله العظيم

الإسراء: ٧٠

## ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (کاوە رشید کاکی)، بەناونیشانی: (قەزای سەیدسادق، توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان) بەچاودێریی من لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە جوگرافیای مرۆییدا، پێشنیاردەکەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. جەزا تۆفیق تالیب

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

بەگوێرەی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. سۆران حمە أمین أحمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی بەشی جوگرافیا

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەی خوێندکار (کاوە رشید کاکی)، بەناونیشانی: (قەزای سەیدسادق، توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)مان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا کە بەپلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە جوگرافیادا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. هیوا صادق سلیم

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوتی:    /   / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. سەمیر صباح رجب

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوتی:    /   / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. شاد حمید محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوتی:    /   / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. جەزا تۆفیق تالیب

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوتی:    /   / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی، پەسەندکرا

واژۆ:

ناو: د. ابتسام اسماعیل قادر

پلەی زاستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

# پێشکەشکردن

ئەم نامەیە؛ پێشکەشە بە:

- تەواوی زانستخوازان
- گشت ئەندامانی خانەوادەکەم
- سەرجەم دانیشتوانی قەزای سەیدسادق

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی پەروەردگاری میهرەبان دەکەم، کە هێز و توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم کارە زانستییە، هەروەها سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیارم بەڕێز: (پ.د. جەزا تۆفیق تالیب) دەکەم، کە هەنگاو بە هەنگاو یارمەتیدەرم بووە لە تەواوکردنی توێژینەوەکەدا، سەرەڕای سوپاس و پێزانینم بۆ تەواوی ئەو کەس و دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییانەی بە پێدانی: کتێب و زانیاری و داتا و ڕێنمایی زانستی و هونەری هاوکارم بوون.

هەروەها سوپاسی ئەنجومەن و دانیشتوانی هەموو دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق دەکەم، کە لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا بۆ سەرژمێریی دانیشتوان، هاوکار و یارمەتیدەرم بوون.

## ناوەڕۆک (پـێڕست)


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١. | **پێشکەشکردن** | A |
| ٢. | **سوپاس و پێزانین** | B |
| ٣. | **ناوەڕۆک** | C-H |
| ٤. | **پێشەکی** | ١-٥ |
| ٥. | **بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە** | ٦-٤٠ |
| ٦. | ١-١- ڕەهەندی مێژوویی | ٦-٢٠ |
| ٧. | ١-١-١- مێژووی نیشتەجێبوون لە قەزای سەیدسادق | ٦ |
| ٨. | ١-١-٢- شوێنەوارەکانی سنووری سەنتەری قەزای سەیدسادق | ٨ |
| ٩. | ١-١-٣- شوێنەوارەکانی ناحیەی سرۆچک (ناحیەی بەرزنجە) | ٩ |
| ١٠. | ١-١-٤- مێژووی شاری سەیدسادق | ١٠ |
| ١١. | ١-١-٥- ناوی سەیدسادق | ١٧ |
| ١٢. | ١-٢- ڕەهەندی جوگرافیایی | ٢٠-٤٠ |
| ١٣. | ١-٢-١- بەرزی و نزمی | ٢٠ |
| ١٤. | ١-٢-٢- ئاووهەوا | ٢٢ |
| ١٥. | ١-٢-٣- سامانی ئاو | ٢٧ |
| ١٦. | ١-٢-٤- خاک | ٣٣ |
| ١٧. | ١-٢-٥- ڕووپۆشی ڕووەکی و بەکارهێنانەکانی زەوی | ٣٦ |
| ١٨. | **بەشی دووەم: (گۆڕانکارییە قەبارەییەکانی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)** | ٤١-٧٣ |
| ١٩. | ٢-١- گۆڕانە قەبارەییەکان بەگوێرەی سەرژمێرییەکان (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٤٢ |
| ٢٠. | ٢-٢- گەشەی دانیشتوان | ٤٥ |
| ٢١. | ٢-٣- ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان | ٥١ |
| ٢٢. | ٢-٣-١- لەدایکبوون | ٥٢ |

| | | |
|---|---|---|
| .٢٣ | ٢-٣-٢- مردن | ٥٩ |
| .٢٤ | ٢-٣-٣- زیادبوونی سروشتی (گەشەی سروشتی) | ٦٣ |
| .٢٥ | ٢-٣-٤- کۆچکردن (جوڵەی شوێنی) | ٦٥ |
| .٢٦ | **بەشی سێیەم: (دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)** | ١٠١-٧٤ |
| .٢٧ | ٣-١: دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان | ٧٤ |
| .٢٨ | ٣-٢: دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان | ٨٠ |
| .٢٩ | ٣-٣: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان | ٨٤ |
| .٣٠ | ٣-٤: شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان | ٩٣ |
| .٣١ | **بەشی چوارەم: (پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)** | ١٢٧-١٠٢ |
| .٣٢ | ٤-١: پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز | ١٠٣ |
| .٣٣ | ٤-٢: پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوان (ئاینی و نەتەوەیی) | ١١٢ |
| .٣٤ | ٤-٣: پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوان | ١١٨ |
| .٣٥ | ٤-٤: پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان | ١٢١ |
| .٣٦ | ٤-٥: پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان | ١٢٤ |
| .٣٧ | **دەرئەنجامەکان** | ١٢٩-١٢٨ |
| .٣٨ | **ڕاسپاردەکان** | ١٣٠-١٢٩ |
| .٣٩ | **لیستی سەرچاوەکان** | ١٣٩-١٣١ |
| .٤٠ | **پاشکۆکان** | ١٤٨-١٤٠ |
| .٤١ | **پوختەکان** | ١٥٢-١٤٩ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .١ | پلەی گەرمیی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٢٤ |
| .٢ | تێکڕای بارانبارینی مانگانە و وەرزانە لە وێستگەی کەشناسیی سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٢٦ |

| | | |
|---|---|---|
| .٣ | ڕووبەر و ڕێژەی هەریەک لە بەکارهێنانەکانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی لە قەزای سەیدسادق بۆ ساڵی (٢٠٢٠) | ٣٨ |
| .٤ | گۆڕانکاریی قەبارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٤٣ |
| .٥ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بۆ قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٤٦ |
| .٦ | ڕێژەی گەشەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٤٩ |
| .٧ | ڕێژەی لەدایکبووانی تۆمارکراو لە قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٥٤ |
| .٨ | ڕێژەی شوکردنی ئافرەتانی قەزای سەیدسادق، بەگوێرەی تەمەن لەساڵی (٢٠٢٠) دا | ٥٦ |
| .٩ | ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠) | ٥٨ |
| .١٠ | ڕێژەی مردنی تۆمارکراو لە قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٦١ |
| .١١ | ڕێژەی گەشەی سروشتی بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٦٤ |
| .١٢ | پوختەی کۆچ بۆ شارنشین و دێنشین لەقەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٦٨ |
| .١٣ | پوختەی کۆچ لەنێوان قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانیدا لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٧١ |
| .١٤ | ئاوارە و پەنابەرانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٧٣ |
| .١٥ | دابەشبوون و چڕیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەسەر یەکە کارگێڕییەکاندا بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٧٦ |
| .١٦ | ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٧٧ |
| .١٧ | ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٧٨ |
| .١٨ | ڕیزبەندی قەبارەیی بۆ نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٨١ |
| .١٩ | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکان لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٨٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠. | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٩٠ |
| ٢١. | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەسەرئاستی قەزاکان بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٩٢ |
| ٢٢. | پۆلێنکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بەگوێرەی شێوازەکانی دابەشبوون | ٩٥ |
| ٢٣. | پێکهاتەی تەمەن بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ساڵی (٢٠٢٠) | ١٠٥ |
| ٢٤. | پێکهاتەی ڕەگەزیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ١٠٧ |
| ٢٥. | پێکهاتەی ئاینیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ١١٤ |
| ٢٦. | پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆهەریەک لە ساڵەکانی (١٩٧٧، ٢٠٢٠) | ١١٧ |
| ٢٧. | پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی (٢٠٢٠) | ١١٩ |
| ٢٨. | پێکهاتەی هێزی کاری دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بە گوێرەی هەریەک لە کەرتە ئابوورییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ١٢٢ |
| ٢٩. | پێکهاتەی پیشەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ساڵی (٢٠٢٠) دا | ١٢٣ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژ | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | شوێنی جوگرافیی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق | ٥ |
| ٢. | بەرزی و نزمیی و هێڵە کەنتورییەکانی قەزای سەیدسادق | ٢١ |
| ٣. | ئاوی سەرزەوی لە قەزای سەیدسادق | ٣٠ |
| ٤. | دووریی ئاستی ئاوی ژێرزەویی قەزای سەیدسادق لەڕووی زەوییەوە (بەمەتر) | ٣١ |
| ٥. | هێڵ و زۆنە یەکسانەکانی بارانبارین لە قەزای سەیدسادق | ٣٣ |
| ٦. | جۆرەکانی خاک لە قەزای سەیدسادق | ٣٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧. | بەکارهێنانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی لەقەزای سەیدسادق بۆساڵی (٢٠٢٠) | ٣٨ |
| ٨. | دابەشبوونی کۆچبەرانی ئاوارەی نیشتەجێ لە قەزای سەیدسادق، بەگوێرەی شوێنی هاتنیان، بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ٧٣ |
| ٩. | دابەشبوونی شوێنیی و چڕیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٧٦ |
| ١٠. | دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٧٩ |
| ١١. | دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ٨٣ |
| ١٢. | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆ یەکە کارگێڕییەکان لەساڵی ٢٠٢٠ | ٨٩ |
| ١٣. | دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکان لە قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٩٧ |
| ١٤. | دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکان لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ٩٨ |
| ١٥. | دابەشبوونی جوگرافیایی ڕێژەی جۆر لەقەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠ | ١١٠ |
| ١٦. | پێکهاتەی ئاینیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی (٢٠٢٠) | ١١٥ |
| ١٧. | پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆ ساڵی (٢٠٢٠) | ١٢٠ |
| ١٨. | دابەشبوونی جوگرافیایی تیرە و هۆزەکانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠ | ١٢٦ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | تێکڕای ساڵانەی پلەکانی گەرمای قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٢٥ |
| ٢. | خستنەڕووی بڕی ساڵانەی بارانبارینی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٢٧ |
| ٣. | ئاراستەکانی گۆڕانی قەبارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٤٤ |
| ٤. | ڕێژەی گەشە، بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٤٨ |

| | | |
|---|---|---|
| .٥ | ئاراستەکانی گەشەی ساڵانەی شارنشینی و دێنشینی لە قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٥١ |
| .٦ | ئاراستەکانی ڕێژەی لەدایکبوون لەقەزای سەیدسادق وپارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٥٥ |
| .٧ | ئاراستەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠) | ٥٩ |
| .٨ | ئاراستەکانی ڕێژەی مردن لەقەزای سەیدسادق وپارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) | ٦٢ |
| .٩ | پوختەی کۆچ لە قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٦٩ |
| .١٠ | ئاراستەی پوختەی کۆچ لەنێوان قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانیدا لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٧٠ |
| .١١ | دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٧٩ |
| .١٢ | ئاراستەی دابەشبوونی دانیشتوانی نشینگەمرۆییەکان بەسەر دەستە قەبارەییەکاندا بۆساڵی ٢٠٢٠ | ٨٢ |
| .١٣ | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ٩١ |
| .١٤ | شێوازی دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق | ٩٦ |
| .١٥ | شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق | ٩٩ |
| .١٦ | شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی ناحیەی سرۆچک | ١٠٠ |
| .١٧ | ئاراستەکانی گۆڕانی ڕێژەی جۆر بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) | ١٠٨ |
| .١٨ | جۆرە سەرەکییەکانی هەرەمی دانیشتوان | ١١١ |
| .١٩ | هەرەمی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (٢٠٢٠) دا | ١١٢ |
| .٢٠ | ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەییەکانی قەزای سەیدسادق بۆ هەریەک لە ساڵەکانی (١٩٧٧، ٢٠٢٠) | ١١٧ |
| .٢١ | پێکهاتەی پیشەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ١٢٤ |

# پێشەکی

## پێشەکی:

توێژینەوە و تێڕامانی زانستی لەمەڕ دانیشتوان، بەهاو بایەخێکی زۆری هەیە، بەوپێیەی لەڕێگەیەوە دەتوانرێ تەواوی لایەنە نەزانراو و ناڕوونەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان بزانرێت، چونکە خودی دانیشتوان داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری تەواوی کایەکانی ژیانن، بۆیە گرنگە بەردەوام ساڵ لەدوای ساڵ زانیارییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوانی نوێبکرێنەوە. چونکە دەوڵەت و دامەزراوەکانی، ڕەنگدانەوەی کارو چالاکییەکانی دانیشتوانن، دانیشتوانی هەر هەرێمێک دەبنە شادەماری هەڵسوڕێنەری تەواوی پرۆسە (ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری) مكان.

شارەزایانی بواری جوگرافیای دانیشتوان، گرنگیەکی زۆر بە کۆمەڵگا مرۆییەکان دەدەن لە ڕووی گەشەکردنیان، زۆربوونی ژمارەیان، هەروەها لەڕووی کۆچکردنو دابەشبوونو پەیوەندیی ئەو دابەشبوونە بە پەیڕەوە جیاوازەکانی جوگرافیاوە لەهەردوو بواری سروشتیو مرۆییـدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوانە کۆمەڵێک لایەنی دیکەیان هەیە تەنیا پەیوەست نین بە زانستی جوگرافیاوە، بەڵکو ئەم لایەنانە شۆڕدەبنەوە بەناو زانستەکانی دیکەی وەک بایۆلۆجیو ئابووریو یاساییو کۆمەڵایەتیو ڕامیاریدا. جگەلەوەی داتاو ئامارە دانیشتوانییەکان خزمەتێکی زۆر بەپرۆسەی پەرەپێدان و پلاندانان و بەرەوپێشبردنی هەرێمایەتی دەکەن، بەو پێیەی هەریەکە لە پلاندانەرانو دامەزراوەکان لەڕێگەی ئامارەکانەوە هەنگاوی جدی بۆ قۆناغەکانی پەرەپێدان هەڵدەگرن، کەواتە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە بەگشتی.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

لەبەر گرنگیی بابەتەکە و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە بواری دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆتوێژەر و کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی بواری کارگێڕیی قەزاکە، تاکو لەڕێگەی زانیارییە زانستییەکانیەوە، بتوانرێ واقعی ئێستای دانیشتوان شارەزابن و وەرچەرخانی داهاتووی دیمۆگرافی پێشبینی بکەن.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە بەشێوەیەکی تێروتەسەل دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە تاوتوێ دەکات، جگە لە دەرخستنی جیاوازییەکانی گەشە و ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین و دێنشین بەگوێرەی هەریەک لە سەرژمێرییەکان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)دا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە خستنەڕووی زۆربەی تایبەتمەندییە دانیشتوانییەکانی قەزای سەیدسادق لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-٢٠٢٠) دا، بۆئەوەی ئەنجامەکان لەلایەن دام و دەزگا تایبەتەکانەوە سوودیان لێوەربگیرێت لەکاتی دانانی هەر بەرنامەیەکی پەرەپێدان، کە بەمەبەستی پێشکەوتنی ناوچەکە دادەڕێژرێت.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە (ڕوودانی گۆڕانکاریی گەورە لە قەبارەی دانیشتوان و نابەرامبەری لە ڕێژەی گەشە و دابەشبوونی دانیشتواندا لەنێوان بەشەکانی قەزاکەدا)، دەکرێت کێشەی توێژینەوەکە لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بخەینەڕوو:

١- ئەو گۆڕانکارییانە کامانەن، کە بەسەر قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتوون؟
٢- بەها و ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوان لە قەزاکەدا چۆنن؟
٣- دابەشبوونەکانی (جوگرافی، قەبارەیی، ژینگەیی) دانیشتوان لە قەزاکەدا چۆنن؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەکانی توێژینەوە، بریتین لە وەڵامدانەوەیەکی پێشوەختی کێشەی توێژینەوە، یاخود ڕەنگە گریمانەکان بەشێکیان چارەسەری کێشەکانی توێژینەوەکە بن، گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە و بەردەوام لە زیادبووندا بووە.
٢- گەشەی دانیشتوان لە سەرجەم ماوەکانی گەشە وسەرژمێرییەکاندا، بەگوێرەی بارودۆخەکان جیاوازییان هەبووە.
٣- لەسەر ئاستی جوگرافیاو یەکەکارگێڕییەکان هەروەها بەتێپەڕبوونی کات هەریەک لە جۆرەکانی دابەشبوونی قەبارەیی و جوگرافیایی و ژینگەیی وەرچەرخانی دیاریان بەخۆیانەوە بینیووە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

گومان لەوەدا نییە هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێبازێک یاخود چەند ڕێبازێکی توێژینەوە هەیە، تاکو ببێتە ڕەوتێکی زانستی بۆ بڕیاردان لەسەر تەواوی هەنگاوەکانی ناو توێژینەوەکە. لە گرنگترین ڕێبازە بەکارهاتووەکانیش لەم توێژینەوەدا بریتین لە: ڕێبازی پەسنی(**المنهج الوصفی**): لەم میتۆدەدا هەوڵدراوە واقعی ناوچەی توێژینەوە، بە بەکارهێنانی

زانیارییە دروستەکان لەسەر دانیشتوان وەک ئەوەی کە هەیە بخرێتە ڕوو. هەروەها لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی شیکاری(**المنهج التحليلي**) بۆ دانیشتوان و داتا دانیشتوانییەکان، هاوکات ڕێگا و ئامرازی ئاماری و شیکردنەوەی چەندێتی (**التحليل الكمي**) بەکارهێنراوون.

## پلانی توێژینەوەکە:

لەپێناو گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستیی ورد، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر چوار بەش و کۆمەڵێ تەوەری سەرەکیدا، ئەوانیش بریتین لە:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بۆ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە تەرخانکراوە، تیایدا لەڕووی مێژووییەوە هەوڵی ئاشنابوون بە قۆناغەکانی گەشەکردنی ناوچەی توێژینەوە دەدەین لە ناو ڕێڕەوە مێژوویی و ڕووداوە گرنگەکاندا، دواتر ڕەهەندی جوگرافیایی ناوچەکە لەڕووەکانی بەرزونزمی و ئاووهەوا و خاک و بەکارهێنانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی دەخاتەڕوو، تاکوو لە بەشەکانی تری توێژینەوەکەدا لە پرسی دابەشبوونی دانیشتواندا بۆ شیکاریی دابەشبوونەکە سودی لێوەربگیرێت.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بەو گۆڕانکارییە قەبارەییانەوە، کە لەماوەی توێژینەوەکەدا (١٩٥٧-٢٠٢٠) بەسەر دانیشتوانەکەیدا هاتوون، هاوکات تەوەرەکانی تری بۆ پرسی گەشەی دانیشتوان و هەریەک لە ڕەگەزەکانی وەک: (لەدایکبوون، مردن، کۆچکردن) تەرخانکراوون.

لە بەشی سێیەمدا، دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی شوێن و ژمارە و دابەشبوونی قەبارەیی و ژینگەیی باسدەکرێت و دواتر هەریەک لەو شێوازانەی کە دابەشبوونەکە دروستیکردوون لە بەشە جیاجیاکانی ناوچەی توێژینەوەدا دەخرێنەڕوو، کە بێگومان هەریەک لەم شێوازانە ئاماژە و هۆکاری تایبەتیان هەیە و ڕاڤە و شیکردنەوەی جیاواز هەڵدەگرن.

بەشی چوارەم و کۆتایی، هەریەک لە پێکهاتەکانی دانیشتوان دەردەخات، مەبەستیەتی پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز، کە هەڕەمی دانیشتوانمان بۆ دروستدەکەن دەربخات و دواتر هەڕەمی واقعیی دانیشتوانی قەزاکە بکێشێت، هەروەها لەم بەشەدا پێکهاتەکانی تری وەک ئیتنی و ئاستی خوێندەواری و پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەخرێنەڕوو.

## سنووری توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە کات و شوێن و بابەتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، بۆئەوەی ئامانج و هەنگاوەکانی توێژینەوەکە ڕوون و بابەتیبن، پێویستە سنوری توێژینەوەکە دیاریکراو بێت، تاکو بتوانرێت ئەنجامەکە بەسەر کات و شوێنێکی دیارکراودا بگشتێنرێت.

## سنووری شوێنی:

قــەزای سەیدسادق لــەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێــوان بازنەکانی پانیــی (٣٥° ١٥' ٣٣" – ٣٥° ٣٧' ٠٥")ی باکوری گۆی زەوی‌و هێڵەکانی درێژیی (٤٥° ٣٥' ٠١" – ٤٥° ٥٧' ٥٣")ی ڕۆژهەڵات، لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی‌و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا، لە باشوری ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارەزووردا، لەبەشی ڕۆژئاوایەوە قەزای سلێمانی هەیە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە قەزای پێنجوێن و لە باکوری ڕۆژئاواوە قەزای شارباژێرە. سەبارەت بە یەکە گارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق، پێکهاتووە لە هەردوو یەکەی کارگێڕیی: (سەنتەری قەزای سەیدسادق، ناحیەی سرۆچک)، کۆی گشتی ڕووبەری قەزاکە بریتیە لە (٦٩٦،٣) کم$^{٢}$. بڕوانە نەخشەی (١).

## سنووری کاتی:

سنووری کاتیی توێژینەوەکە بریتیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٢٠)، واتە ساڵی بنەڕەت بریتیە لە (١٩٥٧) و ساڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە (٢٠٢٠).

## نەخشەی (١): شوێنی جوگرافیی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی: (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠.

# بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

## ١-١- ڕەهەندی مێژوویی

## ١-٢- ڕەهەندی جوگرافیایی

# بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

هەر جوگرافیایەکی دیاریکراو، خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەتە بەخۆی، کە دواجار ئەم تایبەتمەندییانە ژینگەی سروشتی و مرۆیی ناوچەکە دەردەخەن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر تەواوی بوارە جیاوازەکان دەبێت، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت ناوچەکە بناسێنرێت، تاکو دواجار بتوانرێت کاریگەرییەکانیان لەسەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە هەستپێبکرێت و شیکارییەکی واقعی و ڕاستەقینە بۆهەریەک لە پرسە دانیشتوانییەکان بکرێت.

## ١-١- ڕەهەندی مێژوویی

### ١-١-١- مێژووی نیشتەجێبوون لە قەزای سەیدسادق

مرۆڤ بۆئەوەی لەشوێنێک نیشتەجێ ببێت، سەرەتا بارودۆخی ژینگەیی و گونجاویی ناوچەکە بەگوێرەی جۆری چالاکی و ئامانج و مەبەستەکانی لێکدەداتەوە، کەواتە بەرلەوەی بڕیار لەسەر دیاریکردنی شوێنەکە بدات هەڵسەنگاندنی بۆدەکات. هەمیشە سروشت گرنگییەکی گەورەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبووە، لە بەرەوپێشچوون و تایبەتمەندیی هەریەک لە کۆمەڵگە مرۆییەکانیشدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە. سروشت کەرەستەی خاو و خۆراکی پێویست و کەرەستەکانی ژیانکردن و جۆری چالاکییەکان دیاریدەکات [١]. دواجار ئەوە مرۆڤە بڕیار دەدات لەکوێ نیشتەجێ ببێت.

قەزای سەیدسادق، بەوپێیەی دەکەوێتە دەشتی شارەزوورەوە، ئەم دەشتە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و تێپەڕبوونی کات و بەدواییەکداهاتنی شارستانیەتە جیاوازەکان، شوێنێکی گرنگ و پڕبایەخ بووە، هەمیشە (شارەزوور) لە نوسراوە کۆنەکان و بەڵگەنامە جیاوازەکاندا ناوی هاتووە، وەک بەشێکی سنووری فەرمانڕەوایی یان وەک یەکێک لە سنوورە کارگێڕییەکان لە هەریەک لەو شارستانیەتانەدا ئامادەیی هەبووە. ئەمەش بۆ گونجاوی و تەختی ناوچەکەو پان و بەرینی و بەپیتی خاکەکەی و بوونی سەرچاوەی ئاویی گرنگ و شوێنگەی جوگرافیاکەی دەگەڕێتەوە. ئەگەر بڕوانینە مێژوو و جوگرافیای ناوچەکە، بەتەواوی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە لە دێرزەمانەوە نیشتەجێبوونی تێدا هەبووە، تەواوی شوێنەوارە گرنگەکان و بەڵگەنامە مێژووییەکان گەواهیی ئەم ڕاستییە دەدەن، بەشێکی زۆری شوێنەوارەکان تاکو ئەمڕۆ ماونەتەوە و بەشێکی تریان لەناوچوون، شوێنەواری نشینگە کشتوکاڵییەکان، گردە تورەکەڕێژەکان، پاشماوە دێرینە بەجێماوەکان، قەڵا و هێماکانی بوونی فەرمانڕەواییەکان لەگرنگترین بەڵگە و بەجێماوی گرنگن، تاکو بتوانین لە ڕێگەیانەوە

---

١) حمید الطفیلي، الجغرافیا الاجتماعیة (المفاهیم والمنطلقات)، الطبعة الأولی، دار المنهل اللبناني للنشر والتوزیع، بیروت ٢٠٠٩، ص ١٧٣-١٧٥.

بۆ مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچەکەدا خەملاندن بکەین و بگەینە هەندێک لە ڕاستییە شاراوەکان، چونکە نیشتەجێبوون گرنگترین قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتییە و تیایدا مرۆڤ وەرچەرخانێکی گەورەی لە شێوازی ژیانکردندا تۆمارکرد، مرۆڤ لە بوونەوەرێکی (ئاژەڵ ئاسا)وە بۆ بوونەوەرێکی وشیار و بیرمەند هەنگاوی هاویشت و تەواوی بەرهەمە شارستانییەکانی مرۆڤایەتی لەدوای ئەم وەرچەرخانەوە هاتنە بەرهەم.

زۆریی ژمارە و چڕیی گردی نشینگە کشتوکاڵییە کۆنەکان لە دەشتی شارەزووردا، بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگن بۆ بوونی نیشتەجێبوون لە سەردەمە کۆنەکاندا، بەجۆرێک مێژووی بەشێکی زۆریان بۆ پێش زاین دەگەڕێنەوە، هەر لەسەردەمی ئاشوورییەکانەوە بۆ فارسەکان و دواتریش عەرەبەکان، لە بەشێکی سەرچاوە مێژوویەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە شارەزوور مەڵبەندی دەرکەوتنی ئاشوورییەکان بووە، بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن ئەوکات ناوچەکە لەبری شارەزوور (زاموا) و (ساموا)ی پێوتراوە. هەرێمی شارەزوور لەماوەی فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا بە بەپیتیی خاکەکەی و زۆریی مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوون تیایدا ناسراوە، گرنگترین شار پێی وتراوە (نیم-راه) یان (نیم – از – راه)، بەواتای نیوەی ڕێگا، ئاماژە بووە بۆئەوەی کەوتۆتە سەر ڕێگەی نێوان کۆمەڵێک شاری گرنگەوە، گرنگترین ڕێگەش لەنێوان سەنتەری پەرستگەی ئاگر لە (شیز) ی ناوچەی ئازەربایجانی ئێران و ناوچەکانی باشووریدا بووە، بەڵام هەندێک لە توێژەرەکان پێگەی شاری (نیم - ڕاە) بەهەمان ئەو شارە ناودەبەن کە پێی وتراوە (گل – عنبر) و هەمان شاری خورماڵی ئێستا دەنوێنێ [1].ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی ئاوەدانییەکی زۆر لە دەشتی شارەزوور و بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئێستای قەزای سەیدسادقدا.

لە سنووری قەزای سەیدسادقدا (٤٧) گردی شوێنەواریی هەن، زۆرینەی شوێنەوار و بەجێماوەکانیان ئاماژە و هێما بە بوونی نیشتەجێبوون دەکەن تیایاندا، بەگوێرەی ئەو کنە و پشکنینانەی بۆ گردەکان کراون، هەریەک لە چینەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەم و شارستانیەک، بەشێکیان تازەن و بۆ سەردەمی ئیسلام دەگەڕێنەوە، بەشێکی تریان بۆ سەردەمی ساسانی و ئاشووری و بابلییەکان، واتە (٤٥٠٠-٣٥٠٠ پ.ز) دەگەڕێنەوە [2]. دەکرێت بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکان شوێنەوارەکانی سنووری ناوچەی توێژینەوە پۆلێنبکەین.

---

١) طه باقر و فؤاد سفر، الرحلة السادسة (بغداد – حلبجة)، أصدرتها مديرية الفنون والثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والإرشاد، بغداد ١٩٦٦، ص ١٢-١٣.

٢) نەوشیروان عەزیز محەمەد، شوێنەوارەکانی شارەزوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٧، لا ٣٨.

### ١-١-٢- شوێنەوارەکانی سنووری سەنتەری قەزای سەیدسادق:

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، سنووری سەنتەری قەزای سەیدسادق کۆمەڵێک گرد و شوێنەواری دێرینی تێدایە، هەر بەشێکیان بۆ مێژوویەکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە، گەر لە کۆنەوە تا سەردەمی ئیسلام شوێنەوارە مێژووییەکان پۆلێنبکەین، زۆر بەڕوونی دەتوانین قۆناغەکانی مێژووی نیشتەجێبوون دیاریبکەین.

بەگوێرەی ڕیزبەندیی هەریەک لەماوەکان، لەسەردەمی بابلییەکان لە هەریەک لە شوێنەوارەکانی (گردی بەگم، قەڵای مووان)، دواتر لە سەردەمی ئاشوورییەکان لە هەریەک لە شوێنەوارەکانی (گردی شاملو، قەڵای موان، گردی قەلەبۆی، پیراولە، گردی مەحمودە کچە، ناوگردان، گردی پاشا، حاجی عەبدوڵا، دۆڵاش)، هەروەها لە سەردەمی هاتنی ئیسلامیشدا کۆمەڵێک لە شوێنەوارەکانی وەک (گردە ڕەشە، گامێش تەپە، ئوچ تەپان، شاتوان، تەپی کەرەم، تەپەڕەش، شێخ عەلی، گرد و گۆڕستانی شانەدەریی سەروو، گردی هەیاس، سۆیلەمیش، قوتکا، کەوچکتاش) بنیاتنراوون، دواتر ئاوەدانکراونەتەوە و نیشتەجێبوونیان تێدا هەبووە. هەروەها مێژووی گۆڕستانەکەی (کەلی کۆنێ)، کە دەکەوێتە گوندی (وەڵەسمت) لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری قەزای سەیدسادقەوە، بەگوێرەی شێوازی ناشتن و دیزاینی گۆڕەکان بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بە هەرلایەکی ئەم گوندەدا گوزەربکەیت شوێنەواری نیشتەجێبوونی دێرین دەبینی، گەورەترین گۆڕستانی کۆن لە بەرزایەکانی گوندەکەدا هەڵکەوتووە و پێییدەوترێ: (کەلی کۆنێ)، جگە لەوەی شوێنەواری چەندین قولە و قەڵای کۆن و زیندان، لە گوندەکە و دەوروبەریدا تا ئێستاش پاشماوەیان ماوە و بەدیدەکرێن، هەروەها بوونی (١٤) شوێنەواری ئاشی ئاوی جارێکی تر ڕاستیی بوونی نیشتەجێبوون لەسەردەمە دێرینەکاندا پشتڕاستدەکەنەوە، هەموو ئەمانە ئەوەمان پیدەڵێن گوندەکە و ناوچەکانی دەوروبەری دیرۆکێکی لە مێژینەیان هەیە و بەڵگەن بۆ بوونی ئاوەدانی و مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوون لە ڕابردوویەکی دووری بەر لەهاتنی ئیسلامدا. لە سەردەمی کرانەوە (فتوحات) ی ئیسلامیشدا کاتێک سوپای ئیسلام هاتوونەتە شارەزوور، بۆ پشودان لە (گوندی سەراو) ی ئێستا، کە ناوچەیەکی شینایی و ئاودار بووە لایانداوە، یەکێک لە سەرکردەکانیان لەوێ مردوووە و هەر لەوێش ناشتویانە، ئێستا دانیشتوانی گوندەکە بە مەزارەکەی دەڵێن: (ئەسحابە درێژ). بەگوێرەی بەشێکی تری بەڵگەنامەکان هەر لە گوندی سەراودا لەسەدەی نۆزدەیەمدا تیرەیەک بەناوی (مەزنگی) بوونیان هەبووە، تاکو ئێستاش شوێنەواری هەندێک خانوو و گۆڕستانی مردووەکانیان ماونەتەوە، جگە لە بوونی گردێک لەناوەڕاستی دێیەکەدا بەناوی (گردی قەلەبۆ)، کە پەیکەرێکی برۆنزی تێدا دۆزراوەتەوە لەگەڵ چەندین گۆزە و دراو و سکەی سەردەمی ساسانییەکان، کەواتە

مێژووی ناوچەکە مێژوویەکی کۆنە و بەردەوام لەسەردەم و شارستانیەتە یەک لەدوای یەکەکاندا نیشتەجێبوون و ئاوەدانیی تێدا هەبووە[١].

### ١-١-٣- شوێنەوارەکانی ناحیەی سرۆچک (ناحیەی بەرزنجە):

سنووری ناحیەی سرۆچک، جیۆمۆرفۆلۆجییەکی ئاڵۆزی هەیە و جیاوازە لە سنووری سەنتەری قەزای سەیدسادق، کە ناوچەیەکی تەختایی و دەشتاییە، کەواتە بەگشتی ناوچەیەکی شاخاوییە و کەمترین تەختایی و دەشتایی تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش وایکردووە شوێنەوارەکانی سنووری ئەم ناحییەیە جیاوازبن لە شوێنەوارەکانی ناوچە تەختاییەکان، وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەمانپێدا زۆرترین شوێنەوارەکانی سنووری دەشتاییەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق گردی دەستکرد و تورەکەڕێژ بوون، چونکە ناوچەکە تەختاییی بووە، لەکۆندا بۆ دامەزراندنی نشینگە و قەڵاکان بەمەبەستی خۆپاراستن لە مەترسیی لافاو، هەروەها وەک هێمایەک بۆ بڵندی و نیشانەی هێز و چاودێریکردنی ناوچەکانی دەوروبەریان، بەرزاییەکانیان هەڵدەبژارد بۆ نیشتەجێبوون و دامەزراندنی قەڵاکانی فەرمانڕەواییکردن، ئەمەش وایکردووە لە ناوچە دەشتاییەکاندا چەندین گردی تورەکەڕێژ بنیاتبنێن، بەڵام لەسنووری ناحیەی سرۆچک، لەبەرئەوەی خۆی ناوچەیەکی شاخاوییە و چەندین لوتکەی چیا و گرد و بانی تەختایی و گونجاوی تێدا هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ نشینگە و قەڵاکان لەسەر  لوتکەی چیاو گردە سروشتییەکاندا دامەزرێنراوون، واتە پاشماوە و شوێنەواری گردی تێدا بەدیناکرێت، بەڵکو ئەگەر مابنەوە زیاتر کۆشک و قەڵا و دیواری نشینگەکان و شوێنەواری گۆڕستانەکان بەدیدەکرێن.

گرنگترین شوێنەوار و بەڵگەی بوونی نیشتەجێبوونی کۆن لە سنووری ئەم ناحییەیەدا، بریتییە لە (قەڵای سرۆچک)، بەڕوونی مێژووی دروستکردنی قەڵاکە نازانرێت، بەڵام لەلایەن سەرکردە و گەورەکانی هۆزە کوردەکانەوە بنیاتنراوە، کۆتا فەرمانڕەوای قەڵاکە، ئەوکاتەی (سەید قەلەندەر) لە دەوروبەری ساڵی (١٥٠٠ ز)دا دەستییەسەردا گرتووە ناوی (سەلیمی شاخدار) یان (سەلیم دوو شاخ) بووە، ئەم نازناوە هەمان ئەفسانە و داستانی (ئەسکەندەری دووشاخ) مان بیردەهێنێتەوە. هەروەها لەبەشی باشووری چیای کوڕەکاژاودا دێی بەرزنجە (ناوەندی ناحیەی سروچکی ئێستا) هەیە، دێیەکە لەلایەن شێخەکانی بەرزنجییەوە ئاوەدانکراوەتەوە، دیارترینیان بریتیبووە لە (شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی بەرزنجی)، دێیەکە مزگەوتێکی گەورەی تێدایە

---

١) بڕوانە هەریەک لەم سەرچاوانە:
- نەوشیروان عەزیز محەمەد، شوێنەوارەکانی شارەزوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، ٢٠١٧، لا ٩١-١٣٠.
- حسام الدين علي غالب النقشبندي، الأكراد في لرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط (دراسة سياسية وحضارية)، طبعة الأولى، مطبعة بنكەى ژين، السليمانية ٢٠١١، ص ٧٧-١٠٢.

لەناو مزگەوتەکەش بەردێکی ڕەشی تێدایە لەو ڕاڕەوەی نوێژی تێدا دەکرێت هەڵواسراوە، قەبارەی بەردەکە (١٢X١٥) پێیە، لەلایەن نوێژخوێنانەوە هێندە دەستیلێدراوە ساف بووە، خەڵکی ئەفسانەی بەردەکە دەگێڕنەوە بۆ دوو برا، کە هەردوکیان شێخ بوون لە مەکەی پیرۆز بەناوەکانی (عیسا و موسا)، لە خەویاندا بەردەکەیان هەڵداوە و بڕیاریانداوە لە هەرکوێ داکەوێ لەو شوێنە مزگەوتێک دروستبکەن، سەرەنجام بەردەکە لە شوێنگەی دێی بەرزنجە داکەوتووە و مزگەوتەکەیان تێدا دروستکردووە، لەمێژووی سلێمانیدا کە سەرچاوەکەی بریتیە لە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، باسکراوە دوای ئەوەی لەساڵی (٦٥٦ ک) شێخ عیسا بەیاوەریی شێخ موسای برای بەناوچەی هەمەداندا هاتوون تا گەیشتوونەتە بەرزنجە و تێدا نیشتەجێبوون، شێخ موسا بە وەجاخ کوێری و بێ نەوە کۆچی دواییکردووە، سەرجەم نەوەی شێخەکانی ئێستا دەچنەوە سەر شێخ عیسا، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوایی (سوڵتان سەلیم) دا بەگوێرەی فەرمانێک لەساڵی (١٧٩٢ز)دا نیوەی داهاتی بەرزنجە بۆ خزمەتکردن و کاروباری مزگەوتەکە تەرخانکراوە [(١)].

بوونی هەموو ئەم شوێنەوار و پاشماوە گرنگانە، بەڵگەی بوونی نشینگەی کشتوکاڵی و قەڵای فەرمانڕەوای و ئاوەدانی دێرین پشتڕاستدەکەنەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن سنووری قەزای سەیدسادق بەدرێژایی مێژوو و سەردەمە جیاوازەکان نیشتەجێبوونی تێدا هەبووە و تاکو ئەمڕۆش بەیەکێک لە ناوچە گرنگەکانی نیشتەجێبوون هەژماردەکرێت.

## ١-١-٤- مێژووی شاری سەیدسادق:

شاری سەیدسادق، لەسەرەتادا گوندێکی بچوک بووە بەناوی (نەویجانە سور)، لەهەمان کاتدا بەهۆی بوونی مەزاری کەسایەتییەک بەناوی (سەیدسادق) لەسەر لوتکەی یەکێک لە بەرزاییەکانی پێشی وتراوە (گوندی سەیدسادق). ئەم گوندە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و بە نزیکەیی لەساڵی (١٨٢٠ز) لەلایەن کەسایەتییەک بەناوی (نەویجانە سور) ەوە ئاوەدانکراوەتەوە، دانیشتوانی گوندەکە لە بنەڕەتدا سەر بە تیرەی (چنگنین) و لەهۆزی گەورەی جافن، خەڵکی ناوچەی هوانە و دەمرکانن لە باکووری ناحیەی عەربەت. ئەم بنەماڵەیە بەهۆی گەرمیان و کوێستانەوە بەناو سەیدسادقی ئێستادا تێپەڕبوون، لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەکوێستانەکانی ناوچەی پێنجوێنەوە لەوەرزی پایزدا لە قەدپاڵی چیای سەیدسادق لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ئێستای شارەکە بە هەمیشەیی نیشتەجێدەبن و بۆ ناوچەی خۆیان ناگەڕێنەوە، هێدی هێدی گوندەکە فراواندەبێت و ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ نزیکەی (١٠-١٢) ماڵ زیاد دەکات. شوێنگەی دروستبوونی گوندەکە لەسەر جۆگەیەکی ئاوی بەناوی (خودادا) هەڵکەوتبوو، کە بۆ مەبەستی بەکارهێنانەکانی ژیانی ڕۆژانەیان سودیان لێوەرگرتووە، کەواتە ئەم جۆگە ئاوییە و سەرچاوەی (ئاوی حەسار) لەبەشی ڕۆژئاوای گوندەکەوە، دوو

---

١) طه باقر و فؤاد سفر، مصدر سابق, ص ٩-١٠.

سەرچاوەی ئاویی گرنگ بوون بۆ نیشتەجێبوونی دانیشتوانەکەی و دواتریش دروستبوونی گوندەکە لەو شوێنگەیەدا [١].

ناوچەی شارەزوور و شوێنگەی شاری سەیدسادق، پێش ئاوەدانکردنەوەی بەشێوەیەکی جێگیر، بەردەوام ئاوەدانیی تێدا بووە، بەو واتایەی پردی پەڕینەوەی کاروانچیان و ناوەندی پەڕینەوەی گەرمیان و کوێستان بووە، بەڵام دەشتی شارەزوور بەشێکی زۆری بەهۆی بوونی گژوگیا و قامیش و بێشەڵان و زۆنگاوەکانیەوە، نەتوانراوە بەئاسانی هاتوچۆی پێدابکرێت، تەنیا ئەو بەشەی ئێستا شارەکەی لەسەر دروستکراوە بووەتە ڕێگەی کاروانی تیرەکانی هۆزی جاف لەکاتی گەرمیان و کوێستاندا. هاوینان لە گەرمیانەوە بەرەو کوێستانەکان دەڕۆیشتن بۆ دابینکردنی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان، لە وەرزی پاییزیشدا بە پێچەوانەوە لە کوێستانەکانەوە لەبەر دابەزینی پلەکانی گەرما و نەمانی لەوەڕگەکان بەم ناوچەیەدا بەرەو گەرمیان دەگەڕانەوە. زۆرجارانیش لەنزیک سەرچاوە ئاوییەکانی سەیدسادق بۆ پشودان ماونەتەوە و هەندێکیشیان نیشتەجێبوون، (فەرەج محەمەد ڕەسوڵ) کەسایەتیی دیاری هۆزی جاف و سەرۆکی تیرەی (وردە شاتری) یەکێک بووە لەوانەی لەگەڵ چەندماڵێکدا لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لەنزیک گوندی سەیدسادق لەکاتی گەرمیان و کوێستاندا نیشتەجێبوون و نەگەڕاونەتەوە بۆناوچەکانی خۆیان لە گەرمیان [٢].

وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، بەهۆی زۆری و چڕیی گژوگیا و زەبەن و بێشەڵانەوە، زۆرینەی شوێنەکانی دەشتی شارەزوور و سنووری قەزای سەیدسادقی ئێستا بۆ نیشتەجێبوون گونجاو نەبوون، هەربۆیە لە ماوەی سالانی (١٨٠٠ز)دا لەسەر ڕێگەی (سەیدسادق-هەڵەبجە) بە قەدپاڵی چیای سەیدسادقەوە، کە دەکاتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێستای شارەکە گوندی سەیدسادق دروستکراوە، تاکو لە مەترسییەکانی سوتان و لافاو و کارەساتە سروشتی و مرۆییەکانی تر پارێزراوبێت و بتوانن ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیی ئاژەڵداریی خۆیانی تێدا پەیڕەوبکەن [٣].

لەساڵی (١٩٣٤-١٩٣٥) کە سەرژمێری کراوە، بەگوێرەی ئەو سەرژمێریە ژمارەی ماڵەکانی گوندەکە بریتیبوە لە (١٢) ماڵ و سەر بەناحیەی خورماڵ بووە. لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە ئەوکات ئینگلیزەکان لە ناوچەکەدا بوون، چەند پردێکی پەڕینەوەیان لەناوچەی شارەزووردا دروستکردووە بۆ ئاسانی جوڵەو هاتوچۆی خۆیان، یەکێک لەو پردانە پردی

---

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (سابیر حەوتبرای نەویجان)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٧).

٢) بەشیر صادق توفیق، شارەزوور و سەیدسادق لە دوێنێوە بۆ ئەمرۆ، دەستنوسی کتێب (بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) نوسراوە، لا ١٩.

٣) چاوپێکەوتنێکی کۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز: (علی سۆفی محمد جاف)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور، ڕێکەوتی (٢٠٠٤/١٢/١١).

سەیدسادقە، پردەکە لەسەر چەمی چەقان و لەساڵی (١٩١٨ز)دا تەواوبووە. کە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێستای شارەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە، پردەکە جوڵەی هاتوچۆکردن لەناوچەکەدا ئاسانتر دەکات بایەخێکی گرنگیشی بە شوێنگەی شارەکە بەخشیوە. بەزۆری بۆ پەڕینەوەی ئۆتۆمبێل و کاروانچیان و هاوڵاتیانی ناوچەکە بەکاردەهات، هەرچەندە پردێکی تۆکمە بوو، بەڵام لەیەک کاتدا تەنیا یەک ئۆتۆمبیل دەیتوانی بەسەریدا بپەڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ پردێکی تەسک بووە و هاتوچۆکردن بەسەریدا سنوردار بووە، بۆیە لەساڵی (١٩٧٩ز) لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەشێوەیەکی پانتر و گونجاوتر نۆژەنکراوەتەوە[١]. گوندی سەیدسادق (نەویجان)، لە کاتی دروستبوونیەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم هەر بەو ناوەوە ناسراوە، بەڵام دواتر بەهۆی ژیانئاوایی نەویجانەوە، حەوتبرا کە دەکاتە کوڕی نەویجان، لەساڵی (١٨٧٧ز) لەدایکبووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەبێتە موختاری گوندەکە، هەر بۆیە دواتر ناوی گوندەکەش گۆڕاوە بۆ (گوندی حەوتبرا) لە هەمان کاتدا سەیدسادقیشی پێوتراوە[٢].

سەرەتای دروستبوونی سەیدسادقی نوێ لەم شوێنگەیەی ئێستایدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٢ز)، لەم ساڵەدا ژنێکی سنەیی، کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بەناوی (ئامینە کوردستانی) چایخانەیەکی لەنزیک پردی چەقان، واتە ناوەڕاستی بازاڕی ئێستای شارەکە داناوە، بۆ ئەو کاروانچییانەی لەو ڕێگەیەوە هاتووچۆیانکردووە، بینای چایخانەکە لەبەرد و سەربانەکەشی بەقامیش و زەل دروستکرابوو[٣]. لەو ماوەیەدا دانیشتوانی گوندی حەوتبرا (سەیدسادقی کۆن) بۆ گەرمیان و کوێستان بەمەبەستی ئاژەڵداری ڕوو لە کوێستانەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری سنە دەکەن، یەکێک لە گەنجەکانی گوندەکە بەناوی (حەمەی وەلی مریەم) لەهۆزی جاف دڵی دەچێتە سەر (ئامینە خان)، کە خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی نزیک شاری سنە بووە، سەرەنجام لەوێ مارەیدەکات و لەپایزی ساڵی (١٩٣٠ز)دا لەوکاتەی لە کوێستان دەگەڕێنەوە ئامینە خانیش لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە و لە گوندی حەوتبرا نیشتەجێدەبن، ئامینە لەم گوندەدا نازناوی (کوردستانی) هەڵدەگرێت، چونکە لەڕۆژهەڵات و وڵاتی ئێراندا بە پارێزگای سنە دەوترێ (پارێزگای کوردستان)، لەدوای دوو ساڵ واتە لەساڵی (١٩٣٢ز)ماڵیان دەگوازنەوە بۆ (گوندی ناوگردان)، ڕۆژانە لەوێوە دێنە سەیدسادق بۆئیشوکاری چایخانەکەیان و ئێواران دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیان، چایخانەکە تا ناوەڕاستی (١٩٣٣ز) بەردەوام دەبێت، سەرەنجام لەبەر کەمئاوی و بێ بازاڕی بڕیاری داخستنی چایخانەکە

---

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (د. جەزا تۆفیق تالیب)، پرۆفیسۆر لە بواری جوگرافیای ڕامیاری و جیۆپۆلەتیک، کە بەڕێزیان کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەیە و شارەزاییەکی زانستیی لەسەر ناوچەکە هەیە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/٢٥).

٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (سابیری حەوتبرای نەویجان)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٧).

٣) حسێن بێسەلمێنی، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە ١، گۆڤارێکی مانگانەیە ناوەندی ڕۆشنبیریی هەڵەبجە دەریدەکات، ئازاری ١٩٩٩، لا ١٦.

دەدەن[١]. دواتر و لەساڵی (١٩٣٤)دا (ئەحمەدی سۆفی محمدی جاف) لە عەشیرەتی شاتری کە ئەویش دانیشتووی گوندی ناوگردان بووە، هەر لەتەنیشت پردی چەقانەوە چایخانەیەک بۆ کاروانچییان دادەنێت و بیرێک لە تەنیشتییەوە بۆ پێداویستیی ڕۆژانەی چایخانەکە لێدەدات، دانانی ئەم چایخانەیە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئاوەدانکردنەوەی سەیدسادق بووە، دواتر لەگەڵ ماڵی (علی سۆفی محەمەدی جاف)ی برای خانوو دروستدەکەن و لەتەنیشت پردەکە نیشتەجێدەبن [٢].

شوێنگەی ئەم چایخانەیە (سەرپردەکە)، لەپێش ئەوەی ببێت بەگوند و ئاوەدانبکرێتەوە، پێی وتراوە: (چاخانەکە) یان (پردەکە)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تا پێش ساڵی (١٩٣٦) ئاوەدان نەبووە و کەسی تێدا نیشتەجێ نەبووە، جگە لەو چایخانەیە کە کاروانچیان تێیدا حەواونەتەوە و بووەتە شوێن کاروانێکی کاتی بۆیان. کەواتە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی سەیدسادقی نوێ بۆ ساڵی (١٩٣٦) دەگەڕێتەوە، کاتێک (حەوتبرای نەویجان) موختاری گوندی (حەوتبرا-سەیدسادق) لەبەرئەوەی دوو ژنی هەبووە، بڕیاردەدات لەنزیک چایخانە و پردەکە خانوویەک بۆژنی دووەمی بنیاتبنێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی سەیدسادق. هۆکاری هەڵبژاردنی شوێنگەکە، جگە لە بوونی چەمی چەقان و چایخانەکە، بۆ نزیکی لەچیای ئاشبڵاخ کە مەڵبەندێکی گرنگی لەوەڕگا بووە دەگەڕێتەوە، بۆیە دوای ئەو تەنیا ماڵە وردە وردە ژمارەی ماڵەکانی زۆرتر بووە و ئاوەدانکراوەتەوە [٣]. ژمارەی ماڵەکان لە ساڵی (١٩٤٠) دا بۆ (٥) ماڵ زیادیکردووە، بەڵام هێشتا وەکو گوندێک نەناسێنراوە، بەڵکو هەر بەناوی پردەکەوە ناسراوە، تا ساڵی (١٩٤٥) بووە بە گوندێک سەر بە (ناحیەی خورماڵ) و ناونراوە (گوندی سەیدسادق). ئەم هەنگاوە ئاوەدانیی زیاتر بە گوندەکە دەدات و لەساڵی (١٩٤٩)دا ژمارەی ماڵەکانی زیاتر لە (٢٤) ماڵ تێدەپەڕێنێت [٤]. دروستبوونی ئەم گوندە هۆکار بووە بۆ چۆڵبوونی گوندی سەیدسادقی کۆن، بۆیە تاکۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو چەند ماڵێکی کەمی تێدا دەمێنێتەوە، دواتر ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە و سەرجەم ماڵەکانیان بۆ گوندە نوییەکەی سەیدسادق کۆچدەکەن، لەشوێنی گوندی (سەیدسادقی کۆن) دا گوندی (ئاوایی حاجی قادر) دروستدەبێت، کە سەرجەمیان لە عەشیرەتی شاترین. هۆکاری کۆچکردنیان بۆ گرنگیی شوێنگەی پردەکە و بوونی چەمی چەقان و کانییەک بەناوی (کانی پاشا) دەگەڕێتەوە. کە سودیان لە ئاوی کانییەکە وەرگرتووە بۆ خواردنەوە، جگە لەوەی شوێنگەی نوێی گوندی سەیدسادق کەوتبووە سەر ڕێگەی هاتوچۆی (سلێمانی - هەڵەبجە و

---

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (سابیر حەوتبرای نەویجان)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٧).

٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، ساڵنامەی ١٩٩٩ ی سلێمانی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٩، لا ١٩٢.

٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (سابیری حەوتبرای نەویجان)، هەمان سەرچاوە.

٤) ساڵنامەی ١٩٩٩ ی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٢.

هەورامان و پێنجوێن)، واتە شوێنگەیەکی ستراتیژی هەبووە لە ناوچەکەدا. سەیدسادق لەدوای ئەوەی بۆتە گوند، لەساڵی (١٩٤٥) ەوە (حەتبرای نەویجان) بووەتە موختاری تا ساڵی (١٩٤٧)، لەدوای ساڵی (١٩٤٧)ەوە (عەلی شەریف کێلەکەوەیی) یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی عەشیرەتی شێخ سمایلی و شارەزوور، بووە بە موختاری سەیدسادق تاساڵی (١٩٦٣)، (عەلی شەریف) لە (١٩٦٣\٦\٨) لە ماڵەکەی خۆیدا لە سەیدسادق، بەهۆی پشتگیریی لە شۆڕشی کورد لەلایەن (زعیم صدیق مستەفا) فەرماندەی لیوای (٢٠) ی سوپای عێراقەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهید دەکرێت. دوای ئەو (حەمە سەعید حمە علی عبدالقادر- حەمە سەعیدی موختار) کەسایەتیی دیاری عەشیرەتی شاتریی و شارەزوور دەبێتە موختاری سەیدسادق [١]. ساڵانی دواتر بەهۆی گرنگی شوێنگەکەی و نزیکیی لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی موڵکی هەریەک لە: (محمود بەگی حسین بەگی جاف) و (حەسەن بەگ و شەوکەت بەگی جاف)، کە ساڵانە وەبەرهێنانی کشتوکاڵیان تێدا ئەنجامدراوە، ساڵ لەدوای ساڵ نیشتەجێبوون تیایدا لە زیادبووندا بووە، هەربۆیە لە ساڵی (١٩٥٣) دەستیان بە دروستکردنی مزگەوتێک بۆ گوندەکە کرد، بە کەرەستەکانی (دار و بەرد و قوڕ)، تا لەساڵی (١٩٥٥)دا تەواوکرا، (مەلا صالح ئەبوبەکر) ناسراو بە: (مەلا صالحی زارا) بووە بە یەکەم پێشنوێژ و وتارخوێنی ئەو مزگەوتە، دواتر و لەساڵی (١٩٥٣)دا بنکەی تەندروستی و لەساڵی (١٩٥٤)یشدا بنکەی پۆلیس و گومرکی تیدا کراوەتەوە [٢].

دانیشتوانی گوندەکانی چواردەوری سەیدسادق، کە لەپێش دوستبوونی سەیدسادقەوە ئاوەدان بوون، لەگەڵ بنیاتنانی گوندی سەیدسادقدا، بەتایبەت دوای ئەوەی کە بووە ناحیە، بەشێکی زۆریان کۆچی بۆدەکەن و تێیدا نیشتەجێدەبن، شوێنی شاری سەیدسادق لەلایەک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی گوندەکان لەباربووە و لەلایەکی ترەوە بەشێک لەوانەی ڕوویان لەشارەکە کردووە کاری دەستی و دوکانداری و پیشەوەرییان تێدا ئەنجامداوە و هێواش هێواش سیمای گوندی تیدا کەمبۆتەوە و شێوەی ژیانی شارستانیی تێدا دەرکەوتووە [٣].

جەمال بابان، لەساڵی (١٩٧٦ز) دا دەربارەی سەیدسادق نوسیویەتی: سەیدسادق تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم گوندێکی سەر بەناحیەی خورماڵ بووە، پاشان بەرە بەرە گەورە و فراونبووە بە چەشنێک ئێستا بازێڕێکی ناوداری کوردستانە لەسەر ڕێگەی (سلێمانی – هەڵەبجە) [٤]. لەو ماوەیەدا سیمای گوندێکی هەبووە و گەڕەک و بەشەکانی وەک شار دابەشنەکراوە، تاکو لە

---

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (عومەری عەلیی شەریف)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و شارەزوور، بەرواری (٢٠٢١\٢\٢٠).

٢) ساڵنامەی ١٩٩٩ ی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٢.

٣) بەشیر صادق توفیق، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩.

٤) جمال بابان، أصول أسماء المدن العراقية، طبعة الأولى، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٦، ص ٢٢٠.

ڕێکەوتی (١٩٥٥/١٠/٢٢) دوای (١٩) ساڵ لە دروستبوونی بە بڕیاری ژمارە (٩٠٠) ی وەزارەتی دادی عێراقی، بڕیاردرا لە گوندەوە بکرێت بە ناحیە و (صلاح الدین صالح زەکی) بووە یەکەم بەڕێوەبەری ئەم ناحیەیە و ناحیەکەش ناونرا (ناحیەی شارەزوور) [1]. هەندێک لەسەرچاوەکان هۆکاری بەناحیەکردنی گوندەکە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی شارەزوور لە یاخیبووەکانی وەک: (خولەپیزە و هاوڕێکانی و سەید عەتا)، کە دژایەتی حکومەتیان دەکرد و لە چیاکانی ئەم ناوچەیەدا خۆیان حەشاردابوو، لەسەر پێشنیاری موتەسەڕیفی سلێمانی بڕیاری بە ناحیەبوونی بۆ دەرکراوە و بەوهۆیەی کەوتۆتە ناوەڕاستی ناوچەی شارەزوورەوە بۆیە ناوی لێنراوە (ناحیەی شارەزوور) و سەر بەقەزای هەڵەبجە بووە، سەرەتا بارەگای ناحیەکە لە خانوویەکی دروستکراو لە بەرد و قوڕدا بووە، موڵکی حکومەت نەبووە بەڵکو موڵکی هاوڵاتی (مەلا قادر) بووە و مانگانە کرێی پێدراوە، ئەم کەسایەتیە لە بنەڕەتدا سەر بەهۆزی (اسماعیل عوزێری) بووە و لەشارەکەدا نیشتەجێبووە، کەسایەتییەکی ئاینی بووە و لەپاڵ کاری ئاینیشدا بازرگانیی کردووە، جگە لە بارەگای ناحیەکە، بنکەی پۆلیسیش لەخانوویەکی کرێی هەمان کەسایەتیدا بووە، بەم شێوەیە بەردەوام بووە تا لە ساڵی (١٩٥٧) حکومەت باڵەخانەی تایبەتی بۆ یەکە کارگێڕییەکانی ناحیەکە دروستکردووە. لەبەر بچوکی ناحیەکە، خەڵکی شارەکە بەئاسانی دەنگیان دەگەشتە (عومەر عەلی)، ئەویش زۆربەی داواکارییەکانیانی جێبەجێدەکرد، بەم شێوەیە هێواش هێواش سنووری ناحیەکە فراوانی زیاتری بەخۆیەوە بینی، لەدوای شۆڕشی (١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨) سنووری ناحیەکە زیاتر لە (٦٥) گوندی لەخۆدەگرت، لەدوای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخانەوە بەشێک لە گوندەکان کەوتنە ژێر ئاو، بۆیە ناچار دانیشتوانەکەیان لە ناوەندی ناحیەی سەیدسادق نیشتەجێبوون[2].

شیاوی ئاماژەپێدانە، بەرلەوەی ناحیەی شارەزوور پێکبهێنرێت فەرمانگەی شارەوانی بۆ دانراوە، یەکەم سەرۆکی شارەوانی ناوی (فەرەج دەروێش – فەرەج ئەفەندی) بووە و بە ناونیشانی: (مراقب البلدیە - چاودێری شارەوانی) سەرپەرشتیی کاروبارەکانی کردووە، بەم شێوەیە کاروبارەکانی شارەوانی بەڕێکراوە تاکو لەساڵی (١٩٧٧) دا (سەرتیپ محەمەد ئەمین جاف) بەفەرمی وەکو سەرۆکی شارەوانی دەستبەکار بووە. لەساڵی (١٩٥٦)دا فەرمانگەی باری شارستانی و لەساڵی خوێندنی (١٩٥٥-١٩٥٦)دا یەکەم قوتابخانەی تیکەڵی تێدا کراوەتەوە، دواتر لەساڵی (١٩٦٢) لەڕێگەی مۆلیدەوە کارەبا بۆ شارەکە دابینکراوە تاکو لەسەرەتای حەفتاکاندا کارەبای نیشتیمانیی بۆ هێنراوە، هەروەها لەساڵی (١٩٦٣) هێڵی تەلەفۆن گەیەنراوەتە شارەکە، جگە لەوەی لەساڵی (١٩٦٧)دا یەکەم

---

١) الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية للحكومة العراقية (تصدرها مديرية التوجيه والإذاعة العامة في العراق)، العدد ٣٧١٥، ١٩٥٥/١٠/٢٢، ص ١. (بڕوانە پاشکۆی ١).

٢) ساڵنامەی ١٩٩٩ ی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩١-١٩٢.

قوتابخانەی کچانی تێدا دامەزراوە[١]، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەشتی شارەزوور کەوتبوونە سنووری ناحیەی شارەزوورەوە بۆیە لەسەرئاستی عێراق خاوەن پێگە و گرنگییەکی کشتوکاڵیی یەکجار زۆر بووە. سەرەڕای گرنگیی ناحیەکە بۆ حکومەتی عێراقی لەڕووی کشتوکاڵی و ئابوورییەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانکراوە بەهۆی پشتگیریی دانیشتوانی ناحیەکە بۆ شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) حکومەت کەوتە دژایەتی خەڵکی شارەزوور، هەر بۆیە بەپێی نوسراوەکانی (١١٥٨ لە ١٩٦٤/٤/١) و (٥٠٨١٥ لە ١٩٦٤/١٠/٦)، کە لە موتەسەڕیفیەتی لیوای سلێمانیەوە دەرچوون، (١٤٩) گوندی شارەزوور بەتۆمەتی پشتگیریی شۆڕش دژی حکومەت سوتێنران، (١٦) گوندیان سەر بەناحیەی شارەزوور بوون [٢].

بەردەوامیی ستەمەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و شاری سەیدسادق بەتایبەتی، وایکرد لە ساڵی (١٩٨٧) لە سەیدسادق ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەرپابکرێت، لەم ڕووداوەدا چەندین کەس لە دانیشتوانی شارەکە شەهید و بریندار بوون و زیاتر لە (١٠٠) ماڵیش ڕوخێنران، جگە لەوەش تەواوی گوندەکانی سنووری ناحیەکە ڕوخێنران و دانیشتوانیان بەزۆرەملێ ڕاپێچی شاری سەیدسادق و ئۆردوگای (شانەدەری) کران. ناجێگیریی دۆخی ڕامیاریی کوردستان بەگشتی و ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە بەتایبەتی، بەهۆی نزیکییان لە سنووری وڵاتی ئێرانەوە، کە ئەوکات جەنگ لەنێوان (عێراق-ئێران)دا هەبوو، کاریگەریی مەترسیداری لەسەر دانیشتوانی ئەم ناوچانە هەبوو[٣]. دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦) دا، ناوەندی ناحیەی شارەزوور کە دەیکردە شاری سەیدسادق خاپوورکرا و هیچ نیشانەیەکی ئاوەدانیی تێدا نەهێڵرا، هاوکات ناوچەکەش کرا بە ناوچەیەکی قەدەغەکراوی جوڵەو هاتوچۆ، دانیشتوانەکەش بۆ ئۆردوگاکانی (نصر والاخوة - سەرکەوتن و برایەتی) ڕاگوێزران. جگە لە سەربازگەکانی ڕژێمی بەعس هیچ سیمایەکی ئاوەدانی تێدا بەدینەدەکرا، شارەکە بەجۆرێک خاپوور کرابوو، تەنانەت بەشێک لە دار و بەردو و پەردووی دوای ڕووخاندنەکەی بۆ گوندی کانی سپیکەی سەر بەناحیەکە برا و لەگەڵ زەویدا تەختکرا، ناوچەکە بە چۆڵکراوی تا ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی (١٩٩١) مایەوە، لەهەمان ساڵدا لەدوای نەمانی دەسەڵاتی ڕژێم دانیشتوانی سەیدسادق دووبارە گەڕانەوە شارەکە و هەنگاو

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (سابیر حەوتبرای نەویجان)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٧).

٢) عومەری مام ڕەمەزان، شارەزوور و کاریگەریی هۆکاری سیاسی لە دابەشبوونی دانیشتواندا (١٩٥٧-١٩٩٧)، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ١٣، گۆڤارێکی مانگانەیە، ئازاری ٢٠٠٢، لا ٩٩.

٣) نەجمەدین قادر و صلاح الدين حسن، دروستبوون و گەشەی مێژوویی قەزای شارەزوور، گۆڤاری کۆچ، ژ ٧ و ٨، گۆڤارێکی وەرزییە، سەنتەری ڕووناکبیریی ئێلبەگی جاف دەریدەکات، ساڵی ٢٠٠٨، لا ٦٤.

بەهەنگاو ئاوەدانیانکردەوە و دانیشتوانی دێیەکانیش گەڕانەوە زێدی خۆیان[1]. گرنگیی شوێنگەی سەیدسادق و زۆربوونی خێرای دانیشتوانەکەی و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی، وایانکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای (٥٢) ساڵ لە بەناحیەبوونی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٢/٢١) بڕیاری بە قەزابوونی بۆ دەربکات [2].

ئێستا قەزای سەیدسادق، یەکێکە لە قەزا فراوان و دیارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان، پێکهاتەی کارگێڕییەکەی پێکهاتووە لە سنووری هەریەک لە سەنتەری قەزای سەیدسادق و ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە). ژمارەی دێیەکانی سنووری قەزاکە (٩٧) دێ بوون، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی بەردەوامی سنووری ئاوەدانیی شاری سەیدسادقەوە (١٠) لەو دێیانە کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانییەوە، بۆیە لە ئێستادا ژمارەی دێیەکان بوونەتە (٨٧) دێ، کە (٥٥) دێیان سەر بە سەنتەرەی قەزان و (٣٢) دێیان سەر بە ناحیەی سرۆچکن، لە کۆی گشتی دێیەکان (٦٢) دێیان ئاوەدانن و (٢٥) دێیان چۆڵن و هێشتا ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئەو دێیانەی کە چۆڵن (١٦) دێیان سەر بە سەنتەری قەزاکەن و (٩) دێیان سەر بەناحیەی سرۆچکن. بەشێکیان لەدوای ئاوەدانکردنەوەیانەوە دووبارە لەلایەن دانیشتوانەکانیانەوە چۆڵکراوون، [3]. واتە ئێستا (٣٩) دێی سەر بە سەنتەری قەزای سەیدسادق و (٢٣) دێی سەر بە ناحیەی سرۆچک ئاوەدانن.

### ١-١-٥- ناوی سەیدسادق

سەیدسادق، لە بنەڕەتدا ناوی کەسایەتییەکە، بەڵام لەئێستادا بۆ گوزارشتکردن لە شارێک بەکاردەهێنرێت، چەند بۆچوونێکی جیاواز بۆ ڕوونکردنەوەی ناوی ئەم کەسایەتییە بوونی هەیە، بەشێکی زۆری بۆچوونەکان پێیان وایە کەسایەتییەکی دیاری ناو ئاینی ئیسلام بووە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش چەندین بەڵگە و سەرچاوە لەبەردەستدان، لە بەرامبەردا هەندێک لە بۆچوونەکان وایدەبینن کەسایەتییەکی کاکەیی (یارسانی) بووە، بەڵام هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەکی دروست و باوەڕپێکراو بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە لەبەردەستدا نییە، بەگشتی سەرچاوەکان لەسەر ئەم کەسایەتییە باسدەکەن و هەوڵدەدەن ڕەچەڵەک و بنەڕەتی کەسایەتی و ناوی شارەکە لێکبدەنەوە.

لەکاتی ئاوەدانکردنەوەی دێی سەیدسادقدا، ناوی کەسایەتییەکی پایەبڵندی لێنراوە، ئەو کەسایەتییە گۆڕەکەی بەسەر یەکێک لە لوتکەی چیاکانی ناوەڕاستی ئێستای شارەکەوەیە، لەمێژەوە

---

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (نەوزاد عەلی فەتاح)، ڕۆژنامەنوس و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/١٥).

٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، ئەرشیف، (٢٠٠٧/٢/٢١). (بڕوانە پاشکۆی ٢)

٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری تایبەت بە قەزا و ناحیەکان (زانیاریی بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠٢٠).

لای دانیشتوانەکەی بە مەزارێکی پیرۆز دانراوە و دانیشتوانی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری و ناوچەی شارەزوور بەگشتی بۆ نزاکردن و نەزرگرتنەوە بەردەوام سەردانیانکردووە و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای دروستبوونیەوە گوندێکی بچوک بووە، بەڵام بەهۆی بوونی ئەم مەزارەوە بووەتە شوێنێکی ناسراو و یەکێک لە ئاوەدانییە گرنگەکانی دەشتی شارەزوور[١]. بەشێکی دانیشتوانی ناوچەکە وایدەگێڕنەوە، لە سەردەمی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەی شارەزوور لەکاتی (فتوحاتی ئیسلامی)دا، شەڕێک لەنێوان سوپای ئیسلام و دانیشتوانی ناوچەکە کە ئەوکات پەیڕەوییان لە ئاینی زەردەشتی کردووە ڕوویداوە، تیایدا ئەم کەسایەتییە کە ناوی (سەیدسادق) بووە شەهیدکراوە، دواتر لەسەر ئەو چیایەی بەسەر شارەکەدا دەڕوانێت نێژراوە، هەربۆیە لەکاتی دروستکردنی دێیەکەوە دەبێتە ناوی دێیەکە و تاکو ئێستاش کە بۆتە شار هەر بە (سەیدسادق) ناودەبرێت [٢].

کۆنترین ناوهێنانی سەیدسادق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو کاتەی یەکێک لە گەڕۆکەکان بەناوی (میتراقی زادە) لەساڵی (١٥٣٤ز) بەیاوەریی (سوڵتان سلێمانی قانونی) هاتۆتە کوردستان و بەم ناوچەیەدا تێپەڕیوون، دواتر لە گەشتنامەکەیدا ناویهێناوە، بەشێکی تر لە گێڕانەوەکان لەپەسنی ئەم کەسایەتییەدا دەڵێن: یەکێک بووە لە کەسایەتییە ئاینییە پایەدارەکان و لەناو کۆمەڵگەدا خۆشەویست بووە و پێگەیەکی بەرز و خاوەنی ڕێز و حورمەتێکی زۆر بووە، ئەمەش وایکردووە لەدوای مردنیشی ناوەکەی بەنەمری بمێنێتەوە [٣].

مێژوونوس (ابن الفوطي)، هاودەمی سەیدسادقە و بەچاوی خۆی بینیویەتی و لەگەڵیدا دواوە و زانیاریی گرنگ و وردی لەسەری هەیە، دەڵێ ناوی ڕاستەقینەی سەیدسادق بریتیە لە: (علی کوڕی عیسای کوڕی محەمەد)، واتە لە بنەڕەتدا ناوی عەلیە، لەبەر ڕاستگۆیی و دەسپاکییەکەی نازناوی (صادق)ی لێنراوە، لەهۆزی هاواری بووە و باب و باپیرانی هەموو سۆفی و زاهید و پیاوچاک بوون، لەنەوەی سۆفی ئەبوبەکری هاوار بووە، کە سۆفیەکی ناوداری سەدەی ١١ی زاینی بووە و ڕابەرایەتی بزافی سۆفیتی بووە لە کوردستان و عێراق، هاوار گوندێکی دێرینی کوردستانە و تا ئێستاش بەهەمان ناوەوە ماوەتەوە. وادیارە سەیدسادق چووەتە مەککە و ماوەیەک تێیدا نیشتەجێبووە، بۆیە لەلایەن مورید و لایەنگرانییەوە بە (سەید) واتە نەوەی ئیمامی عەلی دانراوە، شێخ ئەبوبەکری باپیرەشی بۆ خواپەرستی و دووركەوتنەوە لە ئاوەدانی ڕوویکردۆتە باشووری

---

١) زرار سدیق تۆفیق، ناسینەوەی چوار کەسایەتی، گۆڤاری ژین، ژمارە ٨، ساڵی هەشتەم، دیسەمبەری ٢٠١٦، لا ٢٨.

٢) نەوشیروان عزیز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.

٣) نصوح بن عبدلله مطراقي زادة، رحلة مطراقي زادة لنصوح الإسلامي، ترجمة: صبحي ناظم توفيق، المجمع الثقافي، أبو ظبي، ٢٠٠٣، ص ١١٨.

عێراق و لەهۆرەکانی (البطائح) لە خوارووی بەغداد و دەوروبەری (کوت- واست) گیرساوەتەوە، پاشان خۆی و کوڕ و نەوەکانیشی هەر لەوێ نیشتەجێبوون، بۆیە بە (صادق العلوي الواسطي) ناسراوە. سەیدسادق لەساڵی (٦٦٧ک \ ١٢٦٨ز)، لە واستەوە ڕوویکردۆتە (مەراغە)، کە پایتەختی مەغۆلەکان بووە، وەزیر (نەصرەدینی توسی) پێشوازییی لێکردووە و لەگەڵیدا کۆبووەتەوە. سەیدسادق واعیزێکی کارامە و بەتوانا و زمانپاراو و ڕاستگۆ و ئیماندار بووە، بەردەوام کۆڕی وەعز و ئیرشادی لە مەراغە و شوێنەکانی تر سازداوە، میران و پیاو ماقوڵانی دەوڵەتی مەغۆلیش تیایدا ئامادەبوون و ڕێزیان لێگرتووە، هەروەها (ابن الفوطي) ئاماژە بەوەدەکات کە سەیدسادق هاتۆتە بەغداد، سەبارەت بە مردنیشی لە دەستنوسی کتێبی (مجمع الاداب فی معجم الألقاب)ی ابن الفوطیدا هاتووە، کە لەساڵی (٦٧٩ک / ١٢٨٠ز) کۆچی دوایی کردووە، لە شوێنێک بەناوی (شرویاز) هەر لەوێش نێژراوە، پاشان گۆڕەکەی هەڵدراوەتەوە و هێنراوە لەو شوێنەی ئێستایدا لە دەشتی شارەزوور دووبارە بەخاک سپێردراوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی ئەم کەسایەتییە لە بنەڕەتدا شارەزووری بووە و ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیاوە و جەماوەرێکی زۆری لە لایەنگر و مورید و دەرویش هەبووە، بۆیە پاش مردنی هەوڵی هێنانەوەی تەرمەکەیان داوە و لەنزیک خۆیان ئەسپەردەی خاکیان کردۆتەوە [١].

لەچەندین سەرچاوەی تردا هاتووە، کە سەیدسادق یەکێک بووە لە کورەکانی شێخ عیسای بەرزنجی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت: شێخ عیسای بەرزنجی لەساڵی (٦٨٦ک / ١٢٨٧ز) لەگەڵ (بابا عەلی هەمەدانی باوکی) هاتوونەتە کوردستان و لەگوندی بەرزنجە نیشتەجێبوون، لەوێ مزگەوت و تەکییەیان کردۆتەوە، شێخ عیسای بەرزنجی لەساڵی (٧٥٤ک / ١٣٥٥ز) لە بەرزنجە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە، ١٢ کوڕی هەبووە، سەید محەمەد صادق یەکێکە لە کورەکانی و لەسەر شوێنێکی دیار و ناسراو بەناوی خۆیەوە لەشارەزوور نێژراوە [٢]. لەکتێبی بنەماڵەی پاکاندا، لەباسی شەجەرەی بنەماڵەی ساداتی بەرزنجەدا، واباسکراوە کە (محەمەد صادق) یەکێکە لە کورەکانی سەید عیسای بەرزنجی، ئەویش کوڕی بابا عەلی هەمەدانی کوڕی سەید یوسف زرند کوڕی محەمەد مەنصور هەمەدانی کوڕی عبد العزیز کوڕی عبدالله کوڕی اسماعیل موحدیس کوڕی ئیمام (موسای کازم)ە، کەواتە سەیدەکانی بەرزنجە لە نەوەکانی ئیمام موسای کازمن، ئیمام موسا کوڕی جەعفەر کوڕی ئیمام محەمەد باقر کوڕی (زین العابدین) کوڕی ئیمام حسین ی کوڕی

١) زرار سدیق توفیق، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨-٢٩.
٢) مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، ناوەندی کانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سنە، ١٣٨٩ ی هەتاوی، لا ٥٩.

ئیمامی عەلییە، گۆڕی سەیدسادق بەرزنجی لەسەر یەکێک لەچیاکانی شارەزوورە و بەناوی ئەوەوە ناونراوە [١].

کەواتە زۆرینەی سەرچاوەکان ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە سەیدسادق کەسایەتییەکی دیاری ناو ئاینی ئیسلام بووە، زۆرینەیان وایدادەنێن یەکێک بووە لە کوڕەکانی سەید عیسای بەرزنجی، بوونی گۆڕی ئەم کەسایەتییە لەسەر لوتکەی یەکێک لە شاخەکانی سەیدسادق و بەپیرۆز دانانی لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە، بوەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لەسەرەتای دامەزراندنی دێیەکەدا بەناوی ئەم کەسایەتیەوە بکرێت، دواتر هەر بەم ناوەوە ماوەتەوە و ئێستاش بەشارەکە دەوترێت (شاری سەیدسادق) و قەزاکەش هەمان ناوی وەرگرتووە.

## ١ـ ٢ـ ڕەهەندی جوگرافیایی

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت، ڕەهەندەکانی ژینگەی سروشتیی ناوچەکە لە هەریەک لە لایەنەکانی : (بەرزونزمی، ئاووهەوا، دەرامەتی ئاو، خاک، بەکارهێنانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی)یەوە، بەم شێوەیە بخرێنەڕوو:

### ١-٢-١- بەرزی و نزمی:

لە نەخشەی (٢) وە، کە بەرزی و نزمی و هێڵی کەنتوریی بەرجەستەکردووە، دەردەکەوێت ناوچەی توێژینەوە، تۆبۆگرافیایەکی ئاڵۆز و فرەچەشنی هەیە، بەو واتایەی لەبەشی باشورییەوە بە دەشتایی و نزمییەکان دەستپێدەکات و تاکو بەرەو باکوور برۆین زنجیرە چیای نزم دێنەڕێ، تا دەگاتە ئەوپەڕی باکوور و باکووری خۆرئاوا، چیاکان بڵندتر و دۆڵەکان قوڵتر دەبن. نزمترین ئاستی دەکەوێتە بەشی باشوورەوە، کە هەندێک ساڵ بەهۆی پڕبوونی دەریاچەی دەربەندیخانەوە بەشەکانی باشووری قەزاکە ژێرئاودەکەون، نزمترین خاڵی (٤٧٣م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. بەپێچەوانەوە بەرزترین ئاستی لە باکووری قەزاکە هەڵکەوتووە، کە خاڵی (٢٢٢١م)ە، کەواتە سێ لە دیاردەو یەکەکانی بەرزونزمیی وەک: (شاخ و دۆڵ و دەشت) مکانی تێدا دەردەکەوێت.

لە نمونەی چیابەرزەکانی قەزاکە بریتین لە چیاکانی: (کوڕەکاژاو، سەرکوک، گۆرە جولەکە، قولەڕەش)، بەرزترین لوتکەی ئەم چیایانە دەگاتە (٢٢٢١ م)، جگە لە چیا پێچ سادەکانی وەک:

---

١) بڕوانە هەریەک لە: - حاجی مەحمود ئەحمەدی، بنەماڵەی پاکان (بحر الانسان - ئەحمەدی)، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی مسعود، ١٣٧٨ ی هەتاوی، تاران، لا ٨٨-٩١.
- محەمەد شێخ عەبدولکەریم سولەیی – بەرزنجی، خانەوادەیەک لە مێژوو (شێخ موسا و شێخ عیسای بەرزنجی و نەوەکانیان)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٢٠، لا ٦٨.
- محەمەد سەید عەبدولکەریم شێخانی بەرزنجی، پوختەیەک دەربارەی شێخانی بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بغداد ١٩٨٨، لا ٧٣.

(ئاشبڵاخ، قەڵای قەویلە، لەک لەک)، بەرزی ئەم زنجیرانەش لەنێوان (١٠٠٠-١٥٠٠م) دەبێت. لە گرنگترین دەشتەکانی ناوچەی توێژینەوەش بریتین لە دەشتەکانی: (شارەزوور، زەڵێ)، کە دەشتی شارەزوور لە ئەوپەڕی باشووری قەزاکە هەڵکەوتووە و دەشتی (زەڵێ) کەوتۆتە نێوان بەرزاییەکانی ناحیەی سروچک لە باکووری خۆرئاوای قەزاکە [١].

## نەخشەی (٢): بەرزی و نزمیی و هێڵە کەنتورییەکانی قەزای سەیدسادق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە وێنەی دیجیتاڵیی (Digital Elevation Model, DEM 30m)، بۆ ساڵی (٢٠٢١).

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی تاڕادەیەک پێچەوانە لەنێوان ناوچە بەرزەکان‌و مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوون‌و تەنانەت قەبارەی دانیشتوانەکانیاندا بەدیدەکرێت ، لەبەرئەوەیە کە نزیکەی نیوەی کۆی دانیشتوانی گۆی زەوی لەو ناوچانەدا ژیان دەگوزەرێنن کە بەرزیان لە (٢٠٠م تێپەڕناکات لەئاستی ڕووی دەریاوە، هەروەها (١٠/٩)ی دانیشتوانی جیهان لەو ناوچانەدا بڵاوبوونەتەوەکە بەرزیان لە دەوروبەری (٤٠٠م) دایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەرزونزمییەکانی

---

١) بیلال فتاح أمین، نواندنی کارتۆگرافی بە بەکارهێنانی (GIS) بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی قەزای سەیدسادق، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی بینگۆل، کۆلێژی کشتوکاڵ، بەشی GIS، تورکیا، ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، لا ٢٧-٣١.

ڕووی زەوی کاریگەرییەکی ڕوونو دیاریان لە دابەشبوونو بڵاوبوونەوەی نشینگەمرۆییەکاندا هەیە، بێگومان هێزی ئەم کاریگەرییەش ڕێژەییە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، دەبینین دانیشتوان هەر لە دێر زەمانەوە ناوچە دەشتاییەکانیان وەک شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان هەڵبژاردووەو چالاکی ڕۆژانەی خۆیانیان تێدا پەیڕەوکردووە، لە بەرامبەردا مرۆڤ بۆ نیشتەجێبوون ڕووی لە ناوچە بەرزو شاخاوییەکان کردووە، ئەویش لە بارودۆخی نەخوازراو و ناجێگیری ئاسایشدا بووە، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەخۆی. هەرچەندە لە ئێستادا ئاستەنگییەکانی ئەم دیاردەیە (بەرزییەکان) بەهۆی پێشکەوتنەکانی مرۆڤەوە سوکو ئاسانتر کراونەتەوە لەچاو جاراندا، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا بەشێک لە دانیشتوان ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیان لەسەر بنەمای هۆکارێکی گرنگ هەڵدەبژێرن کە ئەویش بنەمای ئابووری و بژێوییە [١].

هەربۆیە بەشەکانی باشووری ناوچەی توێژینەوە، کە بەرزونزمییەکی ئاسان و تەختتریان بە بەراورد بە بەشەکانی باکووری قەزاکە هەیە، زۆرترین دانیشتوانیان لەخۆگرتووە.

**١-٢-٢- ئاووهەوا:**

توێژینەوە ئاووهەواییەکان و ئەنجامە زانستییەکانیان، گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە، کە دەتوانرێ لەسەر زۆرینەی چالاکییە مرۆییەکان جێبەجێبکرێن و کاریگەرییەکانی بخرێنەڕوو، لە زانستی ئاووهەوادا زیاتر گرنگی بە چینی ئەتمۆسفیر (Atmosphere) دەدرێت، بەوپێیەی ڕاستەوخۆ لکاوە بە سەر ڕووی زەوییەوە و دەوری داوە، جگە لەوەی تەواوی دیاردە کەشی و ئاووهەواییەکان لەم چینەدا دەردەکەون. هەروەها بەشێوەیەکی زانستیانە لەسەر هەریەک لە ڕەگەزە ئاووهەواییەکان دەوەستێتەوە و تایبەتمەندی و دۆخەکانیان لە ناوچە جیاجیاکاندا دەخاتەڕوو، تاکو بتوانرێ لەڕێگەی شیکردنەوەی هەریەک لە ڕەگەزەکانیەوە کاریگەریی ئاووهەوا لەسەر دابەشبوونی مرۆڤ و کردە جۆراوجۆرەکانی بزانرێت [٢]. کەش و ئاووهەوا، لەژینگەی سروشتیدا وەک دیاردەیەکی دینامیکی کاریگەریی گەورە لەسەر تەواوی چالاکییەکانی مرۆڤ دادەنێت، وەک دۆخەکانی ژیانی ڕۆژانە، جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و خۆراکی دانیشتوان، شوێنی پشودانی کاتی دەسبەتاڵی، تەنانەت جۆری ئەو چالاکیانەش لە شوێن و هەرێمە جیاوازەکاندا پەیڕەوییان لێدەکرێت. کە دواجار هەموو ئەمانە شوێنی نیشتەجێبوون و کۆبوونەوەکانی دانیشتوانمان بۆ دەستنیشان دەکەن[٣].

---

١) عبد الفتاح محمد وهيبة، جغرافية الإنسان، طبعة الأولى، دار النهضة العربية، القاهرة ١٩٩٩، ص ١٦٤.
٢) هاشم محمد صالح، الجغرافية المناخية، طبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١٤، ص ١٧.
٣) عبد الرحمن حميدة، الوجيز في المناخ التطبيقي، طبعة الأولى، دار الفكر للنشر والتوزيع، دمشق ١٩٨٣، ص ٧ – ٨.

کاریگەریی ئاووهەوا لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەکی ڕووی زەویدا گرنگییەکی گەورەی هەیە، ئەویش تەنیا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ نییە کە کاردەکاتە سەر ئەرکی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، بەڵکو ناڕاستەوخۆش کاریگەری هەیە لەسەر ( دەرامەتی ئاو، خاک، ڕووەک، چالاکی کشتوکاڵی)، بەبڕوای زۆرێک لە توێژەران بەتایبەت (هانتینگتۆن Huntington) ئاووهەوا سەرچاوەی دروستبوونی شارستانیەتەکانو شەپۆلەکانی کۆچکردنی مرۆڤایەتیو هەروەها دیاریکردنی دابونەریتی گەلانو تەنانەت جۆری کەسایەتیەکانیشیانە [١].

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە تایبەتمەندییە ئاووهەواییەکانی ناوچەی توێژینەوە، باشتر وایە تیشک بخرێتە سەر بەشێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئاووهەوا لە قەزاکەدا، لەگرنگترین ئەو ڕەگەزانەی کاریگەرییان لەسەر دانیشتوان و چالاکیە مرۆییەکان هەیە بریتین لە:

### ١-٢-٢-١- پلەی گەرمی:

پلەی گەرمی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاووهەوا، ئەم ڕەگەزەش کاریگەریی زۆر گرنگی لەسەر دیاردەکانی سەر ڕووی زەویو تەواوی ڕەگەزەکانی تری ئاووهەواش هەیە، کە بریتین لە ڕەگەزەکانی (پەستان، با، شێ، چڕبوونەوە)، پلەی گەرمی ناسراوە بە هەستکردن بە گەرمی یان ساردی، یاخود ئەو وزەیە کە دەتوانرێت لەڕێگەی دەستلێدان یاخود ئامێرەکانی پێوانەکردنی ئەو ڕەگەزەوە هەستی پێبکرێت، بۆیە ناونراوە وزەی هەست، کە دەبێتەهۆی خێراکردنو چالاککردنی جوڵەی گەردیلەکانی ناو ماددەکان، مەبەست لە پلەی گەرمیی هەر جێگەیەک ئەو گەرمییەی ناو هەواکەیەتی، وەک ئەوەی گەرمی پێوی وشک هەستی پێدەکاتو نیشانیدەدات، کە ئەویش دەبێ لەسەروو چینی گەیاندنەوە بێ لەگەڵ ڕووی زەویدا، وە دەبێت لەکاریگەریی ڕاستەوخۆی تیشکی خۆر بەدوور بێت [٢].

بەتێڕوانین لە خشتەی ژمارە (١)، دەردەکەوێت کەوا پلەی گەرمیی ناوچەی توێژینەوە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

١- وەرزی گەرمی (هاوین) لە ویستگەی سەیدسادق لەمانگی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات تا مانگی ئاب، کە تێکرای پلەی گەرمییەکەی (٣٤°س)ە، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەوەرزی هاویندا بۆ ستوونی خۆر و درێژی ڕۆژو ساماڵی ئاسمان دەگەڕێتەوە، جگە لە بوونی تۆپەڵە هەوای

---

١) فتحي محمد ابو عيانة، جغرافية السكان (اسس وتطبيقات)، طبعة الرابعة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية ١٩٩٣، ص ٨٢.

٢) عەلی ئەحمەد غانم، جوگرافیای ئاووهەوا، وەرگێڕانی: گۆران ڕەشید ئیمامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڵەبجەی شەهید، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٧٠.

کیشوەری وشک، بەجۆرێک لە هەندێ ڕۆژانی هاویندا پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە بۆ زیاتر لە (٤٠°س).

٢- تێکڕای پلەکانی گەرمی وەرزی هاوین لەوێستگەی سەیدسادقدا دەگاتە (٣٤°س)، بەڵام لەوەرزی زستاندا تەنیا (٨.٣٣°س)یە، کەواتە جیاوازییەکی زۆر، یاخود بڵێین مەودایەکی زۆر لەنێوان پلەکانی گەرمای هاوینو زستاندا هەیە، هەروەها پلەکانی گەرمای وەرزی بەهارو پایز لێک نزیکنو بریتین لە (١٨،١°س)و(٢٣،٣°س).

٣- دەرکەوتنی هەرچوار وەرزی ساڵ، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی پلەی گەرماو ئاووهەوای قەزاکە، هەرچەندە وەرزەکانی هاوینو زستان درێژترو دیارترن لە وەرزە ڕاگوێزراوەکانی پایزو بەهار، بەڵام ئەم دوو وەرزەش هەستی پێدەکرێتو تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

٤- تێکڕای پلەی گەرمیی وەرزی بەهار نزمترە لە تێکڕای پلەی گەرمیی وەرزی پایز، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕو ژمارەی ڕۆژانی بەبارانو کرداری بەهەڵمبوون، کە لەوەرزی بەهاردا چالاکترە، بەهۆی تەڕی خاکو چڕیی ڕووپۆشی ڕووەکیەوە.

٥- تێکڕای پلەی گەرمیی ساڵانە لە وێستگەی کەشناسیی ناوچەی توێژینەوە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) بریتیبووە لە (٢٠،٩٣°س).

**خشتەی (١): تێکڕای پلەی گەرمی (سەدی)ی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)**

| وێستگە | وەرز | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | | تێکڕای ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | ک٢ | شوبات | |
| سەیدسادق | ت. مانگانە | ١٣ | ١٦,٩ | ٢٤,٤ | ٣١,٨ | ٣٥,١ | ٣٥,٢ | ٣٠,٨ | ٢٤,٣ | ١٤,٧ | ٨,٩ | ٧,٢ | ٨,٩ | ٢٠,٩٣ |
| | ت. وەرزانە | ١٨,١ | | | ٣٤,٠٣ | | | ٢٣,٣ | | | ٨,٣٣ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە، هۆبەی کەشناسی هەڵەبجە، (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.

تێبینی: لەبەرئەوەی لە بەشی کەشناسیی بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سەیدسادق تەنیا بڕی بارانبارین تۆمار دەکرێت. بۆیە پشتبەستراوە بە دەرهێنانی ناوەندی پلەکانی گەرمای هەردوو وێستگەی کەشناسیی هەڵەبجە و سلێمانی.

**شێوەی (١): تێکڕای ساڵانەی پلەکانی گەرمای قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە، هۆبەی کەشناسی هەڵەبجە، (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.

هەروەها، لە شێوەی (١)ەوە، دەردەکەوێت بەدرێژایی ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)، داتاکانی پلەی گەرمی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بەشێوەیەکی گشتی لەهەڵکشاندا بووە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی گۆڕانی ئاووهەوا، کە شەپۆلێکی جیهانییەو هەموو ناوچەکانی جیهانی گرتۆتەوە.

### ١-٢-٢-٢ داباریین

هەموو شێوەکانی ئاو کە لە زەوپۆشەوە دێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی ناودەبرێن بە داباریین (precipitation)، ئەمەش چەند جۆرێکە وەک: (باران، تەرزە، بەفر)، جۆری دابارینەکەش پشت بە پلەی گەرمیی ئەو هەوایە دەبەستێت کە ئاوەکەی هەڵگرتووە، ئەگەر هاتوو پلەی گەرمیەکە لەسەرووی سفرەوە بوو، ئەوا جۆری دابارینەکە باران دەبێت، بەڵام ئەگەر پلەی گەرمیەکەی لەژێرەوەی سفر بوو، ئەوا جۆری دابارینەکەی (ڕەق) دەبێت وەک تەرزەو بەفر. هەندێ جار (داکردن) یشی پێدەوترێ، واتە داکردنی دڵۆپی باران یان کریستاڵی بەفرو سەهۆڵ یاخود دەنکۆڵەی تەرزە،

پاش ئەوەی هێندە گەورە دەبێت چیتر هەواکە ناتوانێت هەڵیبگرێت، بۆیە لەژێرکاریگەریی هێزی ڕاکێشانی زەویدا دەکەوێتە خوارەوە بۆ سەر ڕووی زەوی [1].لە خشتەی(٢) و شێوەی (٢)ەوە بڕو کاتی بارانبارینی ناوچەی توێژینەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە:

١. بڕی ئەو بارانبارینەی لە ناوچەی توێژینەوە دەبارێ بەپێی ساڵو مانگ جیاوازە، زۆرترین بارانبارین لە مانگەکانی (کانوونی یەکەم، کانوونی دووەم، شوبات)دایە، بەمەش دەردەکەوێت کە بارانی ناوچەی توێژینەوە بارانێکی زستانەیە، بەوپێیەی بڕی بارانی وەرزی زستانی بریتیە لە (٣٠٨،٤٩ملم)، لەکۆی گشتی بارانی ساڵانە، واتە ڕێژەی (٥٣،٧%)ی تێکرای ساڵانەکەی بەتەنیا کەوتوتە ئەم وەرزەوە، بەشێکی تری بارانەکەی لە وەرزی بەهاردایە کە (١٦٣،٥٣ملم)ی لێدەبارێ، پاش ئەویش وەرزی پایزە بەبڕی (١٠٢،٤٤ملم)، ئەوەی تێبینی دەکرێت وشکی مانگەکانی هاوینە، کە بە هەرسێ مانگەکەوە تەنیا (٠،٠٩ملم) بارانی لێدەبارێ کە دەتوانین بڵێین وەرزێکی تەواو وشکە.

٢. ناوچەی توێژینەوە لەڕووی بارنبارینەوە دەکەوێتە هەرێمی نیمچە شێدارەوە، کە تایبەتمەندی ئەم هەرێمە ئەوەیە بڕی بارانی ساڵانەی زیاترە لە (٥٠٠ملم)، واتە کەوتۆتە سەرهێڵی بارانی مسۆگەرەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دانیشتوانی ئەم قەزایە دەتوانن پشت بەکشتوکاڵی (دێم) ببەستن، کە ئەم جۆرە کشتوکاڵە پشت بە ئاوی باران دەبەستێ.

**خشتەی (٢): تێکرای بارانبارینی مانگانەو وەرزانە لەوێستگەی سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠–٢٠٢٠)**

| وێستگە | وەرز | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | | کۆی تێکرای بارانبارینی ساڵانە (ملم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | ک٢ | شوبات | |
| سەیدسادق | کۆی مانگانە | ٧٨,١٣ | ٦٣ | ٢٢,٤ | ٠,٠٩ | ٠ | ٠ | ٠,١٧ | ٢٨,٩٢ | ٧٣,٣٥ | ٩٧,٥٤ | ١٠٥,٨٢ | ١٠٥,١٣ | ٥٧٤,٥٥ |
| | کۆی وەرز | ١٦٣,٥٣ | | | ٠,٠٩ | | | ١٠٢,٤٤ | | | ٣٠٨,٤٩ | | | |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق- بەشی کەشناسی (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠٢١).

---

١) ئیبراهیم ئیبراهیم شەریف، جوگرافیای کەش، وەرگێڕانی: ئەحمەد عەلی ئەحمەد و خەلیل کەریم محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ساڵی ٢٠١١، لا ٢٥٣.

بە سەرنجدان لە شێوەی (٢)، دەتوانین شیکاریی زیاتر بۆ تایبەتمەندیی دابارینی ناوچەی توێژینەوە بکەین، ئەویش ئەوەیە بەرزونزمییەکی زۆر لە بڕی بارانبارینی ساڵانەدا هەستپێدەکرێت، واتە ساڵ هەیە زۆر دەبارێت و ساڵ هەیە کەم دەبارێت، یاخود بە دەربڕینێکی تر، بڕی بارانبارینی ساڵانەی جێگیر نییە، مەوداو جیاوازی لەنێوان بڕی ساڵانەیدا بەدیدەکرێت، ئەم تایبەتمەندییەتەنیا پەیوەست نییە بە ناوچەی توێژینەوەوە، بەڵکو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دابارین لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی.

**شێوەی (٢): خستنەڕووی بڕی ساڵانەی بارانبارینی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠–٢٠٢٠)**




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق- بەشی کەشناسی (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠٢١).

### ١-٢-٣- سامانی ئاو

گرنگیی سامانی ئاو، بە هەموو جۆرەکانییەوە لەوەدایە، کە ژیانی تەواوی کۆمەڵگە زیندووەکانی سەر ڕووی زەویی لەسەر بەندە، لەهەمووی گرنگتر نیشتەجێبوونی مرۆڤ پەیوەستە بە بوونی ئاو و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانییەوە، مانەوەو بەرەوپێشچوونی نشینگەکانیش دیسان بە بەردەوامی و مانەوەی هەمان ئەو سەرچاوە ئاوییانەوە بەندە، کە لەسەری دامەزراون. گرنگی و

بەهای سامانی ئاو لە دوای زۆربوونی دانیشتوان و جۆراوجۆریی پیشەو پێداویستییەکان و بەردەوام پێشکەوتن و زیادبوونی پیشەسازی و گۆرانی ئاووهەوا و پرسەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ئاوەوە لەزیادبووندایە، لەبەرئەوەی کێشە ژینگەییەکانی وەک پەرەسەندنی دیاردەی بەبیابانبوون و فراوانبوونی ڕووبەری ئاوەدانییەکان لەسەر حسابی زەویی کشتوکاڵی و پیسبوونی ئاو بەهۆی پاشماوە شل و ڕەقەکانەوە، ئەمڕۆ بوونەتە گرفتێکی جیهانی و تەواوی مرۆڤایەتی دەرگیری کاریگەرییە نەرێنیەکانیەتی، هاوکات لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەردان بۆ کێشەکانی سامانی ئاو، بەڵام سنورداریی دەرامەتی ئاو و زیادبوونی پێویستیەکانی مرۆڤ، وایانکردووە ئاسۆی دۆزینەوەی چارەسەر ڕوون نەبێت [١].

ئاو یەکێکە لە سامانە نوێبووەوەکان و ساڵانە لەرێگەی دابارینەوە قەرەبووی ئەو برە ئاوە دەکرێتەوە کە بەکارهێنراوە، ئەوەی کە دەبێتە گرفت زیاتر لە بری ئاوەکەدایە، بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست کەمی بری ئاوەوە دەناڵێنن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی شوێنگەی ئەو وڵاتانە کە کەوتوونەتە شوێنێکی وشک و کەمبارانەوە، هەروەها شوێنگەیەکی کیشوەرییان هەیە و دوورن لە ڕووبەرە ئاوییە گەورەو کاریگەرەکانەوە. هەمووکات گرفتەکە لە بڕدا نیە و زۆرجارانیش جۆر و گونجاویی سامانی ئاو بووەتە گرفتێکی تر لەئاست ئەم وڵاتانەدا، بەوەی بەشێکی سامانی ئاوەکانیان بۆ بەکارهێنانەکانی ڕۆژانەی دانیشتوانیان گونجاو نییە. هەربۆیە زۆرجار کێشەی سیاسی دروستکردووە، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی تەنیا ڕووبارێکی شیرین بووەتە سەرچاوەی دابینکردنی ئاسایشی ئاویان [٢]. دەرامەتی ئاو لە دیارترین هۆکارە کاریگەرەکانە لە دابەشبوونی دانیشتواندا، بەتایبەت لەناوچە وشکو نیمچە وشکەکاندا، بەدرێژایی سەردەمە کۆنەکان ئاو هۆکاری سەرەکی بووە لە ئاراستەکردنی ڕەوتی شارستانیەتەکاندا، هەروەها هۆکاری سەرەکی بووە بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤو دابەشبوونی شارو دێهاتەکان [٣].

سامانی ئاو لە قەزای سەیدسادقدا بۆ سێ جۆر دابەشدەبێت:

١) صفاء عبد الأمير رشم الأسدي، جغرافية الموارد المائية، الطبعة الأولى، بدون مطبعة، جامعة البصرة، ٢٠١٤، ص ١٧.

٢) سامر مخيمر وخالد الحجازي، أزمة المياه في المنطقة العربية (حقائق والبدائل الممكنة)، الطبعة الأولى، سلسلة عالم المعرفة، الكويت ١٩٩٦، ص ٧-٩.

٣) عباس فاضل السعدى، محافظة بغداد (دراسة في جغرافية السكان)، طبعة الأولى، مطبعة الأزهر، بغداد ١٩٧٦، ص ٥٨.

### ١-٢-٣-١ ئاوی سەرزەوی:

مەبەست لە ئاوی سەرزەوی، تەواوی ئاوە ڕێکردو و وەستاوەکانی سەر ڕووی زەوین، پێکهاتوون لە (ڕووبارەکان، چەمەکان، لقەئاوییەکان، بەنداو و گۆماوەکان)، ڕووبارەکان ڕۆڵێکی دیار دەگێڕن لە کۆکردنەوە یاخود چڕکردنەوەی دانیشتوان و نشینگە مرۆییەکان لە دەوری خۆیان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە هەژارن لە داباریناو ئاوی دابارین بەشی تەواوی پێداویستییەکانیان ناکات، بۆیە لەم کاتەدا زۆربەی زۆری نشینگە مرۆییەکان لە دەوری ڕووبارەکان یان نزیک لقەئاوییە وەرزییەکان و کانیاوەکان کۆدەبنەوە، بە مەبەستی سودوەرگرتن لە ئاوەکەی بۆ پێداویستیە جیاجیاکانی وەکو کشتوکاڵ، پیشەسازی، یان پێداویستیەکانی تری ڕۆژانەیان [١].

بەتێڕوانین لە نەخشەی (٣)، بۆمان ڕووندەبێتەوە ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی هەژارە بە ئاوی سەرزەوی، لەبەرئەوەی هیچ ڕووبارێکی تێدا نییە، تەنیا چەند لقێکی ئاویی کورت مەودا نەبێت، کە هەندێکیان وەرزین و هەندێکیشیان هەمیشەیین، هەمیشەییەکان تەنیا چەمەکانی (کانی پانکە و سەراو، قوماش، سارۆجە، کانی پیازان، چەمی ئەلیاس)ن، وەرزییەکان بریتین لە: (باڵانتەران، چەقان، حەسار، دەلوچە، کەنی زەرد، گردەنازێ، جۆگەی قەرەتەپە، چەمی گول)، جگە لەوەی هیچ دەریاچەیەکی سروشتی و دەستکردیشی تێدا نییە، بەڵام بەهۆی نزیکیی لە دەریاچەی دەربەندیخانەوە، ئەو ساڵانەی بارانبارین زۆرەو دەریاچەکە پڕدەبێت لەئاو بەشی باشووری قەزاکە کە زەویی کشتوکاڵییە بەشێکی دەبێت بەژێر ئاوەوە و تاکۆتایی وەرزی بەهار ئاوی دەریاچەکە لە سنووری قەزای سەیدسادق دەمێنێتەوە. کەواتە وەک لە نەخشەکەدا دیارە بەشێک لە دەریاچەکە دەکەوێتە سنووری کارگێڕیی قەزاکەوە.

کاریگەریی ئاوی سەرزەوی لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئاوەدانی و مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچەی توێژینەوەدا هاوتەریبە بە لقەئاوییەکان، ئەگەر سەیری نەخشەی (٣) بکەین، دەبینین: زۆربەی نشینگەکان لەسەر لقەئاوییەکان هەڵکەوتوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیی دەرامەتی ئاو بۆ دانیشتوان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی، بەجۆرێک بەبێ بوونی دەرامەتی ئاو، ئیدی ئەگەر هەمیشەییبن یان وەرزی نیشتەجێبوون دەبێتە کارێکی ئەستەم، کەواتە ئاوەکانی سەرزەوی کاریگەریی ڕاستەوانە و ئەرێنییان لەسەر دانیشتوان و نیشتەجێبوونی دانیشتوان هەیە.

---

١) محمد مهدی کریم، دابەشبوونی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، ساڵی ٢٠١٦، لا ٧٦.

## نەخشەی (٣): ئاوی سەرزەوی لە قەزای سەیدسادق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە وێنەی دیجیتاڵیی (Digital Elevation Model, DEM 30m)، بۆ ساڵی (٢٠٢١).

### ١-٢-٣-٢- ئاوی ژێرزەوی:

ئاوی ژێرزەوی بریتیە لەو بەشەی باران کە دزە دەکاتە ناو خاکو خۆڵو لەوێوە دەچێتە پاڵ ئاوی ژێرزەویو پاشان وەک کانیاو هەڵدەقوڵێو دەرژێتە ڕووبارەکانەوە، یاخود خەڵکی ناوچەکە لەڕێگەی بیرو کارێزەوە دەیهێننە سەر زەوی بۆ پێداویستی خۆیان بەکاریدێنن، ئاوی ژێرزەوی لە داهاتە گرنگەکانی ئاوی هەرێم دەژمێردرێ بەتایبەتی لە ناوچەی پێچاوپێچە نزمەکانی وەک دەشتی هەولێرو گەرمیانو دەشتی کەرکوک، ئەویش لەوەرزی وشکانیو بێ بارانیدا، چونکە ئەو ئاوە کەموکوڕیی ئاوی سەرزەویو باران پڕدەکاتەوە[١]، لەباری سروشتیدا لەڕێگەی کانیاوەکان و لەباری دەستێوەردانیش لەڕێگەی کارێز و بیرەکانەوە، بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکان سودیان لێوەردەگیرێت. لە گرنگترین سەرچاوە و کانیاوەکان بریتین لە: (حەسار، سەراو، کانی پانکە، قوماش،

---

١) ناهدة جمال طالباني و خالد طيب محمد، صيانة التربة والمياه ، طبعة الأولى، جامعة السليمانية، كلية الزراعة، السليمانيه، ١٩٩٨، ص ٢٤.

حاجی عەبدوڵا، دۆڵاش، کارێزی مەلا عەلی، کارێزی مەلا مەحمود، باڵانتەران، گرێزە، گێڵەدەرە، کانی لەبی، دەلۆ، کانی قولەتێن).

ئەوەی پەیوەستە بەکاریگەریی ئاوی ژێرزەوییەوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، زیاتر ئاستی ئاوی ژێرزەوییە، چونکە بەرپرسە لە بوون و نەبوون، یان گونجاوی و نەگونجاوی بۆ لێدانی بیر لەهەر شوێنێک، تاکو ئاستی ئاوی ژێرزەوی نزیکتربێت لەڕووی زەوییەوە، دانیشتوان بەشێوەیەکی ئاسانتر و فراوانتر دەتوانن لەڕێگەی لێدانی بیر و کارێزەوە بۆ مەبەستە جۆراوجۆرەکانی وەک: کشتوکاڵ و پیشەسازی و هەر بەکارهێنانێکی تر سودی لێوەربگرن. بەسەرنجدان لە نەخشەی (٤)، دەردەکەوێ، بەشەکانی باشووری سنووری قەزاکە ئاستی ئاوی ژێرزەوییان نزیکترە لە ڕووی زەوییەوە.

**نەخشەی (٤): دووریی ئاستی ئاوی ژێرزەویی قەزای سەیدسادق لەڕووی زەوییەوە (بەمەتر)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢١).

بەجۆرێک نزمترین ئاستەکانی تێدا دەبینرێت، تاکو بەئاراستەی باکور و باکوری خۆرئاوا بڕۆین، قوڵی بیرەکان زیاتر دەبن و ئاستی ئاوی ژێرزەویش دوورتر دەکەوێتەوە لەسەر ڕووی زەوییەوە. ئەم هۆکارەیە وایکردووە ژمارەی نشینگە مرۆییەکان لەبەشی باشوری ناوچەی توێژینەوە زیاتر دەبینرێت، هەروەها چڕیی نیشتەجێبوونیش زیاتر دەبێت.

**١-٢-٣-٣- داباران:**

گرنگیی داباران، بەتایبەت ڕەگەزی بارانباران بۆ دانیشتوانی قەزاکە، لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە بەشێکی فراوانی زەویە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە پشت بەبارانباران دەبەستن، بەتایبەت پەیڕەوکردنی کشتوکاڵی دێم کە لەلایەن دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانەوە پەیڕەودەکرێت، ئەمەش لەو زەویانەی کە بەراونین واتە سەرچاوەی ئاوی سەرزەویان لەسەر نییە، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بارانی هەرێمو ناوچەی توێژینەوە ئەوەیە، کە وەرزی بارانباران هەندێ ساڵ پێشدەکەوێتو هەندێ جاریش دوادەکەوێت، ساڵ هەیە بڕی باران کەم دەبارێتو ساڵ هەیە زۆر دەبارێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرهەم و داهاتی ساڵانەی جوتیاران دەبێت، کەواتە بارانباران گرنگی و بەهایەکی یەکجار زۆری بۆ دانیشتوان هەیە.

وەکو پێشتر ئاماژەپێکراوە، تێکڕای ساڵانەی بارانبارینی ناوچەی توێژینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)، بریتیە لە (٥٧٤,٥٥ ملم)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ناوچەکە کەوتۆتە هەرێمی بارانی مسۆگەرەوە، هەروەها لە نەخشەی (٥) دوە کە دابەشبوونی هێڵ و زۆنە یەکسانەکانی بارانبارینی تێدا ڕوونکراوەتەوە، بەشەکانی باکووری قەزاکە، بەهۆی بوونی زنجیرە چیاکان و بەرزییان بە بەراورد بە ناوچەکانی باشوور بارانیان زۆرترە، بەشێوەیەکی گشتی هێڵەکانی بارانباران دەکەونە نێوان (٥٦٧-٨٥٠)ملم.

ئەگەر سەرنجی نەخشەکە بدەین و پۆلێنبەندیی داباران و دابەشبوونی دانیشتوان بەراوردبکەین، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بارانباران کاریگەریی لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان نەبووە، لەبەرئەوەی تەواوی قەزاکە کەتۆتە ناوچەی بارانی مسۆگەرەوە، هەروەها بەشەکانی باکوور لەبەرئەوەی ناوچەی شاخاوین و دەشتاییان کەمە، لە بەرامبەردا بەشی باشووری قەزاکە، کە زۆربەی دەشتاییە و بۆ کشتوکاڵکردن گونجاوە، بۆیە زۆینەی دانیشتوان لەبەشی باشووردا کۆبوونەتەوە، بەمەش پەیوەندییەکی ناڕاستەوانە لەنێوان دابەشبوونی دانیشتوان و هێڵ و زۆنە یەکسانەکانی داباریندا دروستبووە.

## نەخشەی (٥): هێڵ و زۆنە یەکسانەکانی بارانبارین لە قەزای سەیدسادق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە تێکڕای ساڵانەی هەریەک لە وێستگەکانی: (سەیدسادق، هەڵەبجە، شارەزوور، مەریوان، سلێمانی، دەربەندیخان، پێنجوێن، خورماڵ، قەرەداغ).

### ١-٢-٤- خاک:

خاک، کەوتۆتە بەشی سەرەوەی توێکڵی زەوی و ڕاستەوخۆ نوساوە بە بەرگی گازەوە، بەڵام بەگشتی شوێنی خاک، هێڵی جیاکەرەوەیە لەنێوان بەرگی هەوا و بەرگی ئاو و بەرگی ژیانی (زیندەبەرگ) و بەرگی بەردین، لەڕاستیدا بەرگی خاک بە یەکێک لە چالاکترین هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان ئەو چوار بەرگەی سیستمی (ئاووهەوایی) ی گۆی زەوی پێکدێنێت، دەژمێردرێت. خاک لەگەڵ ئەوەی خۆی تازە دەکاتەوە، بەڵام لەوانەیە بەهۆی زیان پێگەیاندنی زۆرەوە، جا لەلایەن مرۆڤەوە بێت یان سروشت بۆ هەتاهەتایە لەناودەچێت. بۆیە دەبێت زۆر بەوردی چاودێریی خاک بکرێت، بەتایبەتی لەناوچە هەستیارەکانی وەک ناوچە شاخاوییەکاندا[١]. خاک پێکهاتەیەکی سروشتیەو بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، هۆکاری دروستبوونەکەی بەهۆی کۆمەڵێک پرۆسەی

---

١) هاوڕێ یاسین محمد امین، جوگرافیای خاک، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس، ساڵی ٢٠١٤، لا١١.

فیزیایی و کارلێکی کیمایی و ئەندامییەوە دروستدەبێت[1]، بەوپێیەی خاک کاریگەریی گەورەی لەسەر پرۆسەی کشتوکاڵو بەروبوومە کشتوکاڵییەکان هەیە، بۆیە ناکرێت نکوڵی لە ڕۆڵو کاریگەریی خاک بکرێت لە جێگیربوونو دابەشبوونی نشینگە مرۆییەکاندا لە سەر ئاستی ناوچە جیاجیاکان، یاخود لەسەر توانای گونجاویی ئەو خاکە بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ، وەک ئاشکرایە کە کۆمەڵێک خاک هەن ناسراون بە بەرزیی چڕیی دانیشتوان، وەکو خاکی لافاوکردی بەپیتی ناو دۆڵی ڕووبارەکان، یاخود خاکی گڕکانیو خاکی جیرونوزم لە ناوچەکانی گژوگیای ستێبس [2].

کەواتە خاک، گرنگترین ئەو بەشەی سەر ڕووی زەوییە، کە مرۆڤ و تەواوی چالاکییەکانیی لەسەر بەندە، هەم وەک بەرکەوتن و هەم وەک گرنگترین سەرچاوەی خۆراک، بۆیە ئاساییە ئەو ناوچانەی خاکێکی بەپیت و ڕووبەرێکی بەرفراوانی تەختی هەبێت، زۆرترین دانیشتوان لەخۆی کۆبکاتەوە و چڕیی نیشتەجێبوونی لە ناوچەکانی تر زیاتر بێت.

بەتێڕوانین لە نەخشەی (٦)، کە بەگوێرەی پۆلێنکاریی (بیورینگ) کێشراوە، دیارترین جۆرەکانی خاکی لەناوچەی توێژینەوەدا خستۆتەڕوو، کە بریتین لە:

### ١-٢-٤-١- خاکی بەردینی هەڵوەریوو (قاوەیی گەنم ڕەنگ):

بوونی ئەم خاکە پەیوەستە بە ناوچەشاخاوییەکانەوە، بەشێکی زۆری لە لایمستۆن پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی زۆریی پلەی لێژی و چالاکیی ڕامالینەوە لە چیاکاندا خاکێکی تەنکە و لە هەندێ شوێنیش ئەستورییەکی مامناوەندی هەیە، بەشێکی زۆری ئەم جۆرەی خاک لەهەرێمی کوردستان بە گژوگیا و دارستانی بەڕوو داپۆشراوە و سەرچاوەیەکی گرنگی لەوەڕگایە بۆ ئاژەڵداران[3]. ئەم جۆرەی خاک ڕووبەرێکی زۆری بەشەکانی ناوەڕاست و باکوری خۆرئاوای قەزای سەیدسادقی پێکهێناوە، کە بریتیە لە (٤٠٤,٧کم$^{2}$)، واتە نزیکەی (٥٨،١%)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە.

### ١-٢-٤-٢- خاکی کەستەنایی ئەستوور:

ئەم جۆرەی خاک، لە بەشە نزماییەکان و دۆڵ و دەشتی ناو ئاوزێڵەکانی نێوان چیا بڵندەکان بوونیان هەیە، وەک دەشتەکانی نێوان چیاکانی هەرێمی کوردستان لەنمونەی: (دەشتی شارەزوور، بتوێن، سلیڤانی)، ئەستووریی ئەم جۆرەی خاک لە مەترێک زیاترە و دەگاتە چەند مەترێک، ڕێژەی (قسڵ) لەم خاکەدا بەرزە و دەگاتە نزیکەی (٩%)، مادەی ئەندامیی تێیدا بەرزە و لەنێوان (١-٤%)

---

١) إبراهيم إبراهيم شريف وعلى حسين شلش، جغرافية التربة، طبعة الأولى، مطبعة جامعة بغداد، بغداد ١٩٨٥، ص ٨.
٢) محمد مهدى كريم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦.
٣) لەیلا محمد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی ١٩٩٩، لا ٨١.

دایە، هەربۆیە ڕەنگەکەی قاوەییەکی تیرە. بەگشتی بەشی سەرەوەی خاکێکی نەرمی فشەڵە، دەنکۆڵەکانی ناوەوەی لیوار تیژن، هەرچەند بەرەو قوڵایی بچین ڕەنگەکەی بۆ خۆڵەمێشی دەگۆڕێ .[١]

## نەخشەی (٦) جۆرەکانی خاک لە قەزای سەیدسادق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە پۆلێنکاریەکەی بیورینگ:

(Burring, Soil and soil condition in Iraq. Soil Map of Iraq, Baghdad, 1960)

وەک لە نەخشەکەدا دەبینرێت، ئەم جۆرەی خاک دەکەوێتە بەشی باشوری قەزاکەوە، کە ناوچەیەکی تەختاییەو بەشێکی زۆری لە دەشتی بەپیتی شارەزوور پێکهێناوە، هەربۆیە زۆرترین نشینگەی دێهاتیی لەخۆی کۆکردۆتەوە، جگە لەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لەم ناوچەیەدا نزیکە لەسەر ڕووی زەوییەوەو بەشێکی زۆری لقە ئاوویەکانیش بەناویدا تێدەپەڕن، زۆرجار بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخانەوە، بەشێکی زەوییە کشتوکاڵییەکان کە لەم جۆرەی خاکن دەبن بەژێر ئاوەوە و زیانێکی زۆر بە چێنراوە کشتوکاڵییەکان دەگەیەنێت. ڕووبەری

١) کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (سروشتی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر ٢٠١٤، لا ١٤٢.

ئەم جۆرەی خاک لە ناوچەی توێژینەوەدا بریتیە لە (٢٥٠,١کم٢)، کە دەکاتە (٣٦%)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە.

### ١-٢-٤-٣- خاکی بەردینی لوتکەی چیاکان:

چینێکی خاکی تەنکی بەردینە، ڕاستەوخۆ کەوتۆتە سەر تاوێرە بەردەکانەوە، تێکەڵەیەکی تەنکە لە وردە بەرد و چەو، بەهۆی تەنکییەکەی و پێکهاتەکانیەوە سروشتێکی وشکی هەیە، بەگشتی خاکیکی نوێیە و ئەستوییەکەی زۆر کەمە [١]، ڕووبەری ئەم خاکە بریتیە لە (٤١,٦کم٢) لە بەشی باکوری خۆرئاوای ناوچەی توێژینەوە لەسەر لوتکەی چیاکانی حاجی مامەند و کورەکاژاو بوونی هەیە و ڕێژەی (٥,٩%)ی کۆی ڕووبەری قەزاکەی پێکهێناوە.

وەک لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت، هەرچەندە ڕووبەری (خاکی کەستەنایی)، کە بەپیتترین جۆری خاکە لە ناوچەی توێژینەوەدا زۆرنییە و تەنیا (٣٦%)ی ڕووبەری قەزاکەی پۆشیوە، بەڵام زۆرترین دانیشتوانی لەخۆگرتووە، دواتر خاکی (قاوەیی گەنم ڕەنگ) لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە (٥٨%)ی کۆی ڕووبەری قەزاکەی پۆشیوە، بەڵام هێندەی خاکی کەستەنایی دانیشتوانی لەخۆنەگرتووە و لەڕیزبەندی دووەمدا دێت لەڕووی چڕیی دانیشتوانەوە، لەکۆتایدا خاکی بەردەڵانی و لۆتکەی چیاکان کەمترین دانیشتوانی تێدایەو تەنیا سێ خاڵی (٢٠٠) کەسیی لەخۆگرتووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی جۆری خاک بەهاوبەشی لەگەڵ بەرزونزمیی ڕووی زەوی زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەبووە، بەجۆرێک بەپیتترین خاک زۆرترین دانیشتوانی لەخۆگرتووە و کەم پیتترین خاکیش کەمترین دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە.

### ١-٢-٥- ڕووپۆشی ڕووەکی و بەکارهێنانەکانی زەوی:

ڕووپۆشی ڕووەکی، دەرهاویشتە و بەرئەنجامی ژینگەی سروشتیی هەر ناوچەیەکی ڕووی زەوییە، بەشێکی ڕووپۆشەکان پێکهاتوون لە ڕووەکی سروشتی، کە مەبەست لێیان ئەو ڕووەکانەن بەشێوەیەکی سروشتی و دوور لە دەستێوەردانی مرۆڤ لەژێر کاریگەریی بارودۆخە سروشتییەکاندا دەروێن و گەشە دەکەن، وەک دارستانە سروشتییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، گژوگیای وەرزی. بەشێکی تری ڕووپۆشە ڕووەکیەکان، چێندراوی مرۆڤن و مرۆڤ ڕۆڵی هەیە لە

---

١) ئومێد حمە باقی حمە امین، مەترسییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی ئاوزێڵی دۆڵی چەقان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان (بە بەکارهێنانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، خانەقین ٢٠٢٠، لا ٥١.

دابەشبوون و جۆرەکانیدا، کە بەشێکیان لەشێوەی دارستانە دەستکردەکان دەردەکەون و بەشێکیان پشتێنەی سەوزایی و بەشێکی تریان چێندراوی کشتوکاڵین [١].

مەبەست لە بەکارهێنانی زەوی، سەرجەم ئەو بەکارهێنانە جۆراو جۆرانە دەگرێتەوە، کە دانیشتوانی هەر ناوچەیەک لەسەر ڕووبەر و جوگرافیایەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی چالاکییە جۆراو جۆرەکان سودیان لە زەوییە بەردەستەکان بینیوە. بەکارهێنانەکانیش لەگەڵ تێپەڕبوونی مێژوی مرۆڤایەتیدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لەکۆندا ڕاستەوخۆ سود لە زەوییەکان وەرگیراوە وەک دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵکردن و دەرهێنانی کانزا و نەوت و بڕینەوەی دارەکان، دواتر سود وەرگرتن لەو کەرەستانەی کە لە سروشتەوە وەرگیراوون لەڕێگەی پیشەسازییەوە، کە تیایدا کەرەستەی سەرەتایی دەگۆڕدرێت بۆ بەرهەمی نوێ. دواتر مرۆڤ بەشێک لە زەوییەکانی بۆ مەبەستی بازرگانی و جۆرەکانی تری خزمەتگوزارییە جیاوازەکان بەکارهێنا [٢].

سەبارەت بە پۆلێنکاریی بەکارهێنانەکانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی سود لە تەکنیکی هەستکردن لە دوورەوە (Remote Sensing) وەرگیراوە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی وێنەی ئاسمانی (Lansat8)، بۆ تازەترین ماوە، تاکو بتوانرێت لەڕێگەیەوە واقعی ڕووپۆشی ڕووەکی و بەکارهێنانەکانی زەوییان لێوە بدۆزرێنەوەو بخرێنە ڕوو.

لەڕێگەی جێبەجێکردنیەوە، کە لە نەخشەی (٧) و خشتەی (٣) دا خراوەتە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەرکەوت گرنگترین بەکارهێنانەکانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی بۆ ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١-٢-٥-١- دارستان و گژوگیا:

دارستان و گژوگیاکان، کە بەشێکی دارستانەکان سروشتین و بەشەکەی تری دارستانی دەستکردە، هاوکات گژوگیا وەرزییەکانیش دەگرێتەوە، دارستانەکان زیاتر لە بەشەکانی ناوەڕاست و باکووری قەزاکەدا دەبینرێن، بەوپێیەی بەرزییان زیاترەو ڕێژەی بارانبارینیشیان بەرزە، جگە لەوەی چڕیی نیشتەجێبوون لەم ناوچانەدا کەمە، هەموو ئەمانە وایانکردووە دارستانەکان زیاتر لەم بەشانەدا دابەشببن، بەڵام گژوگیاکان پەیوەست نین بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە لە هەموو ناوچەکان لەنیوەی زستانەی ساڵدا دەبینرێن، دارستان و گژوگیا لەسنووری قەزاکەدا زۆرترین ڕووبەری هەیە کە بریتیە لە (٣٦٧,٥ کم٢)، کە دەکاتە (٥٣%)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە.

---

١) يوسف عبد المجيد فايد، جغرافية المناخ والنبات، طبعة الأولى، دار النهضة العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص ٢٩٠.
٢) علي سالم الشواورة، التخطيط في العمران الريفي والحضري، طبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٢، ص ٢٧٩-٢٨٠.

## نەخشەی (٧): بەکارهێنانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی لەقەزای سەیدسادق بۆساڵی (٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە وێنەی ئاسمانیی (Lansat8)، لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/١١)، بەڕێگای (Supervised Classification) بۆ دەرخستنی (LULC)ی قەزای سەیدسادق.

## خشتەی (٣): ڕووبەر و ڕێژەی هەریەک لە بەکارهێنانەکانی زەوی و ڕووپۆشی ڕووەکی لە قەزای سەیدسادق بۆ ساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | جۆری بەکارهێنان و ڕووپۆشی ڕووەکی | ڕووبەر بە (کم٢) | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|
| ١. | دارستان و گژوگیا | ٣٦٧,٥ | ٥٣ |
| ٢. | زەویی کشتوکاڵی | ٢٦٤,٣ | ٣٨ |
| ٣. | بەردەڵانی و لوتکەی چیاکان | ٣٥,٢ | ٥ |
| ٤. | ئاوەدانییەکانی مرۆڤ | ٢٢ | ٣ |
| ٥. | ڕووبەرە ئاوییەکان | ٧,٣ | ١ |
| کۆی ڕووبەری قەزا | | ٦٩٦,٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەستهاتووەکانی نەخشەی (٧).

### ١-٢-٥-٢- زەویی کشتوکاڵی:

لەبەرئەوەی بەشی باشووری قەزاکە ناوچەیەکی تەختاییە و ناسراوە بە دەشتی نێوان چیاکان، کە بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەشتی شارەزووری پێکهێناوە، بۆیە (زەویی کشتوکاڵی چێنراو) ڕیزبەندی دووەمی بەرێژەی (٣٨%) لە بەکارهێنانەکانی زەوی پێکهێناوە بە ڕووبەری (٢٦٤,٣ کم$^{2}$)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ناوچەکە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکن. ڕەنگە ئەم بەڵگەیە بۆخۆی ببێتە گرنگترین هۆکار بۆ گرنگیدان بە ئەنجامدانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی وەک کاریگەرترین و لەپێشینەترین جۆری پەرەپێدانی هەرێمی لە ناوچەی توێژینەوەدا.

### ١-٢-٥-٣- بەردەڵانی و لوتکەی چیاکان:

لە باسکردنی بەرزی و نزمیی ناوچەی توێژینەوەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە جیۆمۆرفۆلۆجیی قەزاکە جیۆمۆرفۆلۆجییەکی ئاڵۆزە و بەشێکی زۆری ناوچەکانی ناحیەی سروچک لە باکووری قەزاکە و بەشێکی کەمی سنووری سەنتەری قەزا ناوچەیەکی شاخاوین و چەندین لوتکەی چیاو ڕووبەری بەردەڵانییان تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی بەشێکی فراوانی قەزاکە بە ڕووبەری (٣٥,٢ کم$^{2}$) بەرد و لوتکەی چیاکانیان تێدا بەدیبکرێت، واتە نزیکەی (٥%) ی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.

### ١-٢-٥-٤- ئاوەدانییەکانی مرۆڤ:

دانیشتوان، شارنشین بێت یان دێنشین، لەگەڵ زۆربوون و فراوانبوونی چالاکییەکانیدا پێویستیی زیاتری بە ڕووبەری زەوی دەبێت، بە دەربڕینێکی تر زۆربوونی دانیشتوان دەبێتە هۆی فراوانبوونی ڕووبەری ئاوەدانییەکان (Expansion of Human Settlements)، هەر نشینگەیەکی مرۆیی بەتێپەڕبوونی کات ڕووبەری فراوانتر دەبێت، فراوانبوونی ڕووبەرەکەی پەیوەستە بە گەشەی دانیشتوانەکەیەوە، ڕوبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ ئاوەدانییەکانی مرۆڤ لە قەزای سەیدسادقدا بریتیە لە (٢٢ کم$^{2}$)، واتە نزیکەی (٣%) ی کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە.

### ١-٢-٥-٥- ڕووبەرە ئاوییەکان:

ڕووبەرە ئاوییەکان، ئەو بەشەی زەوییەکانن کە بە ئاوی ڕووبار و گۆماو و دەریاچەکان داپۆشراون، بەهۆی نەبوونی دەریاچە و ڕووباری هەمیشەیی لەسنووری قەزاکەدا، ڕووبەرە

ئاوییەکان کەمترین ڕووبەریان لە پۆلێنکارییەکە پێکهێناوە، ئەویش بریتیە لە (٧,٣ کم٢)، بەڕێژەی (١%) ی ڕووبەی قەزای سەیدسادق.

سەبارەت بە کاریگەریی بەکارهێنانی زەوی و رووپۆشی ڕووەکی لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، وەک لە نەخشەی (٧)دا خراوەتەڕوو، دەردەکەوێت بەشی زۆرینەی دانیشتوان لە ناو زەوییە کشتوکاڵییەکانی باشووری قەزاکەدا نیشتەجێبوون، هەروەها زۆرترین ڕووبەری ئاوەدانییەکان دیسان لەبەشی باشووردا هەڵکەوتوون، هۆکارەکەی ئەوەیە کە نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لەنزیک زەویی کشتوکاڵی دڵنیایی زیاتری تێدایە، بەڵام بەشی باکووری قەزاکە، کە ناوچەیەکی بەرزاییە و زۆرینەی ڕووبەری دارستان و گژوگیاکانی تێدایە، کەمترین دانیشتوانی لەخۆگرتووە، هۆکاری کەمیی دانیشتوان لە دارستان و گژوگیاکاندا بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە زیاتر بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن، ژیانی ئاژەڵداریی بەگوێرەی گۆڕانی وەرزەکان و کەم و زۆریی لەوەڕگاکان شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگۆڕێت، بۆیە زۆرجار کولتووری (گەرمیان و کوێستان) واتە هەوارنشینی پەیڕەودەکەن، جگە لەوەی چالاکیی ئاژەڵداریی کەمترین دەستی کاری پێویستە، بەڵام کشتوکاڵی چاندن پێویستی زیاتری بە دەستی کار و زەویی تەخت و کەرەستە و ئامێر و سەرمایە دەبێت، هەربۆیە بەشی باشووری قەزاکە، کە زۆرینەی زەویی کشتوکاڵییە، بە بەراورد بە بەشی باکووری، کە زۆرینەی لەوەڕگا و دارستانە، دانیشتوانی زیاتر لەخۆگرتووە.

## بەشی دووەم: (گۆڕانکارییە قەبارەییەکانی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)

### ٢-١- گۆڕانە قەبارەییەکان بەگوێرەی سەرژمێرییەکان (١٩٥٧-٢٠٢٠)

### ٢-٢- گەشەی دانیشتوان

### ٢-٣- ڕێگەزەکانی گەشەی دانیشتوان

#### ٢-٣-١- لەدایکبوون

#### ٢-٣-٢- مردن

#### ٢-٣-٣- زیادبوونی سروشتی (گەشەی سروشتی)

#### ٢-٣-٤- کۆچکردن (جوڵەی شوێنی)

## بەشی دووەم: (گۆڕانکارییە قەبارەییەکانی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)

هەرێمی کوردستان بەگشتی، لەسەروبەندی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ئەمڕۆ سەقامگیریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی بەخۆیەوە نەبینییوە، بێگومان دۆخی ڕامیاری و کارگێڕی پەیوەستە بە سەرجەم کایەکانی ژیانەوە، کاریگەرییەکانیان بۆ تەواوی بەش و لایەنە بچوکەکانی ژیان و گوزەرانی هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوانی لەچوارچێوەی سنوورە ڕامیارییەکاندا شۆڕدەبنەوە. لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی داتا و زانیارییە دانیشتوانییەکان، تەنانەت تەواوی پرۆسە دیمۆگرافییەکانیش لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر ڕەوتی ئاسایی و بەگوێرەی کەتواری کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی شێوەیان نەگرتووە، بەڵکو بەردەوام قەبارەی دانیشتوان و گەشەکردن و ڕێژەی پێکهاتە جیاوازەکان و جوڵە و دابەشبوونیان، بەگوێرەی تایبەتمەندیی ڕامیاری و ئابووریی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەڵکشان و داکشانێکی ناسروشتی و چاوەڕواننەکراودا بەرزونزمییەکی یەکجار زۆریان بەخۆیانەوە بینیووە، هەموو ئەمانەش وایانکردووە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خەسڵەت و تایبەتمەندییە دانیشتوانییەکان زیاتر بە هۆکاری ڕامیارییەوە گرێدرابن و نەخشی هۆکارەکانی تر کاریگەرییان کەمتربێت.

قەزای سەیدسادق، وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان و نزیکیی لە سنووری نێودەوڵەتییەوە، بەردەوام کاریگەربووە بەو واقیعە ڕامیارییەی زاڵبووە بەسەر هەرێمدا، تەواوی ئاوەدانییەکانی مرۆڤ لەسنووری قەزای سەیدسادقدا بە هەردوو جۆری (نشینگەی دێی و نشینگەی شاری)یەوە، دووچاری خاپوورکردن بوونەتەوە، لەکۆتایی دەیەی حەفتاکان و سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا، بەشێکی زۆری دێیە سنوورییەکان و لەکۆتایی دەیەی هەشتاکاندا شاری سەیدسادقی سەنتەری قەزاکە خاپورکران، دانیشتوانەکانیان بۆ ئۆردوگاکان و ئەو شوێنانەی تر ڕاگوێزران، کە حکومەتی عێراقی دیاریکردبوون، دواتر جەنگی (عێراق-ئێران) و پاش ئەویش ئابلۆقەی ئابووری جارێکی تر کاریگەریی گەورەیان لەسەر دانیشتوان و تایبەتمەندییەکانی لە قەزاکەدا هەبووە.

هەربۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت ئەو گۆڕانکارییە قەبارەییانەی بەسەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتوون لە ماوەی سالانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) بخرێنە ڕوو، تاکو لە ڕێگەیانەوە هۆکاری پشت گۆڕانکارییەکان و جیاوازییەکانیان بەگوێرەی کات و شوێنی جیاواز دەستنیشان بکرێن، هاوکات ڕەگەز و پرۆسەکانی پێکهێنانی گۆڕانی دانیشتوان، کەخۆیان دەبیننەوە لە هەریەک لە (لەدایکبوون، مردن، کۆچ)، هەریەکەیان بەجیا ئاماژەیان پێبکرێت و کاریگەرییەکانیان لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دانیشتواندا هاتووە دیاریبکرێن.

## ٢-١- گۆڕانە قەبارەییەکان بەگوێرەی سەرژمێرییەکان (١٩٥٧-٢٠٢٠)

سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی؛ سروشتێکی دینامیکییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، زۆرجار گۆڕانەکان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەدوای خۆیاندا دەهێنن، زۆرجاریش بەپێچەوانەوە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانیان لێدەکەوێتەوە، پرسی گۆڕانی دانیشتوان؛ پرسێکی دوو لایەنە و هەردوو جۆری (گۆڕانی سروشتی و گۆڕانی میکانیکی)[*] دەگرێتەوە، کە بێگومان هەرجۆرێک لەو جۆرانە بەرئەنجامی کۆمەڵێک پرۆسەی بایۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و رامیارین، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین گۆڕانی دانیشتوان لێکەوتە و دەرئەنجامە بۆ زۆرێک لە هۆکار و پرۆسە دیمۆگرافییەکانی نێو هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی [١]. توێژینەوە دانیشتوانییەکان گرنگیەکی زۆر بە کۆمەڵگا مرۆییەکان دەدەن لە ڕووی گەشەکردنیان، زۆربوونی ژمارەیان، هەروەها لەڕووی کۆچکردنو دابەشبوونو پەیوەندیی ئەو دابەشبوونە بە پەیرەوە جیاوازەکانی جوگرافیاوە لەهەردوو بواری سروشتیو مرۆییـــدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوانە کۆمەڵێک لایەنی دیکەیان هەیە تەنیا پەیوەست نین بە زانستی جوگرافیاوە، بەڵکو ئەم لایەنانە شۆڕدەبنەوە بەناو زانستەکانی دیکەی وەک بایۆلۆجیو ئابووریو یاساییو کۆمەڵایەتیو رامیاری [٢].

لە خشتەی (٤)ەوە؛ بۆمان ڕووندەبێتەوە، لەماوەی سەرژمێرییەکانی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)، گۆڕانکاریی گەورە بەسەر قەبارەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادقدا هاتووە، ئەوەی بەڕوونی لە خشتەکەوە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە: بەتێپەڕبوونی کات ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (لەسەر ئاستی کۆی قەزاکە) بەردەوام زیادیکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیندویتی ناوچەکە و بەردەوامیی کارو چالاکییە مرۆییەکان تیایدا، چونکە ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و بەشێکی زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان دابیندەکات، هەروەها شوێنگەی قەزاکەش شوێنگەیەکی ستراتیجیی هەیە، کە کەوتۆتە ناوەندی دەشتی شارەزوورەوە و بەشەکانی تری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە و قەزای پێنجوێن و مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ پێکەوە گرێدەدات، ئەم تایبەتمەندییە گرنگەی شوێنگەی قەزاکە وایکردووە بەردەوام هەلی کار و جوڵەی ئابووری ناوچەکە زیاتربکات بە بەراورد بە قەزاکانی تری دەورووبەری، بۆیە بەردەوام گۆڕانەکانی ژمارەی دانیشتوان گۆڕانێکی ئەرێنی بووە.

---

*) **گۆڕانی سروشتی:** ئەو گۆڕانەیە لە ئەنجامی جیاوازیی نێوان مردن و لەدایکبوون دروستدەبێت، بەڵام **گۆڕانی میکانیکی:** لە ئەنجامی پرۆسەی کۆچی مرۆڤ، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کە دواجار جیاوازی لە ژمارەی دانیشتوان لەهەردوو ناوچەی کۆچلێکراو و کۆچبۆکراودا دروستدەکات.

١) عبد الحسين الزيني، الإحصاء الديموغرافي (الإحصاء السكاني)، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة بغداد (كلية الاقتصاد والعلوم السياسية)، بغداد ١٩٦٩، ص ٧٢-٧٣.

٢) فؤاد محمد الصقار، دراسات في الجغرافية البشرية، طبعة الأولى، منشأة المعارف بالإسكندرية، ١٩٧٠، ص ٣٠-٣٧.

## خشتەی (٤): گۆڕانکاریی قەبارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | سەنتەری قەزای سەیدسادق | | | ناحیەی سروچک | | | کۆی قەزا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | دێ | کۆ | شار | دێ | کۆ | شار | دێ | کۆ |
| ١٩٥٧ | ١١٥١ | ٧٧٧١ | ٨٩٢٢ | ١٥٢٥ | ٨٠٨٠ | ٩٦٠٥ | ٢٦٧٦ | ١٥٨٥١ | ١٨٥٢٧ |
| ١٩٦٥ | ١٦٠٤ | ٩٥٢٧ | ١١١٣١ | ١٧٢١ | ١٠٦٠٢ | ١٢٣٢٣ | ٣٣٢٥ | ٢٠١٢٩ | ٢٣٤٥٤ |
| ١٩٧٧ | ٧٨٩٥ | ١٤٨٠٦ | ٢٢٧٠١ | ١٤٧٨ | ١٠٥١٨ | ١١٩٩٦ | ٩٣٧٣ | ٢٥٣٢٤ | ٣٤٦٩٧ |
| ١٩٨٧ | ٢٦١٩٣ | ١٩٥٢٧ | ٤٥٧٢٠ | ٢١٥٢ | نەزانراو | *٢١٥٢ | ٢٨٣٤٥ | ١٩٥٢٧ | ٤٧٨٧٢ |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٢٨٢ | ١٧٧٤٦ | ٤٨٠٢٨ | ٤٨٠ | ٥١٥٩ | ٥٦٣٩ | ٣٠٧٦٢ | ٢٢٩٠٥ | ٥٣٦٦٧ |
| ٢٠١٠ | ٥٢٥٤٥ | ١٨٢٨٤ | ٧٠٨٢٩ | ٥٢٢ | ٣٠٥٦ | ٣٥٧٨ | ٥٣٠٦٧ | ٢١٣٤٠ | ٧٤٤٠٧ |
| ٢٠٢٠ | ٧٩١٤٣ | ١٣١٨٤ | ٩٢٣٢٧ | ٦٢٢ | ٢٥٥١ | ٣١٧٣ | ٧٩٧٦٥ | ١٥٧٣٥ | ٩٥٥٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەم زانیارییانەی خوارەوە:

١- الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لیواء السليمانية وكركوك، الجداول رقم (٨)، ص ٢٢-٢٤.

٢- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظة السليمانية، الجداول رقم (١)، ص ٧-٨.

٣- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية، الجداول رقم (٢٢)، ص ٣٥-٣٦.

٤- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية، الجداول رقم (١)، ص ١-٢.

٥- حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، ص ٥٧، ٥٨، ١١٥، ١١٦.

٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی ٢٠٠٩، لا ٧١-٧٥.

٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری سەیدسادق، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتیی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی یەکی سلێمانی، فەرمانگەی دارایی قەزای سەیدصادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

٩- سەردانی مەیدانیی توێژەر، بۆسەرجەم دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق.

---

*) دۆخی ئەوکاتەی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بەهۆی جەنگی (عێراق-ئێران)ەوە هەروەها نزیکیی ناحیەی سرووچک لە سنوری نێودەوڵەتی و وڵاتی ئێرانەوە، وایکرد لەو ساڵەدا تیمەکانی سەرژمێری تەنیا دانیشتوانی ناوەندی ناحیەی سرووچک هەژماربکەن، بەهۆی بوونی مەترسیی جەنگ و ئاڵۆزیی تۆپۆگرافیای ناحیەکە و خراپیی دۆخی ڕێگاوبانەکان، کە تۆپخانەکانی ئێران وێرانیکردبوون، هیچ زانیارییەک لەسەر دێیەکانی ناحیەکە تۆمارنەکرا.

هەروەها بە سەرنجدانی زیاتر لە خشتەکە و شێوەی ژمارە (٣)، دەتوانرێ جیاوازی گۆڕانی قەبارەیی لەسەر ئاستی ناحیەکان هەستپێبکرێت، بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی سەنتەری قەزا بەردەوام لەزیادبووندا بووە و دانیشتوانی ناحیەی سروچک کەمیکردووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سنووری ناحیەی سروچک بەزۆری دێنشین، تەنانەت دانیشتوانی ناوەندی ناحیەکەش، بەهۆی شوێنگەکەی و دابڕاویی لە شار و شارۆچکەکانی تر زیاتر شێوازی ژیانی دێنشینیی بەسەردا زاڵە، واتە تەنیا لەڕووی کارگێڕی و بوونی دام و دەزگای کارگێڕییەوە بووەتە شار، بە دەربڕینێکی تر: تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دێیانەی سنورەکە کراوە بە نشینگەیەکی شاری و دام و دەزگای کارگێڕییی تێدا دامەزرێنراوە[*]، بەڵام لە ڕاستیدا؛ کارو چالاکی و ژیانی ڕۆژانەی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی هاوشێوەی ژیانی دانیشتوانی دێیەکانن. بۆیە دانیشتوانی دێیەکانی سەر بەناحیەی سروچک هەرکات بیانەوێ کۆچ بۆ شاربکەن، ڕوودەکەنە شارەکانی سلێمانی و عەربەت و سەیدسادق، کەمتر ڕوودەکەنە شاری بەرزنجە کە ناوەندی ناحیەکەی پێکهێناوە.

شێوەی (٣): ئاراستەکانی گۆڕانی قەبارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەتن بە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٤).

*) لە هەرێمی کوردستان، کە بەشێکە لە وڵاتی عێراق، بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی ژمارە (١٦٥)ی ساڵی (١٩٦٤)، هەموو ئەو نشینگانەی یەکەی کارگێڕیان تێدا هەبێت بە (نشینگەی شاری) هەژماردەکرێن و شارەوانییان بۆپێکدەهێنرێت، هەروەها هەموو ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی سنوری شارەوانییەکانن بەناوچەی دێهاتی دادەنرێن. بڕوانە:
(صلاح حمید الجنابي، جغرافية الحضر (اسس وتطبيقات)، طبعة الأولى، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧، ص ٢٠).

بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، گۆڕانکارییەکانی قەبارەییان ئەرێنی بووە، بەو واتایەی دانیشتوانی بەردەوام زیادیکردووە، بەڵام لەسەر ئاستی ناحیەکان، وەک لە شێوەی (٣) دا دەردەکەوێت دانیشتوانی ناحیەی سروچک لەساڵی بنەڕەتەوە تا ساڵی (١٩٦٥) بەرەو زیادبوون ڕۆشتووە، بەپێچەوانەوە لەساڵی (١٩٧٧) ەوە بەردەوام ژمارەیان کەمیکردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات جیاوازیی گۆڕانی قەبارەیی دانیشتوانی قەزاکە بەگوێرەی ڕەهەندەکانی (کات و شوێن) بەرزونزمی و هەڵکشانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەشێکی هۆکارەکان ڕامیارین و پەیوەستن بەدۆخی ڕامیاریی هەرێمی کوردستانەوە، بەشێکی دیکەیان ئابوورین و بە سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستانەوە گرێدراون، کە دێیەکان و چالاکیی کشتوکاڵی بەتەواوی فەرامۆشکراوە، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی دانیشتوانی دێیەکان بۆ شارەکان کۆچبکەن، بەشێکی دیکەی هۆکارەکان بۆ سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی دەگەڕێتەوە، بەوەی سروشتێکی دینامیکیی هەیە و بەردەوام بەهۆی گەشەی سروشتی دانیشتوان و گەشەی میکانیکییەوە ژمارەیان زیاد دەکات.

## ٢-٢- گەشەی دانیشتوان

گەشەی دانیشتوان؛ لەسەر ئاستی جیهان لە دیارترین دیاردە و پرسە دیمۆگرافییەکانی سەردەمی ئەمڕۆ هەژماردەکرێت، بەجۆرێک وەک ئاڵنگارییەکی گرنگی مرۆڤایەتی لێی دەڕوانرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگە دانیشتوانییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، کە گەشەی دانیشتوانیان لە گەشەی ئابوورییان بەرزترە. توێژینەوە دانیشتوانییەکان لەکاتی دۆزینەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراودا، پشت بە دوو ڕێگای سەرەکی دەبەستن، ئەوانیش [١]:

- هەژمارکردنی جیاوازیی ژمارەیی لەنێوان دوو سەرژمێریی جیاوازدا، وەک بەراوردکردن لەنێوان دانیشتوانی سنووری جوگرافیایەکی دیاریکراو لەماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا، ئەو زیادبوون و جیاوازییەی بەسەر ژمارەی دانیشتواندا دێت بەها و بڕی گەشەکە دیاریدەکات.
- لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییەی لە تۆمارەکانی لەدایکبوون و مردندا بوونیان هەیە، ئەویش دوای هەژمارکردنی ژمارەی هەریەک لە (لەدایکبوون و مردن)، پاشان دۆزینەوەی ئەو جیاوازییەی لەنێوانیاندا هەیە، دواتر دانانی لەسەر ناوەڕاستی ژمارەی دانیشتوان لەساڵێکی دیاریکراودا، بۆئەوەی بگەین بە (ڕێژەی گەشەی سروشتی).

ئەوەی لە خشتەی (٥) دا خراوەتەڕوو، بریتیە لە ڕێژەی گشتیی گەشەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، بە بەکارهێنانی ڕێگەی یەکەمی هەژمارکردنی گەشەی دانیشتوان، واتە: (هەژمارکردنی جیاوازیی ژمارەیی لەنێوان دوو سەرژمێریی جیاوازدا)، کە باوترین جۆری

---

١) شوقي عطية، علم السكان (في البحث التطبيقي والإحصائي)،ط ٢، دار نلسن للنشر والتوزيع، ٢٠٢٠، ص ١٣١-١٣٢.

## خشتەی (٥): ڕێژەی گەشەی(*) دانیشتوان بۆ قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٢٠)

| زانیارییەکان / ساڵەکان | ژمارەی دانیشتوان | | زیادبوونی ڕەها | | گەشەی ساڵانە (%) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەزا | پارێزگا(**) | قەزا | پارێزگا | ماوەی گەشە | قەزا | پارێزگا |
| ١٩٥٧ | ١٨٥٢٧ | ٣٠٤٨٩٥ | – | – | – | – | – |
| ١٩٦٥ | ٢٣٤٥٤ | ٣٩٩٧٦٨ | ٤٩٢٧ | ٩٤٨٧٣ | ١٩٥٧–١٩٦٥ | ٣ | ٣،٤ |
| ١٩٧٧ | ٣٤٦٩٧ | ٦٩٠٥٥٧ | ١١٢٤٣ | ٢٩٠٧٨٩ | ١٩٦٥–١٩٧٧ | ٣،٢٦ | ٤،٥٦ |
| ١٩٨٧ | ٤٧٨٧٢ | ٩٥١٧٢٣ | ١٣١٧٥ | ٢٦١١٦٦ | ١٩٧٧–١٩٨٧ | ٣،٢٢ | ٣،٢١ |
| ٢٠٠٢ | ٥٣٦٦٧ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٥٧٩٥ | ٢٩٨١٠١ | ١٩٨٧–٢٠٠٢ | ٠،٧٦ | ١،٨٢ |
| ٢٠١٠ | ٧٤٤٠٧ | ١٨٥١٤٣٣ | ٢٠٧٤٠ | ٦٠١٦٠٩ | ٢٠٠٢–٢٠١٠ | ٤ | ٤،٩ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥٥٠٠ | ٢٤٨٨١٧١ | ٢١٠٩٣ | ٦٣٦٧٣٨ | ٢٠١٠–٢٠٢٠ | ٢،٥ | ٢،٩٦ |
| سەرجەم | | | ٧٦٩٧٣ | ٢١٨٣٢٧٦ | ١٩٥٧–٢٠٢٠ | ٢،٦ | ٣،٣٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەم زانیارییانەی خوارەوە:

١– الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ليواء السليمانية وكركوك.
٢– الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظة السليمانية.
٣– الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية.
٤– الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية.
٥– حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبى الخدمية الإرتكازية الاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.
٦– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی ٢٠٠٩.
٧– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری سەیدسادق، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.
٨– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتیی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی یەکی سلێمانی، فەرمانگەی دارایی قەزای سەیدصادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.
٩– سەردانی مەیدانیی توێژەر، بۆسەرجەم دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق.

---

*) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەرهێنراوە:

$$r=\{\sqrt[t]{\frac{p1}{p0}}-1\}*100$$

( r= ڕێژەی گەشەی ساڵانە، t= ماوەی نێوان ساڵانی سەرژمێرییەکان، p1= ژمارەی دانیشتوانی دواین سەرژمێری، p0= ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێریی پێشوو)

سەرچاوە:

Source: john I, Clarke, Population Geography, 2nd Edit, Pergamon Press, Oxford, 1972, p 146.

**) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگا، بە ژمارەی دانیشتوانی قەزای سەیسادقیشەوە هەژمارکراوە.

ڕێژەیە لەوڵاتی عێراق و بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی کە زانیاری و داتا دانیشتوانییەکانیان هەژارن یاخود بەزۆری داتای ڕەهایان تێدا بەردەستە. لە خشتەکەوە؛ دەرکەوتووە لەماوەکانی گەشەدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەرزونزمی و هەڵکشان و داکشانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بێگومان هۆکاری ئەم هەڵبەزو دابەزەش بۆ تایبەتمەندیی ناوچەی توێژینەوە و گۆڕانە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەریەک لەو ماوانەدا دەگەڕێتەوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دۆخی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی هەتا ئەمڕۆش، دۆخێکی ناجێگیرە، ئەم دۆخەش دواجار کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان و ئاستی گوزەرانی دانیشتوان و پرۆسە و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانیان هەبووە.

بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٠) دا بووە بە ڕێژەی (٤%)، هەروەها بەرزترین ڕێژەی گەشەی پارێزگاش لەهەمان ماوەدا بووە بەڕێژەی (٤،٩%)، لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) دا بووە بەڕێژەی (٠،٧٦%)، تەنانەت لە سەر ئاستی پارێزگاش هەمان ئەم ماوەیە کەمترین ڕێژەی گەشەی هەبووە، کە بریتیبووە لە (١،٨٢%)، ئەو ماوەیە بەگشتی ماوەیەکی سەخت بووە بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە جەنگی (عێراق-ئێران) و (عێراق-کوەیت) و ئابڵوقەی ئابووریی تێیدا ڕوویانداوە، ئەم دوو هۆکارە و هۆکاری تری وەک خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی و وێرانیی سەرخان و ژێرخانی هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، بوونە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان بۆ دەرەوەی کوردستان و بەرەو هەندەران کۆچبکەن، بەتایبەت لە کۆتایی هەشتاکانەوە تاکو کۆتایی نەوەدەکان، بەدیاریکراوی پاش هەڵگرتنی ئابڵوقەی ئابووری و دەرچواندنی بڕیاری (٩٨٦) ی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، کە لەساڵی (١٩٩٨) دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەگەر گەشەی دانیشتوانی قەزاکە بەراوردبکەین بە گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، وەک لەشێوەی (٤)دا دیارە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت: جگە لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧)، کە گەشەی قەزای سەیدسادق بەرزتربووە لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەکانی (٣،٢٢%) و (٣،٢١%)، تەواوی ماوەکانی تر گەشەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق کەمتر بوون لە گەشەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەگشتی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تاکو ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧)یش دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان بەگشتی ڕێژەی دێنشینی زیاتر بووە لە شارنشینی، سنووری قەزای سەیدسادقیش تەنیا یەک شاری تێدا بووە ئەویش شاری سەیدسادق بووە، ناوەندی ناحیەی سروچک (بەرزنجە) ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوشێوەی دێیەکان بووە، بۆیە کەمترین دانیشتوانی تێدایە و دێیەکان بەگشتی زۆرترین دانیشتوانیان لەخۆگرتووە. بەڵام لەماوەکانی دواتردا بەهۆی ڕووخاندن و وێرانکردنی دێیەکان بە بیانووی جۆراوجۆر و سوتاندنی باخ و ڕەزی

جوتیارانی دێیەکان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، دواتریش بەهۆی خراپیی سیاسەتی ئابووریی هەرێمی کوردستان و پشتگوێخستنی کشتوکاڵ و ئاوەدانەکردنەوەی دێییەکانەوە، بەشێکی زۆری دێنشینانی سنووری قەزاکە بۆ سەنتەری پارێزگاکە (شاری سلێمانی) کۆچیانکرد، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزاکە کەمتربێت لە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی.

**شێوەی (٤): ڕێژەی گەشە، بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٢٠)**




| | 1957-1965 | 1965-1977 | 1977-1987 | 1987-2002 | 2002-2010 | 2010-2020 | 1957-2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای سەیدسادق | 3 | 3.26 | 3.22 | 0.76 | 4 | 2.5 | 2.6 |
| پارێزگای سلێمانی | 3.4 | 4.56 | 3.21 | 1.82 | 4.9 | 2.96 | 3.33 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەتن بە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٥).

### ٢-١-٢- گەشەی دانیشتوانی شارنشین و دێنیشین (گەشەی ژینگەیی دانیشتوان):

جیاوازییەکانی گەشەی دانیشتوان، لەسەرئاستی شوێن و کات خرانەڕوو، ئەوەی کەماوە بزانرێ گەشەی شارنشین و دێنشینە لەسەر ئاستی قەزاکە، تاکو بزانرێت ئایا گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەتەواوی نشینگە شاری و دێییەکاندا هاوسەنگە؟، یاخود جیاوازیی گەورە لە نێوان گەشەی هەریەکەیاندا هەیە؟، چونکە ئەم جۆرە لە گەشە لە توێژینەوە دانیشتوانییەکاندا بایەخی زۆری هەیە و کاریگەریی ئابووری و کۆمەلایەتی و دیمۆگرافی جێدەهێڵێت.

لەخشتەی (٦)ە وە دەردەکەوێت: گەشەی دانیشتوان دیسان لەسەر ئاستی شار و دێیەکانیش جیاوازیی هەیە، جگە لەوەی ئاراستەکانی گەشەی هەریەکەیان بە گوێرەی ماوە و کاتە جیاوازەکان دەگۆڕێن، لەماوەکانی گەشەی دانیشتواندا لە قەزای سەیدسادق، گەشەی شارنشینی بەردەوام زیاتربووە لە گەشەی دێنشینی، ماوەکانی (١٩٥٧-١٩٦٥، ١٩٦٥-١٩٧٧، ١٩٧٧-١٩٨٧)، گەشەی شارنشینی بەردەوام لەزیادبووندا بووە، بەڵام گەشەی دێنشینی کەمیکردووە، ماوەکانی دواتر واتە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) دا، ڕێژەکان دابەزین بەخۆیانەوە دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا دیسان گەشەی شارنشینی زیاتربووە، ئەم ڕاستیە دەریدەخات لەماوەی توێژینەوەدا بەردەوام گەشەی شارنشینی زیاتربووە، ئەمەش لاسەنگییەکی گەورەی لە گەشەی ژینگەیی دانیشتواندا دروستکردووە.

### خشتەی (٦): ڕێژەی گەشەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای سەیدسادق لە ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| یەکەی کارگێڕی / ساڵەکان | سەنتەری قەزای سەیدسادق | | ناحیەی سروچک | | قەزای سەیدسادق | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین (%) | دێنشین (%) | شارنشین (%) | دێنشین (%) | شارنشین (%) | دێنشین (%) |
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٤،١٥ | ٢،٥٥ | ١،٥١ | ٣،٤ | ٢،٧١ | ٣ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ١٣،٢٨ | ٣،٦٧ | ١،٢٧– | ٠،٠٧– | ٩ | ١،٩١ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ١٢ | ٢،٧٧ | ٣،٧٦ | نەزانراو | ١١ | ٢،٦– |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ١ | ٠،٦٤– | ١٠– | نەزانراو | ٠،٥٥ | ١،٠٦ |
| ٢٠٠٢-٢٠١٠ | ٦،٩ | ٠،٣٧ | ١،٠٥ | ٦،٥٥– | ٦،٨٢ | ٠،٨٨– |
| ٢٠١٠-٢٠٢٠ | ٤،١٠ | ٣،٢٧– | ١،٧٥ | ١،٨١– | ٤،٠٨ | ٣،٠٥– |
| ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٦،٧٢ | ٠،٨٤ | ١،٤٢– | ١،٨٣– | ٥،٣٩ | ٠،٠١– |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٤)، لەڕێگەی بەکارهێنانی هەمان هاوکێشەی خشتەی ژمارە (٥)ەوە.

هۆکاریی نزمیی گەشەی دێنشینی بەدرێژایی ماوەی توێژینەوە، بۆ کۆمەڵێک هۆکاری تەکنیکی و ڕامیاری دەگەڕێتەوە:

- تۆمارنەکردنی بەشێکی زۆری دێنشینان لە سەرژمێرییەکاندا بەهۆکاری بوونی مەترسییەکانی جەنگ، بەتایبەت ئەو قەدەغە کارگێڕییەی کە حکومەتی عێراق لەسەر دێیەکان داینابوو.
- چۆڵکردنی بەشی زۆری نشینگە دێییەکان بەبیانووی جۆراوجۆری وەک: (ناوچەی ستراتیجی و ناوچەی سنووری و بوونی هێزەکانی پێشمەرگە) تیایاندا.

سەرەڕای دروستبوونی لاسەنگییەکە، لەهەمان کاتدا، ئەم ئاراستەیە دەرئەنجامێکی باشی نابێت و دەرهاویشتە و لێکەوتەی مەترسیدار بۆ بەشێکی زۆری پرسەدانیشتوانییەکان و پرسەکانی

پەرەپێدان و پرسی ژینگەی و ڕامیاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بوونی ئەم ئاراستانە (زیادبوونی شارنشینیو کەمبوونەوەی دێنشینی)؛ لەهەر هەرێم و دەوڵەتێکدا، ئاماژەیەکی باش نین بۆ ئایندەی ناوچەکە، چونکە دەبنە لەمپەڕ لەبەردەم ڕەوتی گەشەپێداندا، بە واتایەکی تر: زیادبوونی شارنشینی واتە تێکچوونی هاوسەنگیی دابەشبوونی دانیشتوان، ئەمیش واتە کەمبوونەوەی قەبارەی دێهاتو فراوانبوونێکی لەڕادەبەدەری شار، کە دواجار زۆربوونی قەبارەی پیسبوون لە شارەکانداو زۆربوونی کێشەکانی نیشتەجێبوونو فشاری زیاتر بۆ سەر خزمەتگوزارییەکان بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

ئەوەی لە شێوەی (٥)ەوە هەستیپێدەکرێت؛ ئەوەیە کە بەردەوام گەشەی شارنشینی زیاتر بووە لە گەشەی دێنشینی، تەنیا لەماوەکانی گەشەی (١٩٥٧-١٩٦٥ و ١٩٨٧-٢٠٠٢) دا، گەشەی دێنشینی لە گەشەی شارنشینی زیاتربووە، لەماوەی یەکەمدا گەشەی شارنشینی (٢،٧١%) بووە، لە بەرامبەردا گەشەی دێنشینی (٣%) بووە، هۆکاری بەرزیی گەشەی دێنشینی لەم ماوەیەدا ئەوە بووە بەشی زۆری دانیشتوانی قەزاکە لە دێیەکاندا نیشتەجێبوون و هەردوو شاری (سەیدسادق و بەرزنجە) دوو سەنتەری شارستانی بچوک بوون و ژیانیان هاوشێوەی دێیەکان بووە، لەماوەی دووەمیاندا گەشەی شارنشینی بۆنزیک (سفر) و تائاستی (٠،٥٥%) دابەزیوە، بەڵام لە بەرامبەردا گەشەی دێنشینی بووە بە (١،٠٦%)، کە بەرزتربووە لەگەشەی شارنشینی، هۆکاری بەرزی گەشەی دێنشینی بەرامبەر کەمی گەشەی شارنشینی لەم ماوەیەدا، بۆ ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) دەگەڕێتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئۆردوگا زۆرەملێکان بۆ دێیەکان و زێدی خۆیان گەڕانەوە. هەروەها هۆکاری دابەزینی هەردوو گەشەی شارنشین و دێنشین لەو ماوەیەدا، بۆ ڕووخاندنی شاری سەیدسادق و دێیەکانی سنوورەکان و ڕاگواستنیان بۆ ئۆردوگا زۆرملێییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام جارێکی تر لەماوەکانی (٢٠٠٢-٢٠١٠ ، ٢٠١٠-٢٠٢٠) دا گەشەی دێنشینی دووبارە دابەزینێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت و تا ئاستی (-٠،٨٨% ، -٣،٠٥%) دادەبەزێت، هەموو ئەم ئاراستانە ئەوەمان پێدەڵێن دێنشینی لە قەزای سەیدسادق بەرەو کەمبوونەوەیەکی مەترسیدار دەچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی هەرێمیی ناوچەکە بکەوێتە مەترسیەوە و بارگرانییەکی زۆریش لەسەر لایەنی کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکان لە هەریەک لە شارەکانی: (سەیدسادق و بەرزنجە)دا دروستببێت، جگە لە مەترسییە ژینگەییەکان و لێکەوتەکانیان لەسەر دۆخی تەندروستی و گرفتە کۆمەڵایەتی و داراییەکانی دانیشتوانی هەریەک لەو شارانە، بەتایبەت شاری سەیدسادقی ناوەندی قەزاکە، لەساڵی (٢٠٢٠)دا بەشێکی زۆری دانیشتوانی قەزاکەی تێدا کۆبووەتەوە، بەجۆرێک جگە لە دانیشتوانی شاری بەرزنجە بەتەنیا لە (٨٣%) ی کۆی دانیشتوانی هەموو قەزاکەی تێدا نیشتەجێیە.

**شێوەی (٥): ئاراستەکانی گەشەی ساڵانەی شارنشینی و دێنشینی لە قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەتن بە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٦).

## ٢-٣- ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان

ئاشکرایە پرۆسەی گەشەی دانیشتوان؛ تەنیا هۆکارێک تێیدا ڕۆڵ نابینێت، بەڵکو کۆمەڵە هۆکار و فاکتەرێکی جۆراوجۆر پێکەوە گەشەی دانیشتوان بەرجەستەدەکەن، کاریگەری و قورسایی هەریەک لەو هۆکارانە نابەرامبەرە و بەرێژەی جیاواز ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەکەدا دەبینن. گرنگترین ئەو فاکتەرانەی شارەزایان و توێژەرانی دیمۆگرافی دیارییانکردوون بریتین لە فاکتەرە کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، تەندروستی، ژینگەیی، دەروونی (بایۆلۆجی) و ڕامیارییەکان، لەگەڵ کۆمەڵێ هۆکاری تری تێهەڵکێش و زۆر پرسی تری ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی هەر کۆمەڵگەیەک، کە هەموویان پێکەوە نابەرامبەریی گەشەی دانیشتوان لەکات و شوێنی جیاوازدا ئاراستەدەکەن [١].

لەسەر ئاستی جیهان، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان تەنیا بە گەشەی سروشتی کاریگەرە، بەڵام لەسەرئاستی هەرێمایەتی زیاتر گەشەی سروشتی و پوختەی کۆچ پێکەوە کاریگەرییان زیاترە [٢]، ئەمەش ئەوە دەردەخات جوڵەی دانیشتوان لەشوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر کاریگەریی لۆکاڵی و هەرێمایەتی لەسەر ئاستی وڵاتان و هەرێمەکان بەجێدەهێڵێت.

---

١) فراس عباس البياتي، الانفجار السكاني والتحديات المجتمعية، طبعة الأولى، دار غيداء للنشر والتوزيع، بغداد ، ٢٠١١، ص ٤٧.

٢) كايد عثمان أبو صبحة، جغرافية السكان، طبعة الأولى، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥، ص ١٠٠.

پێکهاتە سەرەکییەکانی گەشەی دانیشتوان بریتین لە سیانەی (لەدایکبوون، مردن، کۆچ)، بۆیە پێویستە باس لە هەریەک لەو پێکهاتانە لەناوچەی توێژینەوەدا بکرێت، تاکو بزانرێت ئاراستە و کاریگەریی هەریەک لەو پیکهاتانە لەسەر گۆڕانکاری و گەشەی دانیشتوان چۆن بووە.

### ٢-٣-١- لەدایکبوون

شارەزایانی بواری دانیشتوان و کۆمەڵناسان، بزاوتە دانیشتوانییەکان بە بزاوت و جوڵەی هەر بوونەوەرێکی تری زیندوو دەچوێنن، پێیانوایە دانیشتوانیش دەجوڵێت، چ لەرێگەی رەوکردن (کۆچ) ەوە بێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یان لەرێگەی گەشەکردنی سروشتییەوە، کە تیایدا نەوەکان یەک لەدوای یەک دێن و دەڕۆن، ئەگەر رەوکردن ئامرازی جوڵەی جوگرافیی دانیشتوان بێت، ئەوا لەدایکبوون گرنگترین ئامرازی سروشتیی زۆربوونی ئەو دانیشتوانەیە [١]. ڕێژەی لەدایکبوون لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە بەتەنیا بیرۆکەیەکی ڕاستیمان لەسەر گەشەی دانیشتوان ناداتێ، ئەگەر بە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراوی بەراوردنەکەین، چونکە ژمارەی دانیشتوانیش بەهەمان شێوە گۆڕانی بەسەردا دێت، سەرەڕای ئەوەی لەدایکبوون پرۆسەیەکە لەسەر خواستی مرۆڤ خۆی وەستاوەتەوە، پێچەوانەی مردن کە بەخواستی مرۆڤ خۆی ڕوونادات، هەربۆیە لەدایکبوون بە چەند فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژوویی کاریگەرە، واتە ناکرێت لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوان جیابکرێتەوە [٢].

هەروەک باسکرا، لەدایکبوون لە کۆمەڵگەدا گرنگی و بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە، بەڵام پێویستە بزانین گرنگییەکەی لەکوێوە دەردەکەوێ، لە ڕاستیدا پرسەکە بەپرسی پیتدارییەوە پەیوەستە، لە هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر ژمارەی رەگەزی مێینە لەگەڵ رەگەزی نێرینە لێک نزیکبوون، لەم کۆمەڵگەیە ڕێژەی هاوسەرگیری بەرزدەبێت، جگە لە ڕەهەندی تەمەنی ئافرەتان کە زیاتر لە تەمەنی (١٥-٤٥) ساڵی گرنگترین قۆناغی پیتداریی ئافرەت دیاریدەکات، سەرئەنجام پرۆسەی لەدایکبوونیان لەسەر بەندە [٣]. کەواتە لەدایکبوون لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی سروشتیە، بەڵام دواتر بە بارودۆخە مرۆیی و کولتوورییەکانی نێو هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوانیەوە گرێدراوە بەوەی ئاخۆ ڕێژەی لەدایکبوون و پیتداری بەرزە، یاخود بەپێچەوانەوە لەئاستێکی نزمدایە.

---

١) محەمەد شوانی، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتووان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣، لا ١١١-١١٢.

٢) خليل إسماعيل محمد، قضاء خانقين (دراسة في جغرافية السكان)، طبعة الثانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٢، ص ٩٣-٩٤.

٣) عبد المجيد غفور ابراهيم، کۆمەڵناسیی دانیشتوان (توێژینەوەیەکی شیکاریی ئامارییە) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٩٤.

بۆئەوەی بزانین ڕێژەی لەدایکبووان لەماوەیەکی دیاریکراوی ناوچەی توێژینەوەدا چەندە؟ پێویستمان بە بەکارهێنانی ڕێگەیەکی ئاماری هەیە، تاکو لەڕێگەیەوە ڕێژەی لەدایکبووان بۆ هەریەک لەو ساڵانە بدۆزینەوە، هەروەها بەراوردیان بکەین بە ڕێژەی هەمان ئەو ساڵانە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، ئەمەش دەتوانێت دەروازە بۆ کۆمەڵێ شیکاری و لێکدانەوەی بابەتی بکاتەوە تاکو لەڕێگەیانەوە جیاوازییە کاتی و شوێنییەکان هەڵبسەنگێنین و هۆکارەکانی دروستبوونی هەمان ئەو جیاوازییانە بخەینەڕوو. بۆئەم مەبەستەش پێویستمان بە بەکارهێنانی: (ڕێژەی گشتیی لەدایکبوون) هەیە، کە لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەردەهێنرێت[١]:

**ژمارەی لەدایکبووانی زیندووی ساڵێک**

**[ڕێژەی گشتیی لەدایکبوون= (________________________×١٠٠٠]**

**ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی هەمان ساڵدا**

بە تێڕوانین لە هەریەک لە خشتەی (٧) و شێوەی (٦)، دەتوانین ئەوە هەستپێبکەین ڕێژەی لەدایکبوون هەم لەسەر ئاستی قەزا و هەم لەسەر ئاستی پارێزگاش دابەزینیان بەخۆیانەوە بینیووە، هەروەها ئەوەش دەبینرێت، کە ڕێژەی لەدایکبوون لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١١) لە قەزای سەیدسادق بەشێوەیەکی گشتی بەرزتربووە بە بەراورد بە کۆی پارێزگای سلێمانی، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠) دۆخەکە پێچەوانەدەبێتەوە، بەوەی ڕێژەی لەدایکبوون لەسەر ئاستی پارێزگا بەرزدەبێتەوە و لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە دادەبەزێت.

هۆکارەکانی بەرزبوونەوە و دابەزینی ڕیژەی لەدایکبوون لە هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوانی، پەیوەستە بە کۆمەڵێک بارودۆخەوە، یان دەکرێت بڵێین ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕێژەی لەدایکبوون بریتین لە:

---

١) علي سالم احميدان ومحمود الحبيس، جغرافيا السكان (مدخل الى علم السكان)، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١، ص ٢٤٢.

## خشتەی (٧): ڕێژەی لەدایکبووانی تۆمارکراو لە قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، لەماوەی سالآنی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)

| سال | قەزای سەیدسادق | | | پارێزگای سلێمانی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی سالدا | ژ. لەدایکبووان | ڕێژەی لەدایکبووان (لەهەزار) | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی سالدا | ژ. لەدایکبووان | ڕێژەی لەدایکبووان (لەهەزار) |
| ٢٠٠٠ | ٤٩٨٧٦ | ٢٠٣٩ | ٤٠٫٨ | ٨٠٤٥٧٥ | ١٦٣٨١ | ٢٠٫٣ |
| ٢٠٠١ | ٥٠٠٢٣ | ١٤٦٠ | ٢٩٫١ | ٨٣٢١٢٣ | ١٥٩٢٦ | ١٩٫١ |
| ٢٠٠٢ | ٥٢٦٦٧ | ١٧٠٨ | ٣٢٫٤ | ٨٧٠٢٢٨ | ١٧٠١٢ | ١٩٫٥ |
| ٢٠٠٣ | ٥٤١١١ | ١٦٧١ | ٣١ | ٨٩٨٤٣٢ | ١٥٥٦٠ | ١٧٫٣ |
| ٢٠٠٤ | ٥٦٦٣١ | ١٠٣٨ | ١٨٫٣ | ٩٤١٢٣٩ | ١٧٦٦١ | ١٨٫٧ |
| ٢٠٠٥ | ٥٩٢٢١ | ١٢٤٤ | ٢١ | ١٠١٢٣٤٥ | ١٨٧٧٢ | ١٨٫٥ |
| ٢٠٠٦ | ٦٢٩٨٧ | ١٤٠٦ | ٢٢٫٣ | ١٢١٨٠٤٤ | ١٩٥١٠ | ١٦٫١ |
| ٢٠٠٧ | ٦٥٥٤٣ | ١٣٩٥ | ٢١٫٢ | ١٣٢٤٩٨٧ | ٢٠٠٩١ | ١٥٫٢ |
| ٢٠٠٨ | ٦٨٤٥٦ | ١٦٧٧ | ٢٤٫٥ | ١٤٠١١١٦ | ٢٠١٢٢ | ١٤٫٤ |
| ٢٠٠٩ | ٧١١١٩ | ١٤٢٥ | ٢٠ | ١٧٦٥٤٤٣ | ٢١٣٩٢ | ١٢٫١ |
| ٢٠١٠ | ٧٣٢٠٤ | ١٢٧٨ | ١٧٫٥ | ١٨٠٣٣١٤ | ٢١٩٢٧ | ١٢٫٢ |
| ٢٠١١ | ٧٥٣٢٠ | ١١١٩ | ١٤٫٨ | ١٨٩٧٤٣٢ | ٢٢٣٥٠ | ١١٫٨ |
| ٢٠١٢ | ٧٧٤٦٠ | ٧٤٦ | ٩٫٦ | ١٩٠١٢٣٤ | ٢٦٦٨٠ | ١٤ |
| ٢٠١٣ | ٧٩٨٧٢ | ٦٥٤ | ٨٫١ | ١٩٨٧٥٦٩ | ٢٩١٩٥ | ١٤٫٧ |
| ٢٠١٤ | ٨١٩٨١ | ٩٢١ | ١١٫٢ | ١٩٩٨٧٦٥ | ٣١٩٣١ | ١٦ |
| ٢٠١٥ | ٨٤٠٠١ | ٩٣٥ | ١١٫١ | ٢٠٠٩٧٦١ | ٣٢٦٠٧ | ١٦٫٢ |
| ٢٠١٦ | ٨٥٩٣٢ | ٩٤٣ | ١١ | ٢١٩٧٤٣٢ | ٢٩٣٠٢ | ١٣٫٣ |
| ٢٠١٧ | ٨٨٤٣٧ | ١١٤٢ | ١٢٫٩ | ٢٢٠٥١٢٩ | ٢٧٧٧٤ | ١٢٫٦ |
| ٢٠١٨ | ٩٢١٢٣ | ٨٦٩ | ٩٫٤ | ٢٢٩٧٦١٢ | ٢٦٠٢٨ | ١١٫٣ |
| ٢٠١٩ | ٩٣٥٦٨ | ١١٤١ | ١٢٫٢ | ٢٣٨٩٤٣٢ | ٢٧٢٤٨ | ١١٫٤ |
| ٢٠٢٠ | ٩٤٣٩٠ | ٨١٠ | ٨٫٦ | ٢٤٠١٢٣٤ | ٢٥٥٤٧ | ١٠٫٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، نەخۆشخانەی گشتیی شەهید شەوکەت (نوسینگەی لەدایکبوون و مردن)، زانیاریی بلآونەکراوە، سالّی ٢٠٢٠.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، فەرمانگەی لەدایکبوون و مردنی سلێمانی، زانیاریی بلآونەکراوە، سالّی ٢٠٢٠.

تێبینی:

- ڕێژەی لەدایکبوون لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە: **[ڕێژەی گشتیی لەدایکبوون= (ژ.لەدایکبووانی زیندووی سالّێک ÷ ژ.دانیشتوان لەنیوەی هەمان سالّدا)×١٠٠٠]** دەرهێنراوە.
- ئەو داتایانەی بەردەستن و نوسینگەی لەدایکبوون و مردنی سەیدسادق تۆماریکردوون، کەم و کورتیان تێدایە، بەو واتایەی ژمارەکان لەوە زیاترن کە تۆمارکراوون، چونکە بەشێکی منداڵان لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی و شاری هەڵەبجە و شارەکانی تری دەروروبەری قەزاکە تۆمارکراوون، تەنانەت هەندێکیان لەکاتی خۆیدا تۆمارنەکراوون.

**شێوەی (٦): ئاراستەکانی ڕێژەی لەدایکبوون لەقەزای سەیدسادق وپارێزگای سلێمانی لەماوەی سالآنی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: زانیارییەکانی خشتەی (٧).

**ـ تەمەن (تەمەنی هاوسەرگیری):**

ئاستەکانی پیتداری و توانای خستنەوەی منداڵ، بەگوێرەی تەمەنی هاوسەرگیری گۆڕانیان بەسەرردادێت و وەک یەک نابن، ئەو دەوڵەتانەی پاڵپشتی لە هاوسەرگیریی پێشوەخت دەکەنەوە، ڕێژەی پیتداری و توانای منآڵ خستنەوەیان بەرزترە، بە بەراورد بەو دەوڵەتانەی پەیرەوی لە هاوسەرگیری دواخراو یان پاشوەخت دەکەن. کەواتە تەمەن ڕۆڵی بەرچاوی لە دیاریکردنی توانای لەدایکبووندا هەیە، بەوەی ئەگەر ئافرەت لە تەمەنێکی بچوکتردا هاوسەرگیری بکات توانا و دەرفەتی منداڵبوونی زیاتری دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە[١].

ناوچەی توێژینەوە، وەک بەشێک لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان، بەهۆی جۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریەوە، هەروەها پەیڕەویکردن لە ئاینی ئیسلام، تاڕادەیەک کچ لەتەمەنی بچوکتر لە کاتی یاسایی و بایۆلۆجی بەشودەدرێت، ئەگەر بڕوانینە خشتەی (٨)، بەڕوونی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ، کە نزیکەی (٦٩%) ی کچان لە تەمەنی کەمتر لە (٢٥) ساڵیدا بەشودراون، ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر زۆریی ژمارەی لەدایکبووان و توانای

١) كايد عثمان أبو صبحة، مصدر السابق، ص ١١٢.

پیتداری ئافرەتان دەبێت لە قەزاکەدا. هەروەها تاکو دەستە تەمەنییەکان گەورەتربن، ڕێژەی هاوسەرگیری کەمتردەبێتەوە، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە بۆ کەمبوونەوەی پیتداریی ئافرەتان لەگەڵ زیادبوونی تەمەنیان دەگەڕێتەوە، کەواتە تاکو تەمەنی ئافرەتان کەمتربێت ڕێژەی پیتداری و چانسی منداڵبوونیان زیاتر دەبێت. بۆیە چانسی هاوسەرگیری بۆ ئافرەتان پەیوەستە بە تەمەنیانەوە، بەڵام بۆ پیاوان کەمتر بەتەمەنەوە پەیوەستە، زیاتر بەلایەنی دارایی و تەندروستی و بوارەکانی ترەوە گرێدراوە.

### خشتەی (٨): ڕێژەی شوکردنی ئافرەتانی قەزای سەیدسادق، بەگوێرەی تەمەن لەساڵی (٢٠٢٠) دا

| ژ | دەستەی تەمەن | ژمارەی شوکردوان (کەس) | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| .١ | کەمتر لە ٢٠ | ٢١٥ | ٢٩،٧ |
| .٢ | ٢٥-٢١ | ٢٨٣ | ٣٩ |
| .٣ | ٣٠-٢٦ | ١٣٧ | ١٨،٩ |
| .٤ | ٣٥-٣١ | ٦٦ | ٩ |
| .٥ | ٤٠-٣٦ | ١٥ | ٢،١ |
| .٦ | ٤١- زیاتر | ١٠ | ١،٣ |
| .٧ | سەرجەم | ٧٢٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای بەرایی سەیدسادق، (زانیاریی بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.

- **پیشەی ئابووری** (**پیشە و داهات**)

بەشێوەیەکی گشتی پیشەکان بۆ سەر دوو پۆلی سەرەکی دابەشدەبن، ئەوانیش بریتین لە: (پیشەی هزری و پیشەی بازوو)، لەو کۆمەڵگانەی پیشەی هزریی تیدا بەربڵاوە و بەشێکی زۆری دانیشتوانەکانیان لەکاری نوسین و پیشکەشکردنی خزمەتگوزارییە هزرییەکاندا کاردەکەن، کەمتر پێویستیان بە ژمارەی زۆری منداڵ دەبێت، جگە لەوەی کۆمەڵگەیەکی وشیارترن، هەربۆیە لەدایکبوون تیایاندا نزمە. بەپێچەوانەوە لەو کۆمەڵگانەی کە دانیشتوانیان لەپیشەی جەستەیی کاردەکەن وەک: (کشتوکاڵی سەرەتایی، پیشەی دەستی، پیشەسازیی کشتوکاڵی، ...هتد) پێویستیی زیاتریان بە ژمارەی منداڵخستنەوە هەیە، هەربۆیە بەردەوام ژمارەی لەدایکبوونیان زۆر بەرزە. بەهەمان شێوە؛ بەرزی و نزمیی داهاتی تاک، کەپەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پیشەوە هەیە جارێکی تر کاریگەریی لەسەر ئەم پرسە دەبێت، بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە، پەیوەندیی نێوان داهات و لەدایکبوون پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، بەوەی هەرکامیان

زیادبکات ئەوی تریان دادەبەزێت، بۆئەم مەبەستەش دەربڕینێکی باو هەیە دەڵێت: "دەوڵەمەندەکان سامانەکانیان زۆردەکەن و هەژارەکانیش منداڵەکانیان" [1].

ئەگەر بەهەمان دید؛ بڕوانییە داتاکانی لەدایکبوونی ناوچەی توێژینەوە و پارێزگای سلێمانی، وەک لەخشتەی (٧) و شێوەی (٦) دا، خراونەتەڕوو، دەبینین بەتێپەڕبوونی کات ڕێژەی لەدایکبوون هەم لەسەر ئاستی قەزا و هەم لەسەرئاستی پارێزگاش دابەزینی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە، هۆکاری ئەمەش بۆ گۆڕانی پیشەیی و داهاتی دانیشتوانیان دەگەڕێتەوە، لەپیشەی کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەی خزمەتگوزاری و فێرکاری، چونکە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، شارەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیانکردوە و دێییەکانیش دووچاری کەمیی دانیشتوان بوونەتەوە، زیاتر لە (٨٥%) ی دانیشتوان لەشارەکاندان لەبەرامبەردا نزیکەی (١٥%) لە دێیەکاندا نیشتەجێن (بڕوانە خشتەی ١٩)، بەمەش چالاکیی کشتوکاڵی بەهەردوو جۆری ڕووەکی و ئاژەڵییەوە، کە پێویستییەکی زۆریان بەدەستی کار هەیە بەرەو کەمبوونەوە چووە، لە بەرامبەردا پیشە هزری و خزمەتگوزارییەکان زیادیانکردووە، جگە لە بەرزبوونەوەی وشیاری زیاتری دانیشتوان بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوون و بەرهەمەکانی شۆڕشی تەکنەلوجی و زانیارییەوە.

- **ئاستی ڕۆشنبیری**

ئەم هۆکارەش جارێکی تر لەگەڵ هۆکارەکانی پێشتردا تێهەڵکێشە، ئاشکرایە ئەو دانیشتوانەی ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزترە لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و پیشە هزرییەکان کاردەکەن، بۆیە ڕێژەی لەدایکبوونیان نزمترە لەو کۆمەڵگانەی ئاستی ڕۆشنبیرییان دواکەوتووە. هۆکاری نزمیی لەدایکبوون لای کۆمەڵگەی ڕۆشنبیر دەگەڕێتەوە بۆ [2]:

- زیادبوونی ترسی تاک لە بەرپرسیارێتی پەروەردەیی منداڵ، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری.
- زۆربوونی خواست و ویست بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی.
- ئاشنایی زیاتر بە شێوازەکانی ڕێگری لەسکپڕی لای تاک و کۆمەڵگەی ڕۆشنبیر.

بۆیە بەتێپەڕبوونی کات و زیادبوونی ڕۆشنبیری تاک لای دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەردەوام ڕێژەی پیتداری و ڕێژەی لەدایکبوان کەمیکردووە.

---

١) عبد علي الخفاف، جغرافيا السكان (أسس عامة)، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق، ٢٠٠٧، ص ١٧٢-١٧٣.

٢) عبدلله عطوي، جغرافية السكان، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، القاهره، ٢٠٠١، ص ١٢٣-١٢٦.

- **هۆكاری ئاینی**

تەواوی ئاینەكان؛ هاندەر و پشتیوانی زۆربوونی دانیشتوان و وەچەخستنەوەن، لەزۆرینەی كۆمەڵگەكان زیادبوونی دانیشتوان بەهۆكاری ئاینییەوە گرێدراوە، ئەمەش بۆ پیرۆزكردنی پرۆسەی هاوسەرگیری و لەدایكبوون دەگەڕێتەوە لای ئاینەكان [١]. لە ناوچەی توێژینەوە، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەكەی پەیرەوی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەكەن، كە یەكێكە لەو ئاینانەی هانی هاوسەرگیری پێشوەختە و وەچەخستنەوەی زۆر دەدات، بۆیە ڕێژەی هاوسەرگیریی تێدا بەرزە و لە ئاكامدا كاریگەریی ئەرێنیی لەسەر زۆریی ڕێژەی لەدایكبوون هەبووە. لەخشتەی (٩) دا ڕێژەی هاوسەرگیری لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠) خراوەتەڕوو، بەردەوام ڕێژەی هاوسەرگیری بەرزتربووە لە جیابوونەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ڕێژەی لەدایكبوون، هەروەها كاریگەریی ئاینی ئیسلام دەردەخات لەسەر پەیڕەوانی ئاینەكە، كە پابەندن بەو بنەمایانەی پشتیوانی لە هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە دەكەن.

**خشتەی (٩): ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠)**

| جۆری پەڕاو / ساڵ | هاوسەرگیری | | جیابوونەوە | | هاوسەرگیری و جیابوونەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | سەرجەم | % |
| ٢٠١٠ | ٧٨٢ | ٨٢،١ | ١٧٠ | ١٧،٩ | ٩٥٢ | ١٠٠ |
| ٢٠١١ | ٨٧١ | ٨١،٨ | ١٩٤ | ١٨،٢ | ١٠٦٥ | ١٠٠ |
| ٢٠١٢ | ١٠٣١ | ٨٤،١ | ١٩٥ | ١٥،٩ | ١٢٢٦ | ١٠٠ |
| ٢٠١٣ | ٨٦٨ | ٨١،٧ | ١٩٤ | ١٨،٣ | ١٠٦٢ | ١٠٠ |
| ٢٠١٤ | ٧٤٦ | ٨٠ | ١٨٧ | ٢٠ | ٩٣٣ | ١٠٠ |
| ٢٠١٥ | ٦٥١ | ٧٩ | ١٧٣ | ٢١ | ٨٢٤ | ١٠٠ |
| ٢٠١٦ | ٥٢٠ | ٧٥،٥ | ١٦٩ | ٢٤،٥ | ٦٨٩ | ١٠٠ |
| ٢٠١٧ | ٦٥٩ | ٧٨،٦ | ١٧٩ | ٢١،٤ | ٨٣٨ | ١٠٠ |
| ٢٠١٨ | ٧٣٧ | ٧٩،٥ | ١٩٠ | ٢٠،٥ | ٩٢٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٩ | ٧٠٠ | ٧٧،٥ | ٢٠٣ | ٢٢،٥ | ٩٠٣ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٧٢٦ | ٨٠،٧ | ١٧٤ | ١٩،٣ | ٩٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆكایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای بەرایی سەیدسادق، (زانیاریی بڵاونەكراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.

١) فراس عباس البياتي، مصدر السابق، ص ٦٤.

## شێوەی (٧): ئاراستەكانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠)




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەكانی خشتەی (٩).

### ٢-٣-٢- مردن

ژیانی هەر مرۆڤێك لە خاڵ (چركەسات)ی لەدایكبوونیەوە دەستپێدەكات، لەدوای ئەم خاڵەوە كورتی و درێژیی تەمەنی لەسەر خاڵی كۆتایی هەر تاكێك دەوەستێتەوە، ئەویش پێیدەوترێت: (مردن)، ئەم مردنە پەیوەست نییە بە تەمەنێكی دیاریكراوەوە، بەو واتایەی لە هەموو تەمەنێكدا ئەگەری ڕوودانی هەیە. هەر لەبەر ئەمەیە كە لێكۆڵینەوە دانیشتوانییەكان لەسەر مردنی مرۆڤ بەگوێرەی دەستەی تەمەنە جیاوازەكان ئەنجامدەدرێت، تاكو هۆكارە: ئابووری، كۆمەڵایەتی، بایۆلۆژییەكان و ئاستی پێشكەوتن و دواكەوتنی كۆمەڵگەكانیان پێ لێكبدرێنەوە[١]، بێگومان ڕێژەی بەشداریی هەریەك لەم هۆكارانە لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر نابەرامبەر دەبێت. مردن بەیەكێك لە ڕەگەزە سەرەكییەكان یان هۆكارە كاریگەرەكان دادەنرێت لە گەشە و گۆڕانی دانیشتواندا، هەربۆیە لەڕابردوودا كەمبوونەوەی ڕێژەی مردن لەسەدەی بیستەمی زایینیدا هۆكاری سەرەكی بوو لە تەقینەوەی دانیشتووانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، پێش ئەمانیش لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و

١) أحمد علي اسماعيل، أسس علم السكان (وتطبيقاته الجغرافية)، الطبعة الثامنة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرە، ١٩٩٧، ص ٤٥.

ئەمریکای باکوردا هەمان ڕۆڵی بینیووە، بەڵام کەمبوونەوەی ڕێژەی مردن بەتەنیا کاریگەریی نابێت بەڵکو بەهاوبەشی لەگەڵ بەرزبونەوەی ڕێژەی پیتداری کاریگەرییەکانی زۆربوون و تەقینەوەی دانیشتوانیان هێنایە ئاراوە [1].

خشتەی (١٠) ئاماری ڕێژەی مردنی تۆمارکراوی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی تێدا خراوەتەڕوو، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە؛ بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی مردن جگە لەساڵانی (٢٠٠٠، ٢٠٠٣، ٢٠١٨) لەتەوای ساڵەکانی تردا لە قەزای سەیدسادق بەرزتربووە لە تێکڕای ڕێژەی مردن لە پارێزگای سلێمانی، بەڵام تەواوی ساڵەکان ڕێژەکان وەک یەک نەبوون، بەڵکو بەرزونزمی و هەڵکشان و داکشانی زۆریان بەخۆیانەوە بینیووە، بەرزترین ڕێژەی مردن لەناوچەی توێژینەوەدا لەساڵی (٢٠١٢) دا تۆمارکراوە، کە تیایدا (٥٩٣کەس مردوون، کەڕێژەکەیان بۆ ئەو ساڵە بریتیبووە لە (٧،٦ کەس/هەزار)، نزمترین ڕێژەش لە ساڵی (٢٠١٨)دا بووە، کە بەڕێژەی تەنیا (٠،٥ کەس/هەزار) تۆمارکراوە. ئەگەر تێبینی بکەین، دەبینین ڕێژەی مردن لەناوچەی توێژینەوە و پارێزگای سلێمانیدا زۆر نزمە، هەرچەندە سەر بەوڵاتێکین لەجیهانی سێیەمدا، تەنانەت لە ئاست وڵاتانی پێشکەوتووش نزمترە، نزمیی ڕێژەکانی مردن بەڵگەن لەسەر بوونی کەم و کورتی لە داتاکانی مردندا.

هۆکارەکانی نزمیی ڕێژەی مردن دەگەڕێنەوە بۆ[2]:

- هاوشێوەی خۆدزینەوە لە تۆمارەکانی لەدایکبوون، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خۆیان لە تۆمارکردنی مردنیش دەدزنەوە، بەتایبەت دانیشتوانی دێیەکان بەهۆی دووریان لەشارەکان و ئاستەنگی ڕێگەی گواستنەوە و تێچوونی پرۆسەی تۆمارکردن.
- مردنی مناڵان لە سەرەتاکانی لەدایکبوونیاندا، زۆرجار ئەم ئامارانە تۆمار ناکرێن.
- ئەو دەسکەوت و هاوکارییانەی کە هەندێک کەس لەکاتی لەدایکبوونی منداڵدا دەستیاندەکەوێت، وەک زیادبوونی مووچە و دابەشکردنی خۆراک، هەمان ئەو دەستکەوتانە دەبنە هاندەر بۆ تۆمارنەکردنی مردووان.
- زۆرینەی ڕووداوەکانی مردن لەدەرەوەی نەخۆشخانەکاندا ڕوودەدەن، بۆیە زۆرجا تەنیا ئەوانەی نەخۆشخانەکان ڕەوانەی فەرمانگەکانی تۆمارکردن دەکرێن.

---

١) رشود بن محمد الخريف، السكان (المفاهيم والأساليب وتطبيقات)، الطبعة الثانية، دار المؤيد للنشر والتوزيع، الرياض ٢٠٠٨، ص ٣٩٣.

٢) جەزا توفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، کتێبی سەنتەری لێکۆلینەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩، لا ٦٥.

## خشتەی (١٠): ڕێژەی مردنی تۆمارکراو (*) لە قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی، لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)

| ساڵ | قەزای سەیدسادق | | | پارێزگای سلێمانی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | ژ. مردووان | ڕێژەی مردن (لەهەزار) | ژ. دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | ژ. مردووان | ڕێژەی مردن (لەهەزار) |
| ٢٠٠٠ | ٤٩٨٧٦ | ٦١ | ١٫٢ | ٨٠٤٥٧٥ | ١١٤٧ | ١٫٤٢ |
| ٢٠٠١ | ٥٠٠٢٣ | ١٤٥ | ٢٫٩ | ٨٣٢١٢٣ | ١٦٠٢ | ١٫٩ |
| ٢٠٠٢ | ٥٢٦٦٧ | ٢١٦ | ٤٫١ | ٨٧٠٢٢٨ | ١٧٧٩ | ٢ |
| ٢٠٠٣ | ٥٤١١١ | ١٣١ | ٢٫٤ | ٨٩٨٤٣٢ | ٢١٦٠ | ٢٫٤ |
| ٢٠٠٤ | ٥٦٦٣١ | ٣١٠ | ٥٫٥ | ٩٤١٢٣٩ | ٢٨١٠ | ٣ |
| ٢٠٠٥ | ٥٩٢٢١ | ١٧٤ | ٢٫٩ | ١٠١٢٣٤٥ | ١٩٦٢ | ١٫٩ |
| ٢٠٠٦ | ٦٢٩٨٧ | ٢٦٧ | ٤٫٢ | ١٢١٨٠٤٤ | ١٠٠٠ | ٠٫٨ |
| ٢٠٠٧ | ٦٥٥٤٣ | ٢٣٦ | ٣٫٦ | ١٣٢٤٩٨٧ | ١٧٨٦ | ١٫٣ |
| ٢٠٠٨ | ٦٨٤٥٦ | ٢٦٠ | ٣٫٨ | ١٤٠١١١٦ | ٢٠٩٧ | ١٫٥ |
| ٢٠٠٩ | ٧١١١٩ | ٢٧١ | ٣٫٨ | ١٧٦٥٤٤٣ | ٢٤٥٠ | ١٫٤ |
| ٢٠١٠ | ٧٣٢٠٤ | ٣٦٧ | ٥ | ١٨٠٣٣١٤ | ٢٥٧٢ | ١٫٤ |
| ٢٠١١ | ٧٥٣٢٠ | ٤٣٨ | ٥٫٨ | ١٨٩٧٤٣٢ | ٢٦١٧ | ١٫٤ |
| ٢٠١٢ | ٧٧٤٦٠ | ٥٩٣ | ٧٫٦ | ١٩٠١٢٣٤ | ٢٦٢٢ | ١٫٤ |
| ٢٠١٣ | ٧٩٨٧٢ | ٣٨٣ | ٤٫٨ | ١٩٨٧٥٦٩ | ٢٦٣٨ | ١٫٣ |
| ٢٠١٤ | ٨١٩٨١ | ٢٩١ | ٣٫٥ | ١٩٩٨٧٦٥ | ٢٥٩٤ | ١٫٣ |
| ٢٠١٥ | ٨٤٠٠١ | ٢١٣ | ٢٫٥ | ٢٠٠٩٧٦١ | ٢٤١٧ | ١٫٢ |
| ٢٠١٦ | ٨٥٩٣٢ | ١٨٨ | ٢٫٢ | ٢١٩٧٤٣٢ | ٣٠٨٣ | ١٫٤ |
| ٢٠١٧ | ٨٨٤٣٧ | ١٢١ | ١٫٤ | ٢٢٠٥١٢٩ | ٢٩٢٠ | ١٫٣ |
| ٢٠١٨ | ٩٢١٢٣ | ٤٥ | ٠٫٥ | ٢٢٩٧٦١٢ | ٢٩٢٦ | ١٫٢ |
| ٢٠١٩ | ٩٣٥٦٨ | ١٧٦ | ١٫٩ | ٢٣٨٩٤٣٢ | ٣٠٣٧ | ١٫٢ |
| ٢٠٢٠ | ٩٤٣٩٠ | ١٥٥ | ١٫٦ | ٢٤٠١٢٣٤ | ٢٢٥٥ | ١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، نەخۆشخانەی گشتیی شەهید شەوکەت (نوسینگەی لەدایکبوون و مردن)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠. ٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، فەرمانگەی لەدایکبوون و مردنی سلێمانی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

*) ڕێژەی مردن لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە: **[ڕێژەی گشتیی مردن= (ژ.مردووانی ساڵێک ÷ ژ.دانیشتوان لەنیوەی هەمان ساڵدا)×١٠٠٠] دەرهێنراوە.**

- نەرم و نیانی و جێبەجێنەکردنی یاساکانی سزادان لەکاتی سەرپێچیکردن لە تۆمارەکاندا، ئەمەش خەڵکی هاندەدات گوێ بەتۆمارکردن نەدەن.

هەروەها شێوەی (٨)، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ڕێژەی مردن لەماوەی تۆمارکراوودا بەتێپەڕبوونی کات بەئاراستەی کەمبوونەوە ڕۆیشتووە، واتە ڕێژەکە ڕوو لە دابەزین بووە، هۆکاری ئەم دابەزینەش بۆ باشتربوونی دۆخی کەرتی تەندروستی و زیاتر بوونی وشیاریی دانیشتوان لەچاودێری دۆخی تەندروستیان دەگەڕێتەوە، کە بەیەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی مردن دادەنرێت. جگە لە بەرەوپێشچوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیی دانیشتوان، کە ئەمانیش بەشێکی تری هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی مردنیان لەخۆگرتووە.

### شێوەی (٨): ئاراستەکانی ڕێژەی مردن لەقەزای سەیدسادق وپارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: زانیارییەکانی خشتەی (١٠).

هۆکارەکانی مردن؛ بەگوێرەی ڕەهەندەکانی کات و شوێن نابەرامبەرن، ئەمەش لەبەرئەوەی بەگۆڕانی کات و شوێن ئەو بارودۆخانەی بەرپرسن لەڕوودانی مردن دەگۆڕێن، لەکۆندا پەتا و نەخۆشییە درمەکان لەڕیزی سەرەوەی هۆکارەکانی مردندا هەژماردەکران، بەڵام ئەمڕۆ بەلاوازترین هۆکار دادەنرێن، بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی مردن بۆ دوو کۆمەڵە هۆکار دابەشدەبن، **کۆمەڵەی**

**یەکەم:** بە هۆکارەکانی ناوەوە ناسراون، زۆرجار هۆکاری ڕوودانیان بایۆلۆجی یان بۆماوەییە و بەهۆی تێکچوونی ئەرک و پیشەی خانەکانی جەستەوە ڕوودەدەن، وەک گرێ و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دەمار و سوڕی خوێن. **کۆمەڵەی دووەم:** بەهۆکارە دەرەکییەکان ناسراوون، زۆرجار بەهۆی بارودۆخی ژینگەییەوە ڕوودەدەن، زیاتر نەخۆشییەکانی: (هەوکردن، پەتا، ڤایرۆس، نەخۆشییەکانی منالانی تازە لەدایکبوو، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس بەهۆی ژینگەوە) دەگرنەوە. بەڵام بەهۆی پێشکەوتنە پزیشکییەکانەوەدەتوانرێ کۆنترۆڵی هۆکارە دەرەکییەکان بکرێت، کە بەهۆی ژینگەی دەرەوە دووچاریان دەبین، لەکاتێکدا زۆر ئەستەمە بتوانرێ بەتەواوی کۆنترۆڵی هۆکارە ناوەکییەکان بکرێت[١].

### ٢-٣-٣- زیادبوونی سروشتی (گەشەی سروشتی):

زیادبوونی سروشتی، یان گەشەی سروشتیی دانیشتوان، مەبەست لێی ئەو زیادبوونەیە لە ئەنجامی جیاوازیی نێوان لەدایکبووان و مردووانەوە سەرچاوەیگرتووە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، کۆمەڵگەی مرۆیی بەسروشتی خۆی بەردەوام لە زیادبووندایە، بەهۆی پرۆسەی لەدایکبوونەوە، کە بەردەوام لە بارێکی ئاسایدا ڕێژەکەی لەڕێژەی مردن زیاترە، بەمەش دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو زیاددەکات [٢].

ئەوەی پەیوەستە بە زیادبوونی سروشتیی ناوچەی توێژینەوەوە لەخشتەی (١١)دا خراوەتە ڕوو، بەشێوەیەکی گشتی زیادبوونی سروشتی لەماوەی سالانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) دا بەرزی و نزمیی بەخۆیەوە بینیووە، هەم لەسەر ئاستی قەزا و هەم لەسەر ئاستی پارێزگا، بەرزترین ڕێژە لەسەر ئاستی قەزادا تۆمارکراوە لەساڵی (٢٠٠٠) دا بەڕێژەی (٣٩,٦/هەزار)، هەروەها نزمترین ڕێژەش بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی قەزا لەساڵی (٢٠١٢)دا تۆمارکراوە بەڕێژەی تەنیا (٢/هەزار). لەسەر ئاستی پارێزگاش بەرزترین ڕێژە بەهەمان شێوە لەساڵی (٢٠٠٠)دا بووە بەڕێژەی (١٨،٩/هەزار)، نزمترین ڕێژەش لەساڵی (٢٠٢٠)دا تۆمارکراوە و بریتیبووە لە (٩،٧/هەزار)، ئەمەش بۆشایی و کەلێنێکی گەورەی لە زانیارییەکاندا دروستکردووە، ڕەنگە هۆکاری دروستبوونی ئەم جیاوازییە گەورەیە بۆ کەم و کورتی و نادروستیی زانیارییە تۆمارکراوەکان بگەڕێتەوە، هەروەها مەرج نییە لایەنی بەرپرسیار تەنیا دەزگاکانی تۆمارکردنی داتاکان بن، بەڵکو زۆرجار هاوڵاتیان خۆیان بەرپرسن لە تۆمارنەکردنیاندا، بەتایبەت لە داتاکانی تۆمارکردنی مردندا.

---

١) كايد عثمان أبو صبحة، مصدر سابق، ص ١٤٠-١٤١.

٢) فتحي محمد أبو عيانة، مشكلات السكان في الوطن العربي، الطبعة الأولى، دار المعرفة الجامعية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٤٥.

## خشتەی (١١): ڕێژەی گەشەی سروشتی(*) بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠–٢٠٢٠)

| یەکە / ساڵ | قەزای سەیدسادق | | | | پارێزگای سلێمانی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی لەدایکبون | ژمارەی مردن | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵ | گەشەی سروشتی (کەس لە هەزار) | ژمارەی لەدایکبون | ژمارەی مردن | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵ | گەشەی سروشتی (کەس لە هەزار) |
| ٢٠٠٠ | ٢٠٣٩ | ٦١ | ٤٩٨٧٦ | ٣٩٫٦ | ١٦٣٨١ | ١١٤٧ | ٨٠٤٥٧٥ | ١٨٫٩ |
| ٢٠٠١ | ١٤٦٠ | ١٤٥ | ٥٠٠٢٣ | ٢٦٫٢ | ١٥٩٢٦ | ١٦٠٢ | ٨٣٢١٢٣ | ١٧٫٢ |
| ٢٠٠٢ | ١٧٠٨ | ٢١٦ | ٥٢٦٦٧ | ٢٨٫٣ | ١٧٠١٢ | ١٧٧٩ | ٨٧٠٢٢٨ | ١٧٫٥ |
| ٢٠٠٣ | ١٦٧١ | ١٣١ | ٥٤١١١ | ٢٨٫٤ | ١٥٥٦٠ | ٢١٦٠ | ٨٩٨٤٣٢ | ١٤٫٩ |
| ٢٠٠٤ | ١٠٣٨ | ٣١٠ | ٥٦٦٣١ | ١٢٫٨ | ١٧٦٦١ | ٢٨١٠ | ٩٤١٢٣٩ | ١٥٫٨ |
| ٢٠٠٥ | ١٢٤٤ | ١٧٤ | ٥٩٢٢١ | ١٨ | ١٨٧٧٢ | ١٩٦٢ | ١٠١٢٣٤٥ | ١٦٫٦ |
| ٢٠٠٦ | ١٤٠٦ | ٢٦٧ | ٦٢٩٨٧ | ١٨ | ١٩٥١٠ | ١٠٠٠ | ١٢١٨٠٤٤ | ١٥٫٢ |
| ٢٠٠٧ | ١٣٩٥ | ٢٣٦ | ٦٥٥٤٣ | ١٧٫٧ | ٢٠٠٩١ | ١٧٨٦ | ١٣٢٤٩٨٧ | ١٣٫٨ |
| ٢٠٠٨ | ١٦٧٧ | ٢٦٠ | ٦٨٤٥٦ | ٢٠٫٦ | ٢٠١٢٢ | ٢٠٩٧ | ١٤٠١١١٦ | ١٢٫٩ |
| ٢٠٠٩ | ١٤٢٥ | ٢٧١ | ٧١١١٩ | ١٦٫٢ | ٢١٣٩٢ | ٢٤٥٠ | ١٧٦٥٤٤٣ | ١٠٫٧ |
| ٢٠١٠ | ١٢٧٨ | ٣٦٧ | ٧٣٢٠٤ | ١٢٫٤ | ٢١٩٢٧ | ٢٥٧٢ | ١٨٠٣٣١٤ | ١٠٫٧ |
| ٢٠١١ | ١١١٩ | ٤٣٨ | ٧٥٣٢٠ | ٩ | ٢٢٣٥٠ | ٢٦١٧ | ١٨٩٧٤٣٢ | ١٠٫٤ |
| ٢٠١٢ | ٧٤٦ | ٥٩٣ | ٧٧٤٦٠ | ٢ | ٢٦٦٨٠ | ٢٦٢٢ | ١٩٠١٢٣٤ | ١٢٫٦ |
| ٢٠١٣ | ٦٥٤ | ٣٨٣ | ٧٩٨٧٢ | ٣٫٤ | ٢٩١٩٥ | ٢٦٣٨ | ١٩٨٧٥٦٩ | ١٣٫٤ |
| ٢٠١٤ | ٩٢١ | ٢٩١ | ٨١٩٨١ | ٧,٧ | ٣١٩٣١ | ٢٥٩٤ | ١٩٩٨٧٦٥ | ١٤٫٧ |
| ٢٠١٥ | ٩٣٥ | ٢١٣ | ٨٤٠٠١ | ٨٫٦ | ٣٢٦٠٧ | ٢٤١٧ | ٢٠٠٩٧٦١ | ١٥ |
| ٢٠١٦ | ٩٤٣ | ١٨٨ | ٨٥٩٣٢ | ٨٫٨ | ٢٩٣٠٢ | ٣٠٨٣ | ٢١٩٧٤٣٢ | ١١٫٩ |
| ٢٠١٧ | ١١٤٢ | ١٢١ | ٨٨٤٣٧ | ١١٫٥ | ٢٧٧٧٤ | ٢٩٢٠ | ٢٢٠٥١٢٩ | ١١٫٣ |
| ٢٠١٨ | ٨٦٩ | ٤٥ | ٩٢١٢٣ | ٨٫٩ | ٢٦٠٢٨ | ٢٩٢٦ | ٢٢٩٧٦١٢ | ١٠ |
| ٢٠١٩ | ١١٤١ | ١٧٦ | ٩٣٥٦٨ | ١٠٫٣ | ٢٧٢٤٨ | ٣٠٣٧ | ٢٣٨٩٤٣٢ | ١٠٫١٣ |
| ٢٠٢٠ | ٨١٠ | ١٥٥ | ٩٤٣٩٠ | ٦٫٩ | ٢٥٥٤٧ | ٢٢٥٥ | ٢٤٠١٢٣٤ | ٩٫٧ |
| تێکڕای قەزا | | | | ١٥ | تێکڕای پارێزگا | | | ١٣٫٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەزانیاریی خشتەکانی (٧ و ١٠)، دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی گەشەی سروشتی.

* ڕێژەی گەشەی سروشتیی دانیشتوان = (ژ. لەدایکبووان - ژ. مردووان ÷ ژ. دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا) × ١٠٠٠
بڕوانە: رشود بن محمد الخريف، السكان (المفاهيم والأساليب وتطبيقات)، الطبعة الثانية، دار المؤيد للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص ٣٠٤.

ئەگەر وردتر سەرنجی زانیارییەکانی ناو خشتەکە بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زیادبوونی سروشتی بەتێپەڕبوونی کات هەم لەسەرئاستی قەزا و هەم لەسەرئاستی پارێزگا بەرەو دابەزین ڕۆشتووە. هۆکاری ئەمەش دیسان بۆ کرانەوەی دانیشتوانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بەڕووی جیهاندا، بەهۆی کاریگەرییەکانی دیاردەی بەجیهانیبوون و وشیاربوونەوەی زیاتری دانیشتوان لە کەمکردنەوەی ژمارەی منداڵخستنەوە، بەهۆکاری قورسیی دۆخی ئابووری و بەرپرسیارێتیی پەروەردەیی و لایەنی خۆشبەختی منالان.

جگە لەوەی بەتێکرای هەموو ماوەکە، واتە لەماوەی سالانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) دا ڕێژەی گەشەی سروشتیی قەزای سەیدسادق بەرزتربووە لە ڕێژەی گەشەی سروشتیی پارێزگای سلێمانی بەرێژەکانی (١٥کەس/ هەزار) و (١٣,٥کەس/ هەزار).

## ٢-٣-٤- کۆچکردن (جوڵەی شوێنی)

کۆچکردن؛ دیاردەیەکی جوگرافیە و بەوە ناسراوە دانیشتوانی گۆی زەوی بەدرێژایی مێژوو پەیڕەویی لێدەکەن، دیاردەی کۆچکردن تەنیا پەیوەست نیە بە مرۆڤەوە، بەڵکو کۆمەڵگە زیندووەکانی تری وەک ئاژەڵ و زیندەوەرانیش ئەنجامیدەدەن، بۆیە ئەم دیاردەیە بە ڕەگەزێکی سەرەکیی نێو توێژینەوە دانیشتوانییەکان هەژماردەکرێت، ئەوەش لەبەرئەوەی ئاڵنگاریی گەشەی سروشتیی دانیشتوان دەکات کە سەرچاوە سەرەکییەکەی بریتیە لە داتاکانی لەدایکبوون و مردن. جگە لەوەی توێژینەوەکردن لەسەر ئەم دیاردەیە بەئاسانی ئەنجام نادرێ، وەک ئەوەی لەسەر لەدایکبوون و مردن ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوەی سەرچاوەی داتا و زانیارییەکانی کۆچ دەبنە پرسێکی نێودەوڵەتی و جیاوازی و نابەرامبەرییەکی زۆر لەسەرچاوە و ڕاست و دروستییاندا بوونیان دەبێت، هەروەها ئاڵۆزییەکی تری توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆچکردن لەوەدایە، ئەگەر هاتوو بووە هۆکار بۆ گۆڕینی ڕێژەی گەشە لە هەر ناوچەیەک، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەریی قوڵ لەسەر تایبەتمەندییەکانی تری ئەو دانیشتوانە بەجێدەهێڵێت، بەوەی کاریگەری لەسەر تایبەتمەندی دیمۆگرافی و ئابووری دادەنێت، جگە لە دروستکردنی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی تەمەن و جۆر. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لە پرسی گەشەی دانیشتواندا پوختەی کۆچ هەژماردەکرێت، تاکو بزانرێت گەشەی ڕاستەقینە و کەتواری چەندە [١].

دیاردەی کۆچکردن بەیەکێک لە دیاردەکانی جوڵەی میکانیکی مرۆڤ هەژماردەکرێت، ئەم جوڵەیە ئەگەر لەگەڵ جوڵەکانی تری مرۆڤدا بەراوردبکرێن، بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگییەکەی زیاتر بووە و زۆرترین بایەخی پێدراوە، جگە لەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو توێژینەوەی ئەکادیمیی

---

١) فتحي محمد أبو عيانة، دراسات في علم السكان، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية للنشر والتوزيع، بيروت ٢٠٠٠، ص ١٤٨.

لەسەر ئەنجامدراوە، چونکە شوێنەواری گەورەی لەسەر قەوارەی دانیشتوان و پێکهاتە دیمۆگراییەکاندا دروستکردووە، سەرەڕای شوێنەوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان، لەو شوێنانەی کۆچی لێوە ئەنجامدەدرێت یان بۆیدەچێت [١].

هەروەها دیاردەی کۆچکردن، جگە لە کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی سروشتیی دانیشتوان، هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی لەئەنجامی کۆچکردنی دێنشینان بۆ سەنتەری شارەکان، بەمەش پێکهاتە و دابەشبوونی ژینگەییی دانیشتوان دەگۆڕێت [٢].

سەرەتاکانی دەیەی شەست (١٩٦٠)، بە یەکەمین دەیەی پەرەپێدان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاگەیەنرا، تیۆرییەکانی ئەم گەشەسەندنە لەسەر ئەو باوەڕەبوون، کە ئە و وڵاتانەی خاوەن هێزی کشتوکاڵیی زیادەن، تەنیا دەرفەتی گەشەسەندنیان بەهۆی گۆڕینی ئەم هێزە مرۆییەوەیە لە کەرتی کشتوکاڵەوە بۆ کەرتی پیشەسازی. ئەمەش بەیەکێک لە هۆکارەکانی کۆچی دێنشینان بۆ شارەکان هەژماردەکرێت، کە تیایدا پێکهاتەی ئابووری لە ئابوورییەکی کشتوکاڵییەوە بۆ ئابوورییەکی پیشەسازی گۆڕدرا [٣].

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی کۆچکردن بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت، ئەوانیش بریتین لە کۆچەکانی (ناوخۆیی و دەرەکی)، دەکرێت هەریەک لەو جۆرانە لەناوچەی توێژینەوەدا بەگوێرەی ئامار و زانیارییە بەردەستەکان بخەینەڕوو:

### ٢-٣-٤-١- کۆچی ناوخۆیی

مەبەست لە کۆچی ناوخۆیی؛ ئەو جۆرەی کۆچە کە لە سنووری ڕامیاریی دەوڵەتێک دەرناچێت، بەو واتایەی لەنێوان بەش و هەرێمەکانی سنووری ڕامیاریی یەک دەوڵەتدا ڕوودەدات، بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵێ جۆری وردتری هەیە، کە بریتین لە: (کۆچی بەردەوام، کۆچی کاتی)، کۆچی بەردەوام زیاتر کۆچی دێنشینانە بۆ شارەکان، زیاتر لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە سەریهەڵدا، کە تیایدا هێزی کاری کەم دەرامەتی کشتوکاڵی لە دێییەکانەوە بۆ شارەکان بەمەبەستی بەشداریکردن لە چالاکیی پیشەسازیدا کۆچدەکەن [٤]. کۆچە ناوخۆییەکان لەدوو ئاراستەی پێچوانەی یەکتر تێناپەڕن، ئەوان بریتین لە: (کۆچی دێنشینان بۆ شارەکان، کۆچی

---

١) جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦.
٢) خەلیل اسماعیل محمد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی سەنتەرە شارستانییەکانی پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢، ، ساڵی ١٩٩٧، لا ٢٠.
٣) کۆچ؛ هۆکار و ئاسەوارەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: میهدی میهرپەروەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٧.
٤) علي لبيب، جغرافية السكان (الثابت والمتحول)، الطبعة الثانية، دار العربية للعلوم، بيروت ٢٠٠٤، ص ١٦٠-١٦١.

شارنشینان بۆ دێیەکان)، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی شارەکان و بوونی چالاکیی پیشەسازی و جۆراوجۆریی پیشەکانەوە، کۆچی دێنشینان بۆ شارەکان زاڵترە.

لەکاتی دۆزینەوەی قەبارە و ڕێژەی کۆچی ناوخۆیی یان (پوختەی کۆچ)دا، هەندێک جار ئەنجامەکان ئەرێنی (موجەب)دەبن، واتە کۆچکردووان بۆ ناوچەکە هاتوون و بوونەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، هەندێک جاریش نەرێنی (سالب) دەبێت، واتە بەشێک لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بۆ ناوچەکانی تر کۆچیانکردووە. بۆیە گەورەترین گرفتی توێژەران لە ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بابەتەدا، بریتیە لە دەستنەکەوتنی ئامار و داتای تایبەت بە کۆچکردووانی (هاتوو و ڕۆشتوو)، بەتایبەت لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، بۆیە کۆمەڵێک ڕێگا و هۆکاری جیاواز بۆ دۆزینەوەی پوختەی کۆچ هەن، لە گرنگترینیان بریتین لە [1]:

- ئاماری تۆمارە ژیانییەکان
- ڕێژەی مانەوە
- شوێنی لەدایکبوون
- بەراوردکردنی گەشەی دانیشتوان

لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی چوارەم (بەراوردکردنی گەشەی دانیشتوان)، لاوازترین ڕێگەی هەژمارکردنە، بەڵام توێژەر لەبەر نەبوونی داتاکانی تایبەت بە کۆچکردن لەماوەی توێژینەوەکەدا (١٩٥٧–٢٠٢٠) ناچاربووە هەمان ئەو ڕێگەیە بەکاربهێنێت.

### ٢-٣-٤-١-١- کۆچی نێوان شار و دێیەکان لەسەرئاستی قەزای سەیدسادق

لەخشتەی (١٢) دوە ڕووندەبێتەوە، جگە لە ماوەی (١٩٥٧–١٩٦٥)، لە سەرجەم ماوەکانی گەشەدا لە قەزای سەیدسادق کۆچکردن لە دێیەکانەوە بۆ شارەکان ئەنجامدراوە، بەوپێیەی پوختەی کۆچ لەجیاوازییەکەدا بەلای شارەکاندا شکاوەتەوە، بەرزترین پوختەی کۆچ لە ماوەی گەشەی (١٩٧٧-١٩٨٧) دا تۆمارکراوە بە ڕێژەی (١٣،٦%)، هۆکاری ئەم ئاراستەیە لەکۆچکردنی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە دێیەکانەوە بۆ شارەکان بۆ خراپیی دۆخی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام ناکۆکی و  پشێوی سیاسی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کورستان و دەوڵەتی عێراقدا بوونی هەبووە و ناوەندی ڕووبەڕوو بوونەوەکانیش بەزۆری لە چیاو دێهاتەکاندا هەڵکەوتوون، بەمەش ئاسایشی سیاسی و ئابووریی دێیەکان تێکچووە و دانیشتوانەکانیان بۆ شارەکان کۆچیانکردووە. جگە لەوەی بەردەوام ئاڵۆزییە سیاسییەکان بوونەتە هۆی خاپوورکردن و

---

١) چراخان نصرالدین صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ساڵی ٢٠١٥، لا ٣٢.

چۆڵکرنی دێیەکانی ناوچەی توێژینەوە، بەهۆی نزیکیی قەزای سەیدسادق لە سنووری نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، کە حکومەتی عێراق بۆماوەی هەشت ساڵ بەدوای یەکدا جەنگی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، ئەویش بریتیبوو لە جەنگی (عێراق-ئێران)، کە لەساڵی (١٩٨٠ز)ەوە هەڵگیرسا و لەساڵی (١٩٨٨ز) کۆتاییهات.

## خشتەی (١٢): پوختەی کۆچ(*) بۆ شارنشین و دێنشین لەقەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ماوەی گەشە | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان | | پوختەی کۆچ (%) |
|---|---|---|---|
| | شارنشین % | دێنشین % | |
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٢،٧١ | ٣ | ٠،٢٩- |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٩ | ١،٩١ | ٧،٠٩ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ١١ | ٢،٦- | ١٣،٦ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٠،٥٥ | ١،٠٦ | ٠،٥١- |
| ٢٠٠٢-٢٠١٠ | ٦،٨٢ | ٠،٨٨- | ٧،٧ |
| ٢٠١٠-٢٠٢٠ | ٤،٠٨ | ٣،٠٥- | ٧،١٣ |
| ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٥،٣٩ | ٠،٠١- | ٥،٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەتن بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی خشتەی (٦)، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی پوختەی کۆچ.

*) بۆ دەرهێنانی پوختەی کۆچ، پشت بەم هاوکێشەیە بەستراوە: (پوختەی کۆچ= گەشەی ساڵانەی شارنشین – گەشەی ساڵانەی دێنشین)

سەرچاوە: خليل إسماعيل محمد، دهوك – نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)، طبعة الأولى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥، ص ١١٠.

لەبەرامبەردا کەمترین پوختەی کۆچ لەماوەی گەشەی (١٩٨٧-٢٠٠٢) دا بووە بە ڕێژەی (-٠،٥١%)، کە ئەنجامەکە (پوختەی کۆچ) بەلای دێیەکاندا شکاوەتەوە، بەو واتایەی کۆچی ناوخۆیی پێچەوانە بووەتەوە، لە شارەکانەوە بەئاراستەی دێیەکان ئەنجامدراوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایهاتنی جەنگی (عێراق-ئێران) و گەڕانەوەی دێنشینان بۆ زێدی خۆیان، کە پێشتر بەزۆر بۆ نشینگە زۆرەملێیەکان کۆچیان پێکرابوو، هەروەها لەدوای ساڵی (١٩٩١) بەهۆی ئابڵوقەی ئابوورییەوە جارێکی تر ئاسایشی خۆراکی دانیشتوان کەوتە مەترسییەوە، بۆیە بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراک و دابینکردنی

جۆرێک لە خۆبژێویی لۆکاڵی بۆ دێیەکان گەڕانەوە، ئەم ڕەوتە بەردەوامبوو تا کۆتاییهاتنی ئابلۆقە و پەسەندکردنی بڕیاری (٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراک. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لەم ماوەیەدا کۆچی ناوخۆیی لە شارەکانەوە بۆ دێیەکان ئەنجامبدرێت. هەروەها لەماوەی (١٩٥٧-١٩٦٥)یشدا دیسان ڕێژەکە کەمە و بریتیبووە لە (-٠،٢٩%)، هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، لەوماوەیەدا بەگشتی لە هەرێمی کوردستاندا ژیانی دێنشینی بەسەر دانیشتواندا زاڵبووە و زۆرینەی دانیشتوان چالاکییە ئابوورییەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان پەیڕەوکردووە.

**شێوەی (٩): پوختەی کۆچ لە قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**




| | 1957-1965 | 1965-1977 | 1977-1987 | 1987-2002 | 2002-2010 | 2010-2020 | 1957-2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گەشەی شارنشین | 2.71 | 9 | 11 | 0.55 | 6.82 | 4.08 | 5.39 |
| گەشەی دێنشین | 3 | 1.91 | -2.6 | 1.06 | -0.88 | -3.05 | -0.01 |
| پوختەی کۆچ | -0.29 | 7.09 | 13.6 | -0.51 | 7.7 | 7.13 | 5.4 |

سەرچاوە: زانیارییەکانی خشتەی (١٢).

لەشێوەی (٩)دا دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەکانی پوختەی کۆچ جگە لە ماوەکانی (١٩٥٧-١٩٦٥) و (١٩٨٧-٢٠٠٢)، لە تەواوی ماوەکانی تری توێژینەوەکەدا پوختەی کۆچ بەلای شارەکاندا شکاوەتەوە و دانیشتوان لەدێیەکانەوە بۆشارەکان کۆچیانکردووە. لە هەمان کاتدا لە دوو ماوەکانی (٢٠٠٢-٢٠١٠ و ٢٠١٠-٢٠٢٠) و تەنانەت ماوەی گشتیی (١٩٥٧-٢٠٢٠) دیسان پوختەی کۆچ بەلای شارەکاندا شکاوەتەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاکامەکانی هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابووری و بڕیاری (٩٨٦)، کەم تا زۆرێک ئاسایشی خۆراکی دانیشتوانیان مسۆگەرکردبوو، بۆیە چیتر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە ئامادە نەبوون خۆیان خۆراک بۆخۆیان بەرهەمبهێنن، سەرئەنجام لە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر گۆڕان. سەرباری هەموو ئەمانە سیاسەتی ئابووریی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ناواقعی بوو، چونکە بەتەواوی کەرتی کشتوکاڵی و نشینگەی دێیی فەرامۆشکردبوو، لە بەرامبەردا گرنگییەکی زیاتری بە کەرتی سەربازی

و خزمەتگوزاری و شارەکان دەدا، بۆیە دانیشتوان لە شارەکاندا ئاستی گوزەرانیان باشتربوو لە دانیشتوان لە دێیەکان وەلی کارکردن و داهاتی بەرزتریان بەدەستدەهێنا، ئەمانەش وایانکرد دانیشتوان لە دێیەکانەوە بۆ شارەکان کۆچبکەن.

### ٢-٣-٤-١-٢- کۆچ بۆ دەرەوەی قەزای سەیدسادق و بە پێچەوانەوە

کۆچکردنی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، تەنیا لە سنووری قەزاکەدا قەتیسنەبووە، بەڵکو بەشێک لە دانیشتوانەکەی بۆ شارەکانی تری پارێزگای سلێمانی، یاخود بەپێچەوانەوە لەشارەکانی ترەوە بۆ سنووری ئەم قەزایە کۆچیانکردووە. دیسان لەبەر نەبوونی تۆمار و زانیاریی تایبەت بە کۆچ لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا، جارێکی تر پشت بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (پوختەی کۆچ) دەبەستین، لەرێگەی زانینی جیاوازی لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەک لە قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانیەوە.

لەخشتەی (١٣) و شێوەی (١٠) وەە دەردەکەوێت: جگە لەماوەی (١٩٧٧–١٩٨٧)، کە ئەنجامی پوختەی کۆچ ئەرێنی (موجەب) دەرچووە، سەرجەم ماوەکانی تر نەرێنی (سالب) بوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەنیا لەم ماوەیەدا کۆچی شار و ناوچەکانی تری پارێزگا بۆ سنووری قەزای سەیدسادق بووە، لە بەرامبەردا هەموو ماوەکانی تر (تەنانەت تێکڕای ماوەی توێژینەوەکەش ١٩٥٧–٢٠٢٠) پرۆسەی کۆچکردن لەقەزای سەیدسادقەوە بۆ بەشەکانی تری پارێزگاکە ئەنجامدراوە.

شێوەی (١٠): ئاراستەی پوختەی کۆچ لەنێوان قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانیدا لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٢٠)




| | 1957-1965 | 1965-1977 | 1977-1987 | 1987-2002 | 2002-2010 | 2010-2020 | 1957-2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای سەیدسادق | 3 | 3.26 | 3.22 | 0.76 | 4 | 2.5 | 2.6 |
| پارێزگای سلێمانی | 3.4 | 4.56 | 3.21 | 1.82 | 4.9 | 2.96 | 3.33 |
| پوختەی کۆچ | -0.4 | -1.3 | 0.01 | -1.6 | -0.9 | -0.46 | -0.73 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەتن بە.زانیارییەکانی خشتەی (١٣).

ئەم ئاراستەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاوەدانییەکانی مرۆڤ بەتایبەت نشینگە شارییەکان لە سنووری ناوچەی توێژینەوەدا نەیانتوانیوە ببنە پاڵنەر و هۆکار بۆ ڕاکێشانی کۆچی ناوخۆیی لەسەر ئاستی پارێزگا. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو کات گەنجان و دانیشتوانی سنوورەکەیان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری دورخستۆتەوە. بە دەربڕینێکی تر: ناوچەی توێژینەوە (قەزای سەیدسادق)، نەک نەیتوانیوە هێزی ڕاکێشان دروستبکات بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان لەدەرەوەی سنووری خۆی، بەڵکو بەپێچەوانەوە هێزی پاڵنانی بەرهەمهێناوە بۆ کۆچکردنی دانیشتوان بۆ ناوچەکانی تری پارێزگای سلێمانی.

**خشتەی (١٣): پوختەی کۆچ[*] لەنێوان قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانیدا لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ماوەی گەشە | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان % | | پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|
| | قەزا | پارێزگا | |
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٣ | ٣،٤ | -٠،٤ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٣،٢٦ | ٤،٥٦ | -١،٣ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٣،٢٢ | ٣،٢١ | ٠،٠١ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٠،٧٦ | ١،٨٢ | -١،٠٦ |
| ٢٠٠٢-٢٠١٠ | ٤ | ٤،٩ | -٠،٩ |
| ٢٠١٠-٢٠٢٠ | ٢،٥ | ٢،٩٦ | -٠،٤٦ |
| ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٢،٦ | ٣،٣٣ | -٠،٧٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەتن بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی خشتەی (٥)، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی پوختەی کۆچ.

*) بۆ دەرهێنانی پوختەی کۆچ، پشت بەم هاوکێشەیە بەستراوە: (ڕێژەی پوختەی کۆچ= ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق - ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگای سلێمانی)
سەرچاوە: خليل إسماعيل محمد، دهوك - نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)، طبعة الأولى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥، ص ١١٠.

### ٢-٣-٤-٢- کۆچی دەرەکی (نێودەوڵەتی)

ئەم جۆرەی کۆچکردن، کاتێ ڕوودەدات کۆچکردوان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بڕۆن و سنووری ڕامیاری یان نێودەوڵەتی ببڕن، بۆیە زۆرجار بەکۆچی نێودەوڵەتی ناودەبرێت، لەبەرئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئەو کەسانەی کۆچدەکەن پێویستە سنوورێکی نێودەوڵەتی ببڕن. ئەوەی زۆر گرنگە

له کۆچی دەرەکیدا، ئەوەیە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێکی زۆر گرفتی یاسایی و کولتووری و زمانەوانی دەبێتەوە، تەنانەت توندوتیژی نەژادی و زۆر گرفتی تر[1]. توێژەرانی بواری دانیشتوان گرنگییەکی زۆر بە کۆچی نێودەوڵەتی دەدەن و زۆرجار وڵاتانی ڕاکێشەر و وڵاتانی پاڵنەری کۆچ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەستنیشان دەکەن.

بەهۆی نەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە پرسی کۆچ و لاوازی تۆمارە دانیشتوانییەکان لە هەرێمی کوردستان، هیچ جۆرە داتایەک بۆ ئەم پرسە گرنگ و جیهانییە بەردەست نییە، ئەمەش کەموکورتییەکی گرنگە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەربکرێت، لەبەرئەوەی پرسی کۆچ لەسەر ئاستی جیهان تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی گۆڕانی دیمۆگرافیا و ڕێژەی گەشە و گۆڕانی قەبارەیی دانیشتوانەوە، بەڵکو ڕەهەندی ئابووری و ڕامیاری و یاسایی خۆی هەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەکۆمەڵێ پرسی دیکەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشەوە گرێدراوە، تەنانەت پەیوەندییەکی بەهێزیشی بە نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆییەوە هەیە.

ناوچەی توێژینەوە بەهۆی خراپیی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی بۆ وڵاتانی هەرێمی و کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا کۆچیانکردووە و تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە، بەڵام  هیچ زانیاری و ژمارەیەک دەربارەیان نییە، بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە ئاراستەی کۆچی نێودەوڵەتیان نەرێنییە، واتە زیاتر دانیشتوان لێوەی کۆچیکردووە وەک لەوەی بۆیهاتبێ، بەهۆی دواکەوتویی ئابووری و خراپی بارو گوزەرانی دانیشتوان بەدوای یەکداهاتنی قەیران و تەنگەژە ئابووری و ڕامیاریەکانەوە.

بەڵام گۆڕانکارییە ڕامیارییەکانی دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعس، لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) وە، هاوکات خراپیی ئاسایشی سیاسی و کارگێڕی لە وڵاتی عێراق و بەشێک لە وڵاتانی هەرێمیی وەک (سوریا)، کۆمەڵێک ئاوارە و پەنابەر لە ناوچەکانی: (ناوەڕاست و باشووری عێراق، شەنگال، پارێزگای نەینەوا)، هەروەها لە دەوڵەتی سوریاوە هاتوونەتە سنووری ناوچەی توێژینەوە و تائێستاش تێیدا نیشتەجێن. بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (١٤)، ژمارەی ئەو خێزانانەی لە وڵاتی سوریاوە هاتوونەتە قەزای سەیدسادق بریتین لە (١٠٥) خێزان، کە ژمارەیان بریتیە لە (٥٢٥کەس)، بەشی زۆریان لە شاری سەیدسادق نیشتەجێن و کەمینەیەکیان لە دێیەکانی دەوروبەری.

---

١) فتحي محمد مصيلحي، جغرافيا البشرية (بين نظرية المعرفة وعلم المنهج الجغرافي)، الطبعة الثانية، بدون مطبعة، مصر ٢٠٠٤، ص ١٦٦-١٦٧.

### خشتەی (١٤): ئاوارە و پەنابەرانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠

| جۆری کۆچبەران | ژمارەی خێزان | ژمارەی کەس |
|---|---|---|
| ئاوارەی ناوخۆی عێراق | ٣٧٠ | ١٨٤٠ |
| پەنابەری سوری | ١٠٥ | ٥٢٥ |
| سەرجەم | ٤٧٥ | ٢٣٦٥ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان، (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.

هەروەها خشتەکە لەگەڵ نەخشەی (٨)، زانیاریی لەسەر بەشێک لە ئاوارە ناوخۆییە عێراقییەکانیش تێدایە، کە بریتین لە (٣٧٠) خێزان، واتە (١٨٤٠) کەس، بەهەردوو جۆرەکەوە (٤٧٥) خێزان و (٢٣٦٥) کەس لەدەرەوە هاتوون و لە قەزاکەدا نیشتەجێن، بەڵام بەشی زۆری ئاوارەکان لەناوخۆی عیراقەوە هاتوون.

### نەخشەی (٨): دابەشبوونی کۆچبەرانی ئاوارەی نیشتەجێ لە قەزای سەیدسادق، بەگوێرەی شوێنی هاتنیان، بۆ ساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٤).

## بەشی سێیەم: (دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)

### ٣-١: دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان

### ٣-٢: دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان

### ٣-٣: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

### ٣-٤: شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

# بەشی سێیەم

## دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق

دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتوان بە یەکێک لەگرنگترین بابەتەکانی جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت، نەخشە و کەتواری دابەشبوونی دانیشتوان، دەرئەنجامی کارلێککردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان فاکتەرە سروشتیو مرۆییەکانن لەهەر ناوچەیەکدا [١]. گرنگیی ئەم بابەتەش لەوەدا دەردەکەوێ کە زانینی دابەشبوونی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەر پلانێک دەبێت کە بەئامانجی بەرەوپێشبردنو پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت، بەمەبەستی دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەنجامدەدرێت. ئاشکرایە هەموو پرۆژەیەکی پلاندانانی پێشوەخت پێویستی بە کۆمەڵێ توێژینەوەی زانستی دەبێت، تاکو ببنە بەرچاوڕوونی و بتوانرێ لەرێگەی دەرئەنجامەکانیانەوە ئامانج و هەنگاوەکانی پلانەکە دابڕێژرێنەوە و بەگوێرەی واقیعی ناوچەکە و پێویستییەکانی کار لەسەر هێنانەدیی ئامانجەکان بکرێت، ئیدی ئەگەر پلانەکە پلانێکی ماوە کورت یان دوور مەودا بێت، پلانێکی لۆکالّی یان هەرێمی یاخود پلانێکی گشتگیر و فرە ڕەهەندبێت.

لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین توێژینەوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بکەین، بەگوێرەی ئەو پێوەرو ستانداردانەی لەم جۆرە توێژینەوانەدا بەکاردەهێنرێن، هەتا بتوانین لەرێگەیانەوە دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە لەڕووی دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی، دابەشبوونی قەبارەیی و دابەشبوونی ژینگەییەوە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە بخەینەڕوو. بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

### ٣-١- دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان

دابەشبوونی دانیشتوان؛ بەسەر جوگرافیا و ناوچە جیاوازەکاندا دابەشبوونێکی واقیعی (کەتواری)یە، بەو واتایەی تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن دانیشتوان لە کوێدا کۆببێتەوە و لەکوێدا بوونیان نەبێت، جگە لەوەی هیچ کات ئەوە ڕووینەداوە لە هەموو مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤدا یەکسانی قەبارەیی و ژمارەیی هەبووبێت، هۆکارەکانی ئەم نابەرامبەرییە بۆ بوونی جیاوازی لە شێوەکانی سەر ڕووی زەوی و دابەشبوونی دەرامەتە سروشتییەکان و دۆخە جیاوازەکانی ژینگەی سروشتی و مرۆیی دەگەڕێتەوە. هەروەها کاریگەرییەکانی ژینگەی مرۆیش جارێکی تر هۆکارن بۆ دەرکەوتنی جیاوازی لە دابەشبوونی شوێنی

---

١) عوسمان محمد عەلی، قەزای کەلار (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمیدا)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٤، لا ٧٢.

و ژمارەیی دانیشتواندا، هۆکارە مرۆییەکان بریتین لە هەریەک لە: (هۆکارە ئابوورییەکان، سەرخان و ژێرخان، هۆکاری کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و کارگێڕی) ەکان [1].

## ٣-١-١- دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان، دابەشبوونی دانیشتوانە بەسەر شوێنو بەشە جیاجیاکانی ناوچەی توێژینەوەدا، کە بێگومان هەر ناوچەیەک بەرێژەی جیاواز دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە، ئەویش بەگوێرەی بارودۆخەکانی ژینگەی سروشتیو مرۆیی هەریەکە لەو ناوچانە دەبێت، باشترین دابەشکاریش بۆ جیاکاری شوێنەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە سنوری یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، بەم پێیەش قەزاکە دابەشبووە بەسەر هەردوو ناحیەی (سەنتەری قەزای سەیدسادق، ناحیەی سرۆچک).

گرنگیی ئەم جۆرەی دابەشبوون لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە ئایا دابەشبوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر تەواوی بەشەکانی ناوچەکەدا دابەشبووە، یاخود بەپێچەوانەوە جیاوازی و نابەرامبەری گەورە لە کۆبوونەوەی دانیشتوانی هەریەک لەو بەشانەدا هەیە و چڕیی نیشتەجێبوون لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت،

لە خشتەی (١٥)و نەخشەی (٩)ەوە دەردەکەوێت زۆرترین دانیشتوان دەکەوێتە بەشی باشووری ناوچەی توێژینەوەوە، واتە سەنتەری قەزاکە، ئەویش بەهۆی کاریگەریی شاری سەیدسادقەوەیە، چونکە ئەم شارە سەنتەری قەزاکە دەنوێنێت، هەروەها زۆرترین دەزگای ئیداریو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیو ئابووریو خۆشگوزەرانیەکانی تێدا بەرجەستە بووە، بۆیە دەبینین زۆرترین دانیشتوانی لەخۆگرتووە ئەویش بریتیە لە (٩٢٣٢٧) کەس، چڕیی دانیشتوانیش بەرزترین بەهای تۆمارکردووە لەسەنتەری قەزادا گەیشتۆتە (٢٦٨،٥کەس/کم٢)، پاش ئەویش ناحیەی سروچک دێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣١٧٣) کەسەو چڕیی دانیشتوان تیایدا دەگاتە (٩کەس/ کم٢).

هۆکاری کەمی نیشتەجێبوون لەباکووری قەزاکە (ناحیەی سروچک)، لەلایەک بۆ نەگونجاوی تۆپۆگرافیا و ژینگەی سروشتی و فراوانیی ڕووبەری بەردەڵانییەکان و کەمیی زەویی کشتوکاڵیی پێویست، لەلایەکی ترەوە بۆ فراوانی ڕووبەرەکەی دەگەڕێتەوە، کەزیاتر لەنیوەی ڕووبەری قەزاکەی پێکهێناوە و قەبارەی دانیشتوانی کەمە، جگە لەوەی ئەم ناوچانە دوورن لە سەنتەرەکانی خزمەتگوزارییە کارگێڕیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی سەنتەری قەزاکەوە.

١) عباس فاضل السعدي، مصدر سابق، ص ٣٣.

## خشتەی (١٥): دابەشبوون و چڕیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەسەر یەکە کارگێڕییەکاندا بۆساڵی ٢٠٢٠

| یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر (کم٢) | ژ. دانیشتوان | چڕیی نیشتەجێبوون (کەس/کم٢) |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٣٤٣،٨١ | ٩٢٣٢٧ | ٢٦٨،٥ |
| ناحیەی سرۆچک | ٣٥٢،٥١ | ٣١٧٣ | ٩ |
| کۆی قەزا | ٦٩٦،٣٢ | ٩٥٥٠٠ | ١٣٧،١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٤) و دەرهاویشتەکانی پرۆگرامی (ArcMap10.8) پاش بەکارهێنانی لەلایەن توێژەرەوە.

## نەخشەی (٩): دابەشبوونی شوێنیی و چڕیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٥)، بە بەکارهێنانی (Dot Density) بۆ شەیپ فایلی قەزای سەیدسادق بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکان.

### ٣-١-٢- دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان:

قەزای سەیدسادق یەکێکە لەو قەزایانەی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیەکی بەرچاو دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە، بەردەوام ژمارەی دانیشتوانی بەرەو زیادبوون ڕۆشتووە، بەڵام بەهای ڕێژەیی لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەردەوام کەمیکردووە، بە تێڕوانین لە خشتەی (١٦) ئەم ڕاستیە ڕوونتر دەردەکەوێ، ژمارەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (١٩٥٧)دا نزیکەی (١٨٥٢٧) کەس بووە، کە ڕێژەی (٦%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، لەساڵی (١٩٦٥)دا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بۆ (٢٣٤٥٤)کەس زیادیکردووە، کە نزیکەی (٦%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیی لەخۆگرتووە، لەحاڵێکدا ئەم ژمارەیە لە ساڵی (١٩٧٧)دا بۆ (٣٤٦٩٧) کەس هەڵکشاوە ، کەچی بەهای ڕێژەیی بۆ (٥%) کەمیکردووە، ئەم داکشانە بەردەوام دەبێت، بەجۆرێک لە ساڵەکانی (٢٠٠٢ و ٢٠١٠ و ٢٠٢٠) یەک بەدوای یەک بۆ (٤،٣%، ٤%، ٣،٨%) کەمدەکەن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە گەشەی گشتی دانیشتوانی کۆی پارێزگاکە کەمترە.

**خشتەی (١٦): ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠**

| ساڵ | ژ.دانیشتوانی قەزا | ژ. دانیشتوانی پارێزگا | ڕێژەی قەزا لەپارێزگا % |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٨٥٢٧ | ٣٠٤٨٩٥ | ٦ |
| ١٩٦٥ | ٢٣٤٥٤ | ٣٩٩٧٦٨ | ٥،٩ |
| ١٩٧٧ | ٣٤٦٩٧ | ٦٩٠٥٥٧ | ٥ |
| ١٩٨٧ | ٤٧٨٧٢ | ٩٥١٧٢٣ | ٥ |
| ٢٠٠٢ | ٥٣٦٦٧ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٤،٣ |
| ٢٠١٠ | ٧٤٤٠٧ | ١٨٥١٤٣٣ | ٤ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥٥٠٠ | ٢٤٨٨١٧١ | ٣،٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٥).

تێبینی: لەبەرئەوەی مێژووی دروستبوونی قەزای سەیدسادق بۆ ساڵی (٢٠٠٧) دەگەڕێتەوە، پێش ئەم ڕێکەوتە ناحیەی سرۆچک لەسەرجەم ئامارەکاندا جگە لە ساڵەکانی (٢٠١٠ و ٢٠٢٠) سەر بەقەزای شارباژێڕ بووە، بەڵام بۆ دەستکەوتنی ژمارەی تەواوی دانیشتوانی سەیدسادق وەکو قەزا و دروستنەبوونی کەلێن لە خشتەکەدا، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سرۆچکیش لە هەریەک لە سەرژمێرییەکانی (١٩٥٧-٢٠٠٢) لە چوارچێوەی قەزای سەیدسادقدا هەژمارکراوە.

کەواتە، هەروەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان بۆکرد، ئاراستەی کۆچکردن (کۆچی ناوخۆیی) لە نێوان قەزای سەیدسادق و بەشەکانی تری پارێزگای سلێمانیدا، کۆچێکی نەرێنییە بەو واتایەی ئاراستەی کۆچ لە سنووری قەزای سەیدسادقەوە بۆ سەنتەری پارێزگا و بەشەکانی تری پارێزگاکە ئەنجام دەدرێت.

هەر سەبارەت بە دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان، بەڵام لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، وەک لە خشتەی (١٧) و شێوەی (١١) دا دەردەکەوێت، لەساڵی (١٩٥٧) دا تاڕادەیەک هاوسەنگی لەنێوان دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا بوونی هەبووە، بەوەی بەنزیکەی هەریەک لە سەنتەری قەزا و ناحیەی سرووچک ڕێژەی (٥٠%) ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان لەخۆیان گرتووە، دواتر لە ساڵی (١٩٦٥) دا هاوسەنگییەکە تێکدەچێت و ناحیەی سرووچک زۆرینەی دانیشتوان لەخۆدەگرێت بەڕێژەی (٥٢،٥%)، لەبەرامبەردا سەنتەری قەزای سەیدسادق ڕێژەی (٤٧،٥%) ی دانیشتوان پێکدەهێنێت.

### خشتەی (١٧): ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧–٢٠٢٠

| ساڵ | سەنتەری قەزا | % | ناحیەی سرووچک | % | کۆی قەزا | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨٩٢٢ | ٤٨،١٥ | ٩٦٠٥ | ٥١،٨٥ | ١٨٥٢٧ | ١٠٠ |
| ١٩٦٥ | ١١١٣١ | ٤٧،٥ | ١٢٣٢٣ | ٥٢،٥ | ٢٣٤٥٤ | ١٠٠ |
| ١٩٧٧ | ٢٢٧٠١ | ٦٥،٤ | ١١٩٩٦ | ٣٤،٦ | ٣٤٦٩٧ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧ | ٤٥٧٢٠ | ٩٥،٥ | ٢١٥٢ | ٤،٥ | ٤٧٨٧٢ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ٤٨٠٢٨ | ٨٩،٥ | ٥٦٣٩ | ١٠،٥ | ٥٣٦٦٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٧٠٨٢٩ | ٩٥،٢ | ٣٥٨٧ | ٤،٨ | ٧٤٤١٦ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٩٢٣٢٧ | ٩٦،٧ | ٣١٧٣ | ٣،٣ | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٤).

بەشێکی هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆئەوەی سروشتی ئەوکاتی دانیشتوانی قەزاکە و هەرێمی کوردستان بەگشتی، کە زیاتر کۆمەڵگەیەکی دێنشینی و کشتوکاڵی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ناوچە شاخاوی و دژوارەکانیان هەڵبژاردوە بۆ نیشتەجێبوون، لە پرۆسەی کشتوکاڵیشدا زیاتر بەکاری پەروەدەکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵبوون، بۆیە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری قەزاکە، کە خۆی لە ناحیەی (سرووچک) دا دەبینێتەوە زۆرترین دانیشتوانی تیدا کۆبووەتەوە.

## نەخشەی (١٠): دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٧).

## شێوەی (١١): دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، لەماوەی ساڵانی(١٩٥٧–٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٧).

بەڵام دواتر لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٧٧) دا بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە سەنتەری قەزای سەیدسادقدا چڕدەبنەوە بەڕێژەی (٦٥،٤%)، لە بەرامبەردا ناحیەی سروچک ڕێژەی چڕبوونەوەی دانیشتوانی بۆ (٣٤،٦%) کەمدەکات. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی پرۆسەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگەدا، کە جگە لە ئاژەڵداری پرۆسەی چاندن و کشتوکاڵی ڕووەکی پەیڕەویی لێدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش زەوییە بەپیتەکانی باشووری سنووری قەزای سەیدسادق، کە سەنتەری قەزاکە دەکات باشترین و گونجاوترین شوێن دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، هەربۆیە لەم سەرژمێرییە و سەرژمێرییەکانی دواتردا چڕیی نیشتەجێبوون و قورسایی ژمارەیی دانیشتوان لە بەشی باشووری قەزاکەدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە لە ساڵەکانی (١٩٨٧، ٢٠٠٢، ٢٠١٠ و٢٠٢٠) دا، سەنتەری قەزا بە ڕێژەکانی: (٩٥،٥%)، (٨٩،٥%)، (٩٥،٢%) و (٩٦،٧%)، دەبێتە چڕترین شوێن لەڕووی دابەشبوونی ژمارەییەوە. تەنانەت جیاوازییەکە زۆر گەورەتر دەبێت و لەکۆتا ساڵی توێژینەوەکەدا کە ساڵی (٢٠٢٠) ە ناحیەی سروچک تەنیا ڕێژەی (٣،٣%) ی دانیشتوانی قەزاکەی تێدا نیشتەجێیە. (وەک لە نەخشەی ژمارە ١٠ دا دەردەکەوێت).

بەشێکی تری هۆکارەکان بۆ گۆڕانی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بەهۆی بەشێکی زۆر لە هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە لە ماوەی توێژینەوەدا بەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا هاتوون، بوونەتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دێنشینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشین بگۆڕێن.

### ٣-٢- دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی قەبارەیی؛ بەرکەوتەی هەر مەڵبەندێکی دانیشتوانیە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئیتر ئەگەر لەسەرئاستی وڵات، هەرێم، پارێزگا، قەزا یان ناحیە بێت [١]. بە دەربڕینێکی تر: بریتیە لە ڕیزبەندی قەبارەیی دانیشتوان بەگوێرەی قورسایی دانیشتوانیان، بۆ ئەم مەبەستەش ڕیزبەندەکە پشت بە ژمارەی دانیشتوانی هەر نشینگە (شار و دێ)یەک دەبەستێت، بێگومان ئەم دابەشبوونە بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە بەرئەنجامی هۆکارە جۆراوجۆرەکانن، جگە لەوەی خودی جیاوازییە قەبارەییەکانیش جارێکی تر لێکەوتەی کۆمەڵێک بارودۆخی زاڵی ئەو ناوچەیەن، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم دابەشکارییە کۆمەڵێک دەستەی قەبارەیی دادەنرێن و بەگوێرەیان نشینگەکانیان پێدابەشدەکرێت [٢].

لێکۆڵینەوە لە ڕیزبەندی قەبارەیی - ژمارەی دانیشتوان - لەگەڵ دابەشبوونی قەبارەیی نشینگەمرۆییەکان گرنگیەکی زۆری هەیە، کە هیچ کەمتر نییە لە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنییو جوگرافیایی، بەڵکو دەبنە تەواوکەری یەکتر، لە کاتێکدا قەبارەی شار یاخود دێهات پەیوەستە بە دەرهاویشتەی کارلێکی کۆمەڵێک هۆکاری سروشتیو مرۆییەوە، ئەگەر هاتوو ئەو هۆکارانە ئەرێنی

---

١) حسين علي عبد محمد الراوي، تغير توزيع سكان محافظة الأنبار وحركاتهم المكانية (للمدة عام ١٩٧٧-١٩٩٧)، أطروحة دكتوراه (غير منشور)، كلية الآداب، جامعة بغداد، عام ١٩٩٩، ص ٣١.

٢) خليل إسماعيل محمد وأيوب خليل اسماعيل، تحليل جغرافي لتوزيع المستوطنات الريفية في ناحية قوشتەپە، گۆڤاری زانکۆ (گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ژمارە ٢٨، ساڵی ٢٠٠٦، لا ٣٩.

بوون ئەوا ئەو نشینگانە زۆردەبنو گەشەدەکەن، هەروەها کاریگەرییە هەرێمیەکانیشیان بەجۆرێک زیاد دەبێت کە ڕەنگە بگاتە دەرەوەی سنوری ئیداریو سیاسیی نشینگەکەوەو ببێتە مەڵبەندی کێشکردنی دانیشتوانی کۆچکردووی هەندێ لە نشینگەکانی دەوروبەری خۆی، بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو ئەو هۆکارانە نەرێنی بوون، ئەوا کاریگەریەکانیشی بەهەمان شێوە نەرێنی دەبنو نشینگەکە لەهەمان بارودۆخی خۆیدا دەمێنێتەوە، یان ڕەنگە بەشێکی دانیشتوانەکەی ببنە بەشێک لە پێکهاتەی نشینگەکانی تری دەوروبەری. کەواتە ڕیزبەندی قەبارەیی تیشک دەخاتە سەر ئەو هۆکارانەی بەشدارن لە نەخشاندنی ئەو دابەشبوونەی ئێستا هەیە، هەروەها دەرفەتی پەرەپێدانی ئەم نشینگانە لە داهاتوودا دەخاتەڕوو، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پلاندانەرانو لایەنە بەرپرسەکان، تاکو پێشبینی بکەن لەسەر چۆنێتی دابەشبوونی نشینگەکان لە داهاتوودا، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ لە نەهێشتنو کەمکردنەوەی هەر کێشەو ڕێگرییەک کە دێتە پێشەوە بۆ پلاندانەران لەکاتی جێبەجێکردندا، بەتایبەت کێشەکانی نیشتەجێبوون، ڕێگاوبانو ترافیکو پیسبوونو گرفتەکانی پەرەپێدان[1]. بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوان زیاتر لە نشینگە شارییەکاندا کۆدەبنەوە وەک لە دێیەکاندا، بەهۆی بوونی بەشێکی زۆر لە یەکە کارگێڕییەکان و مەڵبەندەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لەنێوان شار و دێیەکانیشدا زۆر ئەستەمە یەکسانی قەبارەیی بوونی هەبێت، بەڵکو هەمیشە جیاوازیی بارودۆخ و ژینگە سروشتی و مرۆییەکان و سەرخان و ژێرخانی هەریەک لە نشینگەکان جیاوازیی قەبارەیی دانیشتوان دێننە بەرهەم.

لە خشتەی ژمارە (١٨)دا دابەشبوون و ڕیزبەندی قەبارەیی نشینگە مرۆییەکانی قەزای سەیدسادق خراوەتەڕوو، بەگوێرەی دابەشکارییەکە نشینگەکان بەسەر (٥) دەستەدا دابەشکراوون، گرنگیی دانانی دەستەکان لەوەدایە کە توانای دەرخستنی جیاوازییەکانمان بۆ ڕوونتر دەکەنەوە و هەنگاوەکان کورتدەکەنەوە، هەربۆیە بەیەکێک لە ڕێگە و ئامرازە ئامارییە گرنگەکان دادەنرێت بۆ خستنەڕووی دابەشکارییەک لەسەر بنەمای قەبارە (ژمارە) ئەنجامدرابێت.

**خشتەی (١٨): ڕیزبەندی قەبارەیی بۆ نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠**

| یەکەی کارگێری / دەستە | سەنتەری قەزا | ناحیەی سرۆچک | کۆی قەزا |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١٠٠ کەس | ١٤ | ١٤ | ٢٨ |
| ١٠١-٥٠٠ | ١٨ | ٩ | ٢٧ |
| ٥٠١-١٠٠٠ | ٣ | ١ | ٤ |
| ١٠٠١-٥٠٠٠ | ٤ | ٠ | ٤ |
| زیاتر لە ٥٠٠٠کەس | ١ | ٠ | ١ |
| سەرجەم | ٤٠ | ٢٤ | ٦٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە پاشکۆی ژمارە (٣) و خشتەی ژمارە (٤).

١) محەمە مەهدی کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

له خشتەکەوە دەردەکەوێت: بەشێکی زۆری نشینگەمرۆییەکانی ناوچەی توێژینەوە لەجۆری قەبارە بچوکن، واتە دانیشتوانیان کەمە، هەر لەبەر ئەمەیە کە دەستەی یەکەم و دووەم (کەمتر لە ١٠٠ کەس، ١٠١-٥٠٠ کەس) زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە، کە یەکەمیان (٢٨) و دووەمیان (٢٧) نشینگەیان بەرکەوتووە، واتە ئەم دوو دەستەیە بەتەنیا (٥٥) نشینگەیان پێکهێناوە، کە دەکاتە (٨٦%) ی کۆی هەموو نشینگەکان، دواتر دەستەکانی (٥٠١-١٠٠٠) و (١٠٠١-٥٠٠٠) هەریەکیان (٤) نشینگە، بەهەردوکیانەوە (٨) نشینگەیان پێکهێناوە، لەکۆتایدا دەستەی (زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس) تەنیا یەک نشینگەی بەرکەوتووە، ئەویش شاری سەیدسادقی ناوەندی قەزاکەیە. لەم ئاراستانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە زۆرینەی نشینگەکان لەجۆری قەبارە بچوکن. نشینگەکانی ناحیەی سروچک تەنیا لە سێ دەستەی یەکەمدا کۆبونەتەوە، لە دەستەکانی (١٠٠١-٥٠٠٠ کەس) و (زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس) دا نشینگەی مرۆیی نییە، بەمەش بۆشایی لە دابەشبوونە قەبارەییەکەدا دروستکردووە.

هەروەها شێوەی ژمارە (١٢) ئەوەمان بۆ دەردەخات، تاکو قەبارەی دەستەکان گەورەترین نشینگەکان ژمارەیان کەمتر دەبێت، بە دەربڕینێکی تر بە زیادبوونی قەبارەی دەستەکان ئاراستەی لێژیی نشینگە پێکهێنەرەکان ڕوو لەکەمی دەکەن.

**شێوەی (١٢): ئاراستەی دابەشبوونی دانیشتوانی نشینگەمرۆییەکان بەسەر دەستە قەبارەییەکاندا بۆساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٨).

هەروەها نەخشەی ژمارە (١١) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە نشینگەمرۆییە قەبارە گەورەکان زیاتر لە بەشی باشووری قەزاکە، واتە لەسەنتەری قەزای سەیدسادق هەڵکەوتوون، هۆکاری بوونی ئەم

جیاوازی و نابەرامبەرییە بۆ کۆمەڵێ هۆکار دەگەڕێتەوە، دەتوانین هۆکارەکان بۆ دوو کۆمەڵە دابەشبکەین:

<u>**کۆمەڵەی یەکەم:**</u> بریتین لە هۆکارە سروشتییەکان، وەک لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، بەشی باکووری قەزاکە ناوچەیەکی شاخاوییە و تۆبۆگرافیایەکی ئاڵۆزی هەیە، لە بەرامبەردا بەشی باشووری ناوچەیەکی دەشتاییە و هاوسنوورە لەگەڵ دەریاچەی دەربەندیخاندا و جۆری خاکەکەی لە باشترین جۆرە، ئەویش (خاکی کەستەنائی) یە، هەروەها ئاستی ئاوی ژێرزەوی نزیکە لەڕووی زەوییەوە، جگە لەوەی چەمی چەقان و سەراو و قوماش و کانی پانکە لە بەشی باشوری قەزاکە هەڵکەوتوون، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی نشینگە قەبارە گەورەکان لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە سەنتەری قەزادا کۆببنەوە.

### نەخشەی (١١): دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆ ساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٨)، پاش بەکارهێنانی پرۆگرامی ( ArcMAP 10.8) بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا، لەڕێگەی (Graduated Symbols) ی (Symlology) بۆ شەیپ فایلی نشینگە مرۆییەکانی قەزاکە.

**کۆمەڵەی دووەم:** بریتین لە هۆکارە مرۆییەکان؛ کە زیاتر پەیوەستن بە دابەشکاریی کارگێڕی و بوونی خزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکانەوە، سەنتەری قەزاکە بەوپێیەی ناوەندی قەزای سەیدسادقی پێکهێناوە، زۆرترین خزمەتگوزارییە کارگێڕی و تەندروستی و فێرکارییەکان و تەنانەت خزمەتگوزارییەکانی کاتبەسەربردن و خۆشگوزەرانیشی تێدا کۆبوونەتەوە، بۆیە چاوەڕوانکراوە زۆرترین دانیشتوان لەخۆبگرن. هەروەها بوونی ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان (سلێمانی – سەیدسادق) و (سەیدسادق – پینجوێن)، کە ئەوەی یەکەمیان قەزاکە بە سەنتەری پارێزگاکەوە دەبەستێتەوە و ئەوەی دووەمیان مەرزی باشماخ بە قەزاکەوە دەبەستێتەوە. جگە لەبوونی ڕێگای نێوان (سەیدسادق-هەڵەبجە)، ئەم ڕێگایانە جارێکی تر ڕۆڵی دیاریان لە دابەشبوونی قەبارەییدا هەبووە، بەجۆرێک زۆرینەی نشینگە قەبارە گەورەکان لەسەر ئەم ڕێگایانە هەڵکەوتوون، بەتایبەت (شاری سەیدسادق، گوندەکانی: شانەدەری، گردەنازێ، گرێزە، کانی پانکە، مایندۆڵ، کانی سپیکە، گامێشتەپە).

بەگشتی دابەشبوونە قەبارەییەکە ئەوەمان پیدەڵێت: بەشی باشووری قەزاکە (سەنتەری قەزای سەیدسادق) لە ڕووی هۆکارە سروشتی و مرۆییەکانەوە بۆ بەشێکی زۆری چالاکییە (ئابووری، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) یەکان گونجاوترە، بۆیە زۆرینەی نشینگە قەبارە گەورەکانی تێدا کۆبووەتەوە.

## ٣-٣- دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

سەدەی بیستەم بە سەدەی گۆڕانی دانیشتوان ناسرابوو، ئەویش دوای ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی جیهان بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە دێیەکانەوە بۆ شارەکان کۆچیانکرد، بەتایبەت لەو ناوچەو هەرێمانەی کەمترین پێشکەوتنیان بەرجەستەکردووە، گۆڕان و زیادبوونی شارنشینی لە ئەنجامی دوو هۆکار هاتە کایەوە، کە هەردووکیان لەیەک کاتدا بوونە هۆکارێک بەتەواوی هاوسەنگی دابەشبوونی ژینگەییان گۆڕی، ئەوانیش بریتیبوون لە: (زیادبوون بەهۆی لەدایکبوون لەشارەکان، بەردەوامی ئەو کۆچانەی لە دێیەکانەوە بۆ شارەکان ئەنجامدران و تا ئێستاش بەردەوامییان هەیە)، ئەم دوو ئاراستەیە پێکەوە بوونە هۆکارێک بۆ فراوانبوونی پشتێنەی شارەکان، بەچەشنێک بەشێکی زۆری نشینگە دێییەکانی پێشتر لەڕێگەی کرداری یەخسیربوونی شارستانیەوە بوونەتە گەڕەکێک لە ئێستای زۆرینەی شارەکان [١]. گومان لەوەدا نییە وەها لێکۆڵینەوەیەک لە ڕەوتی پەیوەندییە پەرەسەندووەکانی نێوان مرۆڤ و زەوی بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە گۆڕانی بونیادی ژینگەیی زۆرجار چەند گۆڕانکارییەک لە میانەی دابەشبوونی هێزی کار و چالاکییە ئابوورییەکاندا

١) أحمد سامر الدعبوسي، التنمية والسكان، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع, عمان ٢٠١٠، ص ٥٥.

دێنێته دی، جگه له گۆڕانکارییەکانی دیاردەی وەرچەرخانی شارستانی، چ له بەها کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان، چ له پێکهاتەی ئابووری و بژێویدا [١].

گۆڕانکارییەکان لەبواری پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکان له هەردوو جۆری نشینگەی شاری و دێیدا، بۆته هۆی ئەوەی زۆر گرانبێت بتوانرێت جیاکاری لەنێوان شارو دێیەکاندا ئەنجامبدرێت، بەتایبەتی له وڵاته پێشکەوتووەکاندا، که وایلێهاتووه بەشێکی زۆری شێوازی ژیانکردنی شارییانه له دێیەکاندا فەراهەمکراوه، وەک تۆڕەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوه و خزمەتگوزارییه تەندروستی و فێرکارییەکان و زۆر هێما و تایبەتمەندیی تری شارستانی، که له دێیەکاندا بوونیان هەیه، ئەمانه بوونەته هۆکار بۆ کەمبوونەوەی جیاوازییەکانی نێوانیان، خاڵی ناواخنی لێرەدا ئەوەیه دێیەکان لەپرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا خەریکن سیما و تایبەتمەندیی خۆیان لەدەست دەدەن [٢].

فراوانبوونی شارنشینی له بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بۆ کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوه، ئەوانیش [٣]:

- بەرزیی تێکڕای گەشەی سروشتی لەم وڵاتانەدا، بەهۆی زۆریی ڕێژەی پیتداری و کەمبوونەوەی ڕێژەی مردن له ناوچه شارنشینییەکاندا، جگه لەبوونی کۆمەڵێک پانتایی و ئاسانکاری و خۆشگوزەرەنی له شارەکاندا، که زۆرجار خزمەتگوزارییەکانی کاتبەسەربردن، ژێرخان، گواستنەوه، پەروەرده و تەندروستییەکان ئەم ئاسانکارییانه بەرجەسته دەکەن و دەبنه هێزێک بۆ ڕاکێشانی گوندنشینان، دواجار کۆچی دێنشینان بۆ شارەکان دروستدەکات.
- زۆربوونی کۆچی دێنشینان بۆ شارەکان، ئەم دیاردەیه له زۆرینەی وڵاته عەرەبییەکاندا باوه، بەهۆی ئەوەی زۆرینەیان کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی کلاسیکین و هێزێکی زۆری کار له کۆمەڵگه دێهاتییەکاندا کەڵەکه دەبێت، که دواجار بێکاری دێنێته بەرهەم، بەهۆی نەبوونی دەرفەتی کار و کەمیی خزمەتگوزارییه سەرەتاییەکانی تەندروستی و کۆمەڵگەییەکان. له بەرامبەردا بوونی دەرفەتی کار له کەرتی پیشەسازی و خزمەتگوزاری له شارەکاندا، ڕەوتی کۆچکردن بۆ شارەکان دەهێنێته بوون، بەهۆی بوونی هێزی دەرکەر له دێیەکان و هێزی ڕاکێشان له شارەکاندا.
- کۆچه نێودەوڵەتییەکان: بەشێکی زۆری ئەو کۆچانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدەدرێن بەئاراستەی شاره پیشەسازییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوون، ئەو کۆچبەرانەی بەشدارن تیایدا له

١) جەزا توفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٦.
٢) علي سالم حميدان ومحمود الحبيس، جغرافيا السكان (مدخل الى علم السكان)، مصدر السابق، ص ١٨٨.
٣) فتحي محمد أبو عيانة، مشكلات السكان في الوطن العربي، مصدر السابق، ص ١٠٧-١٠٨.

هەردوو جۆری دێنشین و شارنشینن، کەتێکرا پێکەوە بۆ شارەکانی وڵاتانی تر کۆچدەکەن، ئەمەش جارێکی تر باڵانسی دانیشتوانی شارنشین لەئاست دێنشینی بەرزتر دەکەنەوە.

مەبەست لە دابەشبوونی ژینگەیی واتە دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەشارو گوندەکاندا، ئەم جۆرە دابەشبوونە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لە توێژینەوە دیمۆگرافییەکاندا، چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤـو زەوی دەردەخاتو ئەو ڕاستیانەش ڕووندەکاتەوە کە پەیوەستن بەسروشتی شێوازەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوانو شێوەی نشینگەکانو چۆنێتی دابەشبوونیان، جگە لەوەی کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەوشی دیمۆگرافیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی دانیشتوان، هاوکات ڕۆڵی بەرچاویشی دەبێت لە پرسەکانی پەیوەست بە پلاندانانی هەرێمیو پرۆژەکانی گەشەپێداندا [1].

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، باشتر وایە لەسەر دوو ئاستی جیاواز هەڵسەنگاندن و بەراورد بکرێت، ئەوانیش ئاستەکانی (ئاستی پارێزگای سلێمانی، ئاستی قەزای سەیدسادق)، گرنگیی ئەم بەراوردکارییە لەوەدایە، جیا لە دۆخی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی خودی قەزای سەیدساق، دەتوانین بەراوردی ئەوە بکەین پێگەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بە بەراورد بە قەزاکانی تری پارێزگاکە لە چ دۆخێکدایە.

### ٣-١-٣- دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق

دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق چوونیەک نییە و جیاوازە، ، لە خشتەی (١٩) وە دەردەکەوێت سەنتەری قەزای سەیدسادق، لەسەرەتاوە ڕێژەی دێنشینیی بریتیبووە لە (٨٧%)، لە بەرامبەردا شارنیشنی بریتیبووە لە (١٣%)ی کۆی ژمارەی دانیشتوان. ڕێژەکان بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوون، بەڵام سەرژمێری لەدوای سەرژمێری بەردەوام ڕێژەی شارنشینی زیادیکردووە و دێنشینی لە کەمبوونەوەدا بووە، بەجۆرێک لە کۆتا ساڵ (٢٠٢٠)، ڕێژەی دێنشینی دابەزیوە بۆ (١٤%)، لە بەرامبەردا شارنشینی بۆ نزیکەی (٨٦%) بەرزبۆتەوە. ئەم ئاراستانە ئەوەمان پێدەڵێن لەماوەی توێژینەوەکەدا دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی سەنتەری قەزای سەیدسادق جێگیریی بەخۆیەوە نەبینیووە و بەردەوام ڕێژەی دێنشینی کەمیکردووە و شارنشینی زیادیکردووە.

1) H. J. De Brij, HUMAN GEOGRAPHY Culture, Society, and Space, 5th Edition, printed by Von Hoffmann press, 1995, p 68-69.

## خشتەی (١٩): دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکان لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵەکان | سەنتەری قەزا | | | | ناحیەی سرۆچک | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشين | % | دێنشين | % | شارنشين | % | دێنشين | % |
| ١٩٥٧ | ١١٥١ | ١٣ | ٧٧٧١ | ٨٧ | ١٥٢٥ | ١٦ | ٨٠٨٠ | ٨٤ |
| ١٩٦٥ | ١٦٠٤ | ١٤،٥ | ٩٥٢٧ | ٨٥،٥ | ١٧٢١ | ١٤ | ١٠٦٠٢ | ٨٦ |
| ١٩٧٧ | ٧٨٩٥ | ٣٤،٨ | ١٤٨٠٦ | ٦٥،٢ | ١٤٧٨ | ١٢،٣ | ١٠٥١٨ | ٨٧،٧ |
| ١٩٨٧ | ٢٦١٩٣ | ٥٧،٣ | ١٩٥٢٧ | ٤٢،٧ | ٢١٥٢ | نەزانراو | نەزانراو(*) | نەزانراو |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٢٨٢ | ٦٣ | ١٧٧٤٦ | ٣٧ | ٤٨٠ | ٨،٥ | ٥١٥٩ | ٩١،٥ |
| ٢٠١٠ | ٥٢٥٤٥ | ٧٤،٢ | ١٨٢٨٤ | ٢٥،٨ | ٥٢٢ | ١٤،٥ | ٣٠٥٦ | ٨٥،٥ |
| ٢٠٢٠ | ٧٩١٤٣ | ٨٥،٧ | ١٣١٨٤ | ١٤،٣ | ٦٢٢ | ١٩،٦ | ٢٥٥١ | ٨٠،٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەم زانیارییانەی خوارەوە:

١- الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لیواء السليمانية وكركوك، الجداول رقم (٨)، ص ٢٢-٢٤.

٢- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظة السليمانية، الجداول رقم (١)، ص ٧-٨.

٣- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية، الجداول رقم (٢٢)، ص ٣٥-٣٦.

٤- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية، الجداول رقم (١)، ص ١-٢.

٥- حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبى الخدمية الإرتكازية الاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، ص ٥٧، ٥٨، ١١٥، ١١٦.

٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی ٢٠٠٩، لا ٧١-٧٥.

٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری سەیدسادق، زانیاریی بلاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

٨- زانیاریەکانی پاشکۆی ژمارە (٣)، کە سەرژمێرییەکی مەیدانییە بۆ گوندەکانی قەزای سەیدسادق، لەلایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە.

---

(*) لە سەرژمێریی (١٩٨٧)دا بەهۆی جەنگی (عێراق-ئێران)ەوە، نەتوانراوە لە گوندەکانی سنووری ناحیەی سرۆچک سەرژمێریی ئەنجامبدرێت، بەم هۆیەوە لەم سەرژمێرییەدا تەنیا شارنشین هەژمارکراوە.

بەڵام لە ناحیەی سرۆچک، لەماوەی توێژینەوەکەدا و لەهەموو سەرژمێرییەکاندا بەردەوام ڕێژەی دێنشینی لە شارنشینی بەرزتربووە، لەبەرئەوەی سەنتەری ناحیەکە تەنیا لەڕووی کارگێڕییەوە وەک شار هەژماردەکرێت، لەڕووی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و پیشەییەوە هاوشێوەی دێیەکانی دەوروبەریەتی و نەیتوانیوە ڕۆڵی سەنتەرێکی شارستانی بگێڕێت و دانیشتوانێکی زۆر لەخۆی بگرێت. بەڵام ڕێژەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە هیچ کام لە سەرژمێرییەکاندا ڕێژەی شارنشینی نەگەشتۆتە (٢٠%)، تەنیا لەساڵی (٢٠٢٠) دا نزیکبۆتەوە لە (٢٠%)، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە کۆمەڵگەی دانیشتوانیی ناحیەکە لەڕووی ژینگەییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، تاکو ئێستاش ژیانی دێنشینی و پێکهاتەی ئابوورییان زیاتر سەر بەکەرتی کشتوکاڵە.

بەپێچەوانەوە دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان گۆڕاوە، جیا لە پیشەی کشتوکاڵکردن پیشەکانی تری وەک پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری برەویان پەیداکردووە و دانیشتوانی سەنتەری قەزاکەش بەسەر پیشەکاندا دابەشبوون، ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە وایانکردووە دێنشینی ڕێژەکەی کەمتربێتەوە و تەنیا ئەو کەسانە لە دێیەکاندا بمێننەوە بە پیشەی کشتوکاڵەوە خەریکن بە هەردوو جۆری چاندن و ئاژەڵدارییەوە. لەبەرامبەردا خاوەن پیشەکانی تر بۆ سەنتەری شاری سەیدسادق کۆچیانکردووە و تیایدا نیشتەجێبوون. هەروەها نەخشەی (١٢)، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، لەساڵی (٢٠٢٠)دا دابەشبوونی ژینگەیی هەریەک لە (سەنتەری قەزای سەیدسادق و ناحیەی سرۆچک) پێچەوانەی یەکترن، لە سەنتەری قەزای سەیدسادق شارنشینی نزیکەی (٨٦%)ی کۆی ژمارەی دانیشتوانە، بەڵام لە ناحیەی سرۆچک نزیکەی (٢٠%) ی دانیشتوانە، لە بەرامبەردا دێنشینی لە سەنتەری قەزای سەیدسادق (١٤%)ی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ناحیەی سرۆچک زیاتر (٨٠%)ی هەموو دانیشتوانی ناحیەیکەی پێکهێناوە.

هەر سەبارەت بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بەڵام ئەمجارەیان لەسەرئاستی کۆی گشتیی قەزاکە، ئەگەر سەیری زانیارییەکانی نێو خشتەی (٢٠) بکەین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بە تێپەڕبوونی کات دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق گۆڕانکاریی گەورە و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. لەبەرئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەی مرۆیی بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، بۆیە چاوەڕوانکراوە، دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان، کە ڕەنگدانەوەی کارلێکەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتیە، گۆڕانکاریی بەسەردابێت و لەکاتێکەوە بۆکاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نابەرامبەری دروستببێت.

له سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧) دا، تەنیا (١٤،٥%) ی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق له شارەکاندا نیشتەجێبوون، له بەرامبەردا (٨٥،٥%) ی دانیشتوانەکەی له دێیەکاندا نیشتەجێبوون، ئەمەش واتای ئەوەیە زۆرینەی دانیشتوانەکەی دێنشین بوون و له کەرتی کشتوکاڵیدا کاریانکردووە،

**نەخشەی (١٢) دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆ یەکەکارگێڕییەکان لەساڵی (٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٩).

تاکو سەرژمێریی (١٩٧٧) کۆمەڵگەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە کۆمەڵگەیەکی دێنشین بوون، بەڵام له سەرژمێریی (١٩٨٧) ەوە پێچەوانە دەبێتەوە و له کۆمەڵگەیەکی دێنشینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشین دەگۆڕێت، کە تیایدا شارنشینی زیاتر لە (٥٩%) ی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، کەچی دێنشینی دابەزیووە بۆ نزیکەی (٤١%). لەم سەرژمێرییەوە تاکو کۆتا ساڵی ماوەی توێژینەوەکە، بەردەوام ڕێژەی شارنشینی له بەرزبوونەوەدا بووە و دێنشینی له کەمبوونەوەدا بووە. تاکو له کۆتا ساڵدا شارنشینی ئەوپەڕی بەرزی تۆماردەکات بە ڕێژەی (٨٣،٥%)، له بەرامبەردا دێنشینی بۆ (١٦،٥%) دابەزیووە.

بەتێڕوانین لە شێوەی (١٣)، جارێکی تر دەتوانرێ هەست بە گۆڕانی ئاراستەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و دابەزینی ڕێژەی دێنشینی بکرێت، بۆیە دەکرێت هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دوو ئاراستە پێچەوانەیە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکەدا لەماوەی توێژینەوەدا بگێڕینەوە بۆ:

خشتەی (٢٠): دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵەکان | شارنشین | | دێنشین | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ١٩٥٧ | ٢٦٧٦ | ١٤،٥ | ١٥٨٥١ | ٨٥،٥ | ١٨٥٢٧ | ١٠٠ |
| ١٩٦٥ | ٣٣٢٥ | ١٤ | ٢٠١٢٩ | ٨٦ | ٢٣٤٥٤ | ١٠٠ |
| ١٩٧٧ | ٩٣٧٣ | ٢٧ | ٢٥٣٢٤ | ٧٣ | ٣٤٦٩٧ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧ | ٢٨٣٤٥ | ٥٩،٢ | ١٩٥٢٧ | ٤٠،٨ | ٤٧٨٧٢ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٧٦٢ | ٥٧،٣ | ٢٢٩٠٥ | ٤٢،٧ | ٥٣٦٦٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٥٣٠٦٧ | ٧١،٣ | ٢١٣٤٠ | ٢٨،٧ | ٧٤٤٠٧ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٧٩٧٦٥ | ٨٣،٥ | ١٥٧٣٥ | ١٦،٥ | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١٩).

- ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکەدا، کە بەردەوام دەسەڵاتی سیاسیی ڕژێمی بەعس لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ویستویەتی بەبیانووی جۆراوجۆر بەشێکی زۆری دێیەکانی ناوچە سنوورییەکان و ناوچە ستراتیجییەکان چۆڵبکات، بۆ مەرامی ناسیۆنالیزمی خۆی و تێکدانی ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان.
- سیاسەتی نادروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەوەی نەیتوانی سیاسەتێکی ئابووری بەهێز و هاوسەنگ لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان دروستبکات، کە بەتەواوی کەرتی کشتوکاڵ و دێنشینی فەرامۆشکردبوو.
- ئەو تەوژمە جیهانییە شارنشینییەی کە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی گرتەوە، بەهۆی کرانەوەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەرووی وڵاتانی پێشکەوتوودا، لەڕێگەی تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێتەوە، ئەم کرانەوەیە وایکرد دانشیتوانی قەزاکە هەوڵبدەن لەژیانی کشتوکاڵی و دێیەکان هەڵبێن و ڕوو لەشارەکان بکەن.
- باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی دانیشتوانی قەزاکە، لە دوای دەرچواندنی بڕیاری (٩٨٦) ی نەوت بەرامبەر بەخۆراک و دواتر سەربەخۆبوونی ئابووری

هەرێم و فرۆشتنی سامانی سروشتی وەک نەوت، لەهەمان کاتدا دابەشکردنی داهاتەکەی بەشێوەیەکی نادروست لەڕێگەی دامەزراندنی نەشیاوی بەشێکی زۆری دانیشتوان لە فەرمانگە حکومییەکاندا.

شێوەی (١٣): دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٢٠).

### ٣-٣-٢- دابەشبوونی ژینگەیی لەسەرئاستی پارێزگای سلێمانی

بۆ ئەوەی جیاوازیی دابەشبوونی ژینگەیی قەزاکە لەگەڵ قەزاکانی تری پارێزگای سلێمانی و تێکڕای کۆی پارێزگاکەدا دەربکەوێت، باشترە بەراوردێک بکەین لە نێوانیاندا، خشتەی ژمارە (٢١)، ئەو جیاوازییانەی خستۆتەڕوو، هەروەها دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی کۆی پارێزگاکەشی خستۆتەڕوو، تیایدا دەرکەوتووە، بەرزترین ڕێژە لە شارنشین لەنێوان سەرجەم قەزاکانی پارێزگای سلێمانیدا بریتیە لە قەزای (کەلار) بەڕێژەی (٩٤%)، دوای ئەویش قەزای سلێمانی و دەربەندیخان دێن بە ڕێژەی (٩٢%). لە بەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی دێنشینی دەکەوێتە قەزای (ماوەت) ەوە بەڕێژەی (٨٤%)، دواتر قەزای (قەرەداغ) بەڕێژەی (٧٥،٥%)، گرفتەکە لەوەدایە ئەم دوو قەزا خاوەنی کەمترین دانیشتوانن و نەیانتوانیوە لاسەنگیی دابەشبوونی ژینگەیی کۆی پارێزگاکە هاوسەنگ بکەنەوە، بۆیە تێکڕای سەرجەمی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لاسەنگییەکی گەورەی هەیە بە ڕێژەی شارنشینی (٨٦%) و دێنشینی (١٤%).

## خشتەی (٢١) دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەسەرئاستی قەزاكان بۆساڵی ٢٠٢٠

| قەزاكان | شارنشین | | دێنشین | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % |
| سلێمانی | ٩٤٠٣٧٤ | ٩٢ | ٧٩٩٩٣ | ٨ |
| سەیدسادق | ٧٩٧٦٥ | ٨٣،٥ | ١٥٧٣٥ | ١٦،٥ |
| شارەزوور | ٧٠١٨٢ | ٨٧،٣ | ١٠٢٠٣ | ١٢،٧ |
| شارباژێر | ٨٠٥٨ | ٣٣ | ١٦٣٦٣ | ٦٧ |
| قەرەداغ | ٢٦٠٥ | ٢٤،٥ | ٨٠٣١ | ٧٥،٥ |
| كەلار | ٢١٥١٩٧ | ٩٤ | ١٣٤٤٦ | ٦ |
| كفری | ٤٢٧٤٩ | ٦٨ | ٢٠٠٣٤ | ٣٢ |
| پێنجوێن | ٢٩٠٩٢ | ٥٥ | ٢٣٨٥٧ | ٤٥ |
| دەربەندیخان | ٥٣١٢٨ | ٩٢ | ٤٧٢٦ | ٨ |
| دوكان | ٥١٤٧٧ | ٦١ | ٣٢٧٧٥ | ٣٩ |
| چەمچەماڵ | ١٧١٦٩٩ | ٨٨ | ٢٣٤٤١ | ١٢ |
| ماوەت | ١٧١٥ | ١٦ | ٨٩٩٢ | ٨٤ |
| ڕانیە | ٢٣٥٤٠٦ | ٨٨،٣ | ٣١١٤٠ | ١١،٧ |
| پشدەر | ١١٠٩٨٢ | ٧٤،٥ | ٣٧٩٥٦ | ٢٥،٥ |
| كۆی پارێزگا | ٢٠١٢٤٢٩ | ٨٦ | ٣٢٦٦٩٢ | ١٤ |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە: ١- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامە سەرەتاییەكانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەكان بۆساڵی ٢٠٠٩، بەشی ئاماری دانیشتوان، زانیاری بڵاونەكراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

٣- زانیاریەكانی پاشكۆی ژمارە (٣)، كە سەرژمێرییەكی مەیدانییە بۆ گوندەكانی قەزای سەیدسادق، لەلایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و دابەزینی ڕێژەی دێنشینی، کاریگەریی نەخوازراو و خراپی لەسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان دەبێت لە هەردوو جۆری نشینگە شاری و دێییەکاندا، بۆیە دەکرێت کاریگەری و دەرئەنجامەکانی (پرۆسەی بەشاریبوون) لە ناوچەی توێژینەوەدا لەمانەی خوارەوەدا ببینینەوە [1]:

١- کێشەی نیشتەجێبوون لە شارەکاندا
٢- فراوانبوون و گەورەتربوونی مەودای جیاوازییەکانی نێوان شارو دێ.
٣- کێشەکانی گواستنەوە و ترافیکەکان لەشاردا
٤- دروستبوونی کەلێنی خۆراک و تێکچوونی ئاسایشی خۆراک
٥- بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لەشارەکاندا
٦- کێشەی پیسبوونی ژینگەی شارەکان
٧- کەمبوونەوەی توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن دەزگا و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانەوە.
٨- گرفتی شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبیل
٩- دروستبوونی کێشەی دەروونی و گرفتی کۆمەلایەتی لەشارەکاندا.
١٠- زۆربوونی کێشە و گرفتە تەندروستییەکانی مرۆڤ بەهۆی قەرەباڵغی شارەکان و نەبوونی ژێرخانێکی باش لە دێیەکاندا.

## ٣-٤- شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

دابەشبوون، بە کرۆکی کاری جوگرافیا دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جوگرافیا تەنیا لە خودی دابەشبوونەکەو پەیوەندیەکانیان ناکۆڵێتەوە، واتە تەنیا لەو دیاردانە ناکۆڵێتەوە کە ناوچەیەک داگیردەکەن، بەڵکو جەخت لەسەر خودی ئەو شوێنە دەکاتەوە کە بەهۆی دیاردە دابەشبووەکانی ناویەوە دیاریکراوە، یان لە پەیوەندیە ژینگەییەکانیان، دەرئەنجامی ئەمەش ئەو پەیوەندیو کارلێکە تەواوکەرانەیە، کەلەنێوان دیاردەکاندا لە چوارچێوەی سنوری ناوچەکەدا بەدیدەکرێن، ئەمەش بەگرنگترین بابەتەکانی ناو زانستی جوگرافیا دەژمێردرێت [2]. گرنگی دابەشبوونی جوگرافیایی لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە شوێن ڕۆڵی کارا دەگێڕێ لەقۆناغەکانی گەشەکردنو فراوانبوونی نشینگە مرۆییەکاندا. هەروەها نەخشەی دابەشبوون لە ڕیزی گرنگترین ئەو ئامرازانەدا دانراوە کە بایەخێکی

١) علي سالم إحميدان الشواورة، عدالة التنمية بين الريف والحضر، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٢، ص ٤٦٦-٤٩٦.
٢) صفوح خير، الجغرافية (موضوعها ومناهجها وأهدافها)، الطبعة الأولى، دار الفكر المعاصر، بيروت ٢٠٠٢، ص ٥٤.

زۆری لە توێژینەوە جوگرافیاییەکاندا هەیە، بەو پێیەی دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە هۆکارە کاریگەرەکانی پشت دابەشبوونەکە لێکبدرێنەوە [١].

توێژەرانی بواری جوگرافیا، لە توێژینەوەکانیاندا گرنگییەکی یەکجار زۆر بە دابەشبوون و شێوازەکانی دابەشبونی دیاردەکان دەدەن، ئەم هەنگاوە بە سەرەکیترین هەنگاوی ناو توێژینەوە جوگرافیاییەکان هەژماردەکرێت. مەبەست لەم هەنگاوە تەنیا کارێکی ڕووکەش و بێ ناواخن نییە، چونکە دواجار هەڵسەنگاندن دەکرێت بۆ شێوازی دابەشبوونەکانیان، بۆئەوەی هۆکارەکانی پشت دروستبوونی شێوازەکە بزانرێن، هاوکات بتوانرێ لە ڕێگەیەوە شیکارییەکی ورد بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شێوازانە بکرێت کە دابەشبوونەکە دروستیکردووە، ئیدی لەڕووی گونجاویی شوێنەکانیان یان پاڵنەرەکانی پشت دروستبوونی شێوازەکانەوە یان هەر مەبەستێکی تر بێت، کە بەلای توێژەرەوە گرنگەو دەیەوێ پەیوەندییەکانیان ببینێتەوە.

لەنێوان گرنگترین ئەو پێوەرە جۆراوجۆرانەی بەکاردێن بۆ پێوانەکردنی دابەشبوونی شوێنیی و شێوازەکانیدا، دیارترینیان پێوەری شیکاریی نزیکترین دراوسێ (جار الاقرب) ە، کە ئامرازێکی بەکارهاتووە لەلایەن توێژەرانی بواری جوگرافیاوە، ئەوەی ئەم پێوەرە لە پێوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دوورە لەهەر ڕێژەیەکی هەڵەوە بە پێچەوانەی پێوەرەکانی ترەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە نزیکترین دراوسێ باوترین پێوەرە کە لە زانستی جوگرافیادا بەکاردێ بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بڵاوبوونەوەی خاڵەکان لەدەوری یەکترو دۆزینەوەی شێوازی گشتیی ئەو بڵاوبوونەوەیە لە دابەشبوونە شوێنییەکاندا، پاشان ئەوەش دەستنیشان دەکات کە دابەشبوونەکە هەرەمەکیە، یان کۆبوەوەیە، یاخود پەرشو بڵاوە.

دەرئەنجامەکانی ئەم پێوەرە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەوە دەستدەکەوێت [٢]:

$$R = 2 * d\sqrt{\frac{N}{A}}$$

R : بەهای نزیکترین دراوسێ، D : تێکڕای دووریی ڕاستەقینەی نێوان دیاردەکان (نشینگەکان) لە دابەشبوونەکەدا، N : ژمارەی دیاردەکان (خاڵەکان)، A: ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە.

ئەو شێوازانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پێوەرەوە دەستمان دەکەون برتین لە سێ شێوازی سەرەکیی و چەند شێوازێکی تری لاوەکی هەر لە چوارچێوەی ئەو شێوازە سەرەکیانەدا،

١) محمد مهدی کریم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤.
٢) سامي عزيز عباس العتبي و د. اياد عاشور الطائي، الاحصاء والنمذجة في الجغرافية، طبعة الأولى، مطبعة الامارة، بغداد، ٢٠١٣، ص ١٥٦.

شێوازەکانیش هەریەکەیان پەیوەستن بەو بەهایەوە کە لەکۆتایدا دەستمان دەکەون، بەهاکانیش دەکەونە نێوان (٢،١٤٩≥R≥سفر)، گرنگترن شێوازەکانیش بریتین لە[١]:

١- شێوازی دابەشبوونی کۆبووەوە (التجمع Clustered) ئەم شێوازە کاتێ دروستدەبێت کە بەهای (R) کەمتربێت لە (١)ی تەواو، وە لەناو ئەم شێوازەدا چەند شێوازێکی تری لاوەکی هەن ئەوانیش:

- شێوازی کۆبووەوەی تەواو: ئەگەر بەهای نزیکترین دراوسێ بکەوێتە نێوان (٠،٠٠-٠،٠٩) ، ئەوا لەم کاتەدا خاڵەکانی ناو دیاردەکە شێوازێکی (کۆبووەوەی تەواو) یان دەبێت، واتە زۆربەی خاڵەکان لە ڕووبەرێکی بچوکی ناوچەکەدا کۆدەبنەوە.
- شێوازی کۆبووەوەی هێشویی: ئەمەش دەردەکەوێ ئەگەر هاتوو بەهاکە بکەوێتە نێوان (٠،١٠-٠،٤٩)، ئەوا شێوازی دابەشبوونەکە دەبێتە شێوازی کۆبووەوەی هێشویی، تاکو نرخەکە نزیکتربێت لە (٠،١٠) ئەوە خاڵەکانیش زیاتر لەیەکتریەوە نزیک دەبن، بەڵام تاکو بەهاکە لە (٠،٤٩)ەوە نزیکتر بێت ئەوا خاڵەکانیش دوورتر دەبێت لە یەکترەوە.
- شێوازی کۆبووەوەی هەڕەمەکی: لێرەدا بەهاکە دەکەوێتە نێوان (٠،٥ – ٠،٩٩).

٢- شێوازی دابەشبوونی هەڕەمەکی (العشوائی Random) بەهای نزیکترین دراوسێ لەم شێوازەدا دەکەوێتە نێوان (١-١،١٩)، لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوازەش ئەوەیە کە دووری نێوان خاڵەکان وەک یەک نین، واتە لەهەندێ شوێن دوورن لەیەکتریەوە، و لە هەندێ شوێنیش نزیکن لە یەکتر.

٣- شێوازی دابەشبوونی دوور لەیەک (پەرشوبڵاو) (المتباعد Dispersed): بەهای نزیکترین دراوسێ لەم شێوازەدا دەکەوێتە نێوان (١،٢٠ -١ ٢،١٤٩)، لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە دووری نێوان خاڵەکانی زیاترە لە دوو شێوازەکەی پێشتر.

**خشتەی (٢٢): پۆلێنکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بەگوێرەی شێوازەکانی دابەشبوون**

| بەها | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|
| سفر-٠,٠٩ | کۆبووەوە |
| ٠,١٠- ٠,٤٩ | کۆبووەوەی هێشویی |
| ٠,٥-٠،٩٩ | کۆبووەوەی هەڕەمەکی |
| ١-١,١٩ | هەڕەمەکی |
| ١,٢٠-٢,١٤٩ | دوورلەیەک(پەرش وبڵاو) |

سەرچاوە/ نعمان شحادة، الاساليب الكمية في الجغرافية باستخدام الحاسوب، الطبعة الثانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٠٣-٢٠٧.

١) بڕوانە هەریەک لە:
- سامي عزيز عباس العتبى و د. اياد عاشور الطائي، مصدر سابق، ص ١٣١.
- صبحي احمد السعيد، نمط التوزيع المكاني والتركيب الوظيفي لمراكز الاستيطان البشري في منطقة نجد، طبعة الأولى، مطبعة جامعة الملك سعود، جدة، ١٩٨٦، ص ٩٥-٩٦.
- نعمان شحادة، الاساليب الكمية في الجغرافية باستخدام الحاسوب، طبعة الثالثة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٠٣.

### ٣-٤-١- بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ نشینگەکانی قەزای سەیدسادق

وەک لە نەخشەی (١٣) دا دەردەکەوێت، ژمارەی نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (٢٠٢٠)دا (٦٢) نشینگە بووە، کە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک نارێک بەسەر بەشەکانی قەزاکەدا دابەشبوون، بەشێکیان نزیکن لەیەکترەوە و بەشێکیان دوورن، بەئامانجی ئاشنابوون بە شێوازی دابەشبوونی نشینگەکان، پشتمان بە پێوەری (نزیکترین دراوسێ) بەستووە.

بەگەڕانەوە بۆ پێوەری نزیکترین دراوسێ، دەردەکەوێت بەهای پلەی پێوانەیی (Z-score) گەیشتۆتە (+٢,٤٩) کە دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (-٢,٥٨ - +٢,٥٨)ەوە، هەروەها بەهای نزیکترین دراوسێ (١،١٦) ی تۆمارکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دابەشبوونەکە شێوازی هەڕەمەکیی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی بەهاکەی موجەبە، بۆیە بە شێوازی دابەشبوونی پەرش و بڵاو (دوور لەیەکتر) هەژماردەکرێت. بڕوانە شێوەی (١٤).

**شێوەی (١٤): شێوازی دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق**




سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی (ArcMAP 10.8) بەسەر نشینگەکانی ناوچەی توێژینەوەدا.

## نەخشەی (١٣): دابەشبوونی نشینگە مرۆییەکان لە قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (ArcMAP 10.8)، بە سودوەرگرتن لە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتیی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٠.

### ٣-٤-٢- بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ نشینگەکانی قەزای سەیدسادق لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان

وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، قەزای سەیدسادق؛ لە هەریەک لە (سەنتەری قەزا، ناحیەی سرۆچک) پێکهاتووە، کە هەموو نیشنگەکانی قەزاکەیان لەخۆیان گرتووە، نەخشەی (١٤)، دابەشبوونی نشینگەکانی قەزای سەیدسادقی تێدا خراوەتەڕوو لەسەرئاستی سەنتەری قەزا و ناحیەی سرۆچک، ئەگەر بەوردی سەرنجبدەینە دابەشبوونی نشینگەکانی هەریەک لەو دوو یەکە کارگێڕییە، دەردەکەوێت شێوازی دابەشبوونیان زۆر جیاوازە لەیەکتری، نشینگەکانی سەنتەری قەزا لەشێوەی کۆمەڵی پێکەوەیی لەچەند بەشێکی سنووری سەنتەری قەزاکەدا دابەشبوون، بەڵام نشینگەکانی ناحیەی سرۆچک دابەشبوونێکی بەربڵاو و دوور لەیەک دەنوێنن.

**نەخشەی (١٤): دابەشبوونی نشینگەمرۆیەکان لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (ArcMAP 10.8)، بە سودوەرگرتن لە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتیی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٠.

### ٣-٤-٢-١- شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق:

سەبارەت بە شێوازی دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق، بە سەیرکردنی شێوەی (١٥) تێبینی دەکرێت کە بەهای پلەی پێوانەیی (Z-score)دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ڕەخنەیی (Critical Value) واتە (-٢,٥٨ - +٢,٥٨)ەوە، کە گەیشتۆتە (-٠,١٨)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی دابەشبوونەکە شێوازی داریکراو و دوور لە هەڕەمەکی وەردەگرێت، بەجۆرێک بەهای نزیکترین دراوسێ (٠,٩٨)ی وەرگرتووە، واتە شێوازی لێکنزیک بەئاراستەی هەڕەمەکی، بەڵام لەبەرئەوەی بەهای پلەی پێوانەیی بە (سالب) دەرچووە، بۆتەهۆی ئەوەی شێوازی (هەڕەمەکی)

بەسەریدا زاڵبێت. هۆکاری دروستبوونی ئەم شێوازە لە دابەشبوونی نشینگە و دانیشتوان لە سەنتەری قەزاکەدا، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە وەک لە بەشی یەکەمدا باسکراوە سنوورەکەی ناوچەیەکی تەختایی و دەشتاییە، باشترین جۆری خاکی تێدایە و بەشێکی گرنگی دەشتی شارەزووری پێکهێناوە، هەروەها دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو لە هەردوو جۆری (ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی)، هەروەها زۆرترین تۆڕی ڕێگەوبانی تێدایە بەهۆی ئاسانی و تەختیی ڕووی زەوییەکەیەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی زۆربەی بەشەکانی گونجاوبن بۆ نیشتەجێبوون، بۆیە دانیشتوان بەشێوازی هەڕەمەکی لەناوچەکەدا دابەشبوون.

### شێوەی (١٥): شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق




سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی (ArcMAP 10.8) بەسەر نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادقدا.

### ٣-٤-٢-٢- شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی ناحیەی سرۆچک:

ژینگەی سروشتی ناحیەی سرۆچک، وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدراوە، سروشتێکی سەختە، شێوازەکانی سەر ڕووی زەویی ئاڵۆزە، بەگشتی ناوچەیەکی شاخاوییە، ئەم تایبەتمەندیانە بوونەتە هۆی ئەوەی گرفت لەئاست نیشتەجێبوونی دانیشتواندا دروستبکەن، لەو ڕووەوە کە هەموو شوێنەکانی بۆ نیشتەجێبوون گونجاو نین. ئەم سنووردارییە ژینگەییانە بوونەتە هۆی ئەوەی شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی شێوازێکی (پەرش و بڵاو) وەربگرن، بڕوانە شێوەی (١٦). بەهای پلەی پێوانەیی (Z–score) (٤,١١)ی تۆمارکردووە، واتە دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ڕەخنەیی ( Critical Value) واتە (-٢,٥٨ – +٢,٥٨)ەوە، بەجۆرێک بەهای نزیکترین دراوسێ (١,٤٣) بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی شێوازی دابەشبوونی نشینگەکان دوورە لەشێوازی (هەڕەمەکیی)ەوە، هەروەک لەشێوەکەدا دیارە، شێوازی دوورلەیەکی وەرگرتووە.

شێوەی (١٦): شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی ناحیەی سرۆچک




سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی (ArcMAP 10.8) بەسەر نشینگەکانی ناحیەی سرۆچکدا.

کەواتە: جیاوازی لە دەرکەوتنی شێوازە جیاوازەکانی نیشتەجێبوون و دابەشبوونی دانیشتواندا، ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە دابەشبوونی هەر دیاردەیەک (سروشتی بن یان مرۆیی) کاریگەرن بە بارودۆخە جیاوازەکان لەهەر شوێنێک، کە لەکۆتایدا جیاوازییەکانی دابەشبوون دەبنە هۆی دەرکەوتنی شێوازی جیاواز، هەریەک لە شێوازەکانیش ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو جوگرافیایەن تێیدا دابەشبوون.

## بەشی چوارەم: (پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)

٤-١: پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز

٤-٢: پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوان (ئاینی و نەتەوەیی)

٤-٣: پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوان

٤-٤: پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان

٤-٥: پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان

## بەشی چوارەم: (پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق)

باسکردن لە پێکهاتەی دانیشتوان، تێڕوانین و ئاسۆیەکی فراوان دەبەخشێت بە توێژینەوە دانیشتوانییەکان. توێژینەوەی پێکهاتەی دانیشتوان ئامانجگەلی زۆر لەخۆی دەگرێتو هەوڵدەدات پشکنینی زانیارییەکان بکات لەبارەی سامانی مرۆیی لە کۆمەڵگە دانیشتوانییەکاندا [1]، هەروەها یارمەتیمان دەدات بۆ بەراوردکردن لە نێوان خەسڵەتەکانی دانیشتوانی وڵاتە جیاوازەکاندا، جگە لەوەی یارمەتیمان دەدات لە شیکردنەوەی دیاردە دانیشتوانیە جۆراوجۆرەکانی وەک لەدایکبوونو مردنو کۆچکردنو گەشەی دانیشتوانو زۆری تر، لەبەرئەوەی پێکهاتە دانیشتوانییەکان دواجار بەرپرسن لەزۆرێک لە پرۆسە دانیشتوانییەکان [2]، بەڵام پێکهاتەی دانیشتوان لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، تەنانەت لەناو یەک کۆمەڵگەو وڵاتیشدا دیسان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کۆمەڵگەکان لە جوڵەو گۆڕانکاریی بەردەوامدان [3]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو وڵاتان پێکهاتەی ڕەگەز و تەمەن بە پێکهاتەی سەرەکی دادەنرێت، ئەگەر چی پێکهاتەکانی تریش پێویستو گرنگن، ڕەنگە هەندێ پێکهاتە هەبێ لە هەندێک وڵاتانی دیکەدا نەبێت، وەک کەمە نەتەوایەتیەکان، یاخود ئاینی جیاواز، بەڵام دانیشتوان لەهەر کۆمەڵگەیەک بێت لەسەر ئەم دوو پێکهاتە دروستبووە، مەحاڵو ئەستەمە دانیشتوان پێکهاتەی ڕەگەزو تەمەنیان نەبێ.

مەبەست لە پێکهاتەی دانیشتوان بریتیە لەو خەسڵەتو تایبەتمەندیانەی کە بونیادو پێکهاتەی دانیشتوانی هەر گرووپێکی مرۆیی پێکدەهێنێت، یان ئەو خەسڵەتانەن دەکرێت پێوانەیان بکەین. هەر گرووپێکی دانیشتوان بونیادو بزاوتی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەکو چۆن بونیاد لە کەرەستەو شمەکو بابەت گەلێک پێکدێت، بزاوتن بریتیە لە جوڵەو کشانی دانیشتوانی، لە میانی لەدایکبوونو مردنو ڕەوکردنەوە، بونیادەکەشی چەندین خەسڵەتی وەکو ڕەگەزو جۆرو ئاینو نەتەوەو زۆری تر دەگرێتەوە، پێکهاتەی دانیشتوان گرنگیو بایەخی تایبەت بەخۆی هەیەو لەزۆربەی زانستە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکاندا بە بابەتێکی گرنگی دادەنێن [4]. چونکە باسکردنی پێکهاتەی دانیشتوان گرنگی بەرچاوی خۆی هەیە لە بابەتە دانیشتوانیەکاندا، جیاوازی چەندێتیو چۆنێتی ئامارە

---

1) Ralph Tomlinson, Population dynamics causes and consequences of world demographic change, random house, New York, 1965, p 428.

2) G.D. Helen, & Kenneth C.W. Kemmerer, An Introduction to Population, second edition, long man group limited, New York, 1995, p 82.

٣) فايز محمد العيسوي، سكان الجزائر (دراسة ديموغرافية)، مجلة كلية الآداب، جامعة الإسكندرية، العدد ٥٢، السنة ٢٠٠٣، ص ٢٤١.

٤) محمد شوانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٤.

دانیشتوانیەکان ڕووندەکاتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە پلاندانان لەبوارە جیاوازەکانی تایبەت بەژیانی تاکو کۆمەڵگەدا[١].

لەبەر ڕۆشنایی گرنگیی ئەم بابەتەدا، هەوڵدەدرێت لەم بەشەی توێژینەوەکەدا تیشک بخرێتە سەر پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتوان لە قەزای سەیدسادقدا، تاکو بزانرێت هەریەک لە پێکهاتەکانی (تەمەن و ڕەگەز، ئاین و نەتەوە، پێکهاتەی ئابووری، ئاستی خوێندەواری و کۆمەڵایەتی) لە قەزاکەدا چۆن دابەشبوون، چونکە زانینی هەریەک لەم پێکهاتانە بەرچاوڕوونی و شارەزاییەکی زۆر لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان دەخەنەڕوو.

## ٤-١- پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز:

پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز، بریتیە لە پێکهاتەی تەمەنیی و ڕەگەز (جۆر) بۆ دانیشتوان لە هەر ناوچەیەک، یاخود دابەشبوونی دانیشتوانە بەسەر دەستە جیاوازەکانی تەمەندا بەگوێرەی ڕەگەز (Sex Ratio) ەکان [٢]. پێکهاتەکانی تەمەن و ڕەگەز، بەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان دادەنرێن، لەبەرئەوەی ئەم دوو پێکهاتەیە، پەیوەندییەکی یەکجار زۆریان بە گۆڕان و پرۆسە دانیشتوانییەکانی تری وەک: مردن، نەخۆشی، پیتداری و کۆچ و زۆر پرسی دانیشتوانیی ترەوە هەیە[٣].

### ٤-١-١- پێکهاتەی تەمەن

مەبەست لێی دابەشبونی دانیشتوانە بەسەر گروپەکانی تەمەندا، پێکهاتەی تەمەن زۆر گرنگ و کاریگەرە لەسەر خێرایی و خاوبوونەوەی گەشەی دانیشتوان لە ناوچە جیاجیاکاندا، کاتێک کۆمەڵگەیەکی دانیشتوانی ژمارەی ئەو کەسانەی لەخوار تەمەنی (١٥ ساڵی) یەوەن زۆرترینیان پێکهێنا، لە بەرامبەردا ئەوانەی تەمەنیان لە سەروەوەی ٦٥ ساڵ بوو، کەمترینیان پێکهێنا، ئەوا بە کۆمەڵگەیەکی گەنج دادەنرێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، کە کۆمەڵگەیەکی پیر دروستدەکات، ئەگەر هاتوو دەستەی گەنجان و مامناوەندەکان زۆرترینی کۆمەڵگەکەیان پێکهێنابوو، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو و بەرهەمهێنە، بەڵام لە ئایندەیەکی دوورمەودادا بۆ کۆمەڵگەیەکی پیر دەگۆڕێت، ئەگەر هاتوو ڕامیارییەکانی دانیشتوانی نەگۆڕێت و هەوڵی زیادکردنی پیتداری نەدات [٤].

---

١) عبدالمجید غفور ابراهیم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٧-٢٢٨.

٢) نسيم برهم واخرون، مدخل الى الجغرافيا البشرية، الطبعة الأولى، مطبعة الجامعة الأردنية، عمان ١٩٩٠، ص ٥٢.

٣) موسا عبودة سمحة وفوزي عبدة سهاونە، جوگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی: هیوا ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩، لا ٥٧.

٤) علي لبيب، مصدر سابق، ص ١٦٠-١٦١.

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (٢٣)، کە پێکهاتەی دانیشتوانی بەسەر دەستە تەمەنییەکاندا نیشانداوە، دەتوانرێت لەڕێگەیەوە کۆمەڵێک خوێندنەوە و شیکاری گرنگ بۆ دانیشتوانی قەزاکە بکرێت، سەرەڕای ئەوەش دەردەکەوێت، کە دانیشتوانی بەرهەمهێن قەبارە و ڕێژەیان لە کۆی دانیشتوان چەندە، لە بەرامبەردا دانیشتوانی بەکاربەر ڕێژەیان چەندە، کاریگەریی هەریەک لەم دوو پێکهاتەیە لەسەر داهاتووی قەزاکە چۆنە، بۆیە بۆ زیاتر دەرخستن و شیکردنەوەی بەشێکی زۆری زانیارییەکانی ناو خشتەکە پێویستە بەگوێرەی هەردوو ئاستی دانیشتوانی (چالاک و ناچالاک) لە کایەی ئابووریدا خوێندنەوە بۆ گرووپی دەستە تەمەنییەکان بکەین:

**یەکەم: گرووپی کەمتر لە ١٥ ساڵ (بەکاربەر):**

ئەم گرووپە، کە تەمەنێکی بچوکیان هەیە و لە ناو زۆرینەی پۆلێنکارییە ئابووریەکاندا بە چینێکی بەکاربەر ناسراون، واتە بەشداری کار و چالاکییە ئابوورییەکان ناکەن، لەبەرامبەردا چینێکن بەردەوام چاویان لەدەستی چینی بەرهەمهێنە (١٥-٦٤ ساڵ)، کە بەرپرسیارێتییەکی ئابووری لەسەرشانیانە، بۆیە بەردەوام دەبنە قورسایی لەسەر چینە بەرهەمهێنەکە، دواتریش دەوڵەت هەم لەسەر ئاستی گشتی و هەم لەسەر ئاستی لۆکاڵیش، چونکە پێویستیان بە زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردنە، زۆریی ڕێژەی ئەم چینە دەبێتەهۆی زۆربوونی خەرجییەکان بۆ دامەزراندنی تەواوی دامەزراوەکانی ئەو بوارە و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنیان.

ژمارەی دانیشتوان لەم گروپەدا بریتیە لە (٣٧٩٨٢) کەس، ڕێژەکەی دەکاتە نزیکەی (٤٠%)ی کۆی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا سێ دەستەی تەمەنی لەخۆگرتووە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرزی پێکهێناوە، بەجۆرێک بۆتە هۆی ئەوەی کە بنکەی هەڕەمی دانیشتوانیی قەزاکە فراوانبکات.

**دووەم: گرووپی ١٥-٦٤ ساڵ (دەستەی بەرهەمهێن):**

ئەم گرووپە ئەوانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٤) ساڵیدایە، توانای کارکردنیان هەیە، لەبەرئەوەی لەڕووی تەمەن و پێکهاتەی جەستەییەوە ئامادەی کارکردنن، ژمارەی دەستەکانی ئەم گروپە لە خشتەی (٢٣) دا بریتیە لە (١٠) دەستە، واتە زۆرینەی دەستەکانی پێکهێناوە، ژمارەی دانیشتوان لەم گروپەدا (٥٤٢٨٢) کەسە، بە ڕێژەی نزیکەی (٥٧%)، واتە زۆرینەی پێکهاتەی تەمەنییان پێکهێناوە، ئەمەش نیشانیدەدات کە پێکهاتەی تەمەنیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق پێکهاتەیەکی گەنجن، کە خاڵێکی زۆر ئەرێنییە و پێویستە کاری لەسەربکرێت و بخرێتە خزمەت بەرەوپێشبردن و بوژاندنەوەی ئابووریی ناوچەکەوە. چونکە تەواوی هێزی کار لەهەر وڵاتێکدا پشت بەم چینە دەبەستن، هەر بۆیە بە بزوێنەری کەرتی ئابووری ناسراون.

## خشتەی (٢٣): پێکهاتەی تەمەن بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ساڵی (٢٠٢٠)

| دەستەی تەمەن | ژمارەی دانیشتوان | | | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | |
| کەمتر لە ٤ ساڵ | ٥١٠٦ | ٥٩٣٩ | ١١٠٤٥ | ١١,٦ |
| ٥-٩ | ٥٨٥٦ | ٦٧٨٧ | ١٢٦٤٣ | ١٣,٢ |
| ١٠-١٤ | ٦٦٠٤ | ٧٦٩٠ | ١٤٢٩٤ | ١٥,٠ |
| **کەمتر لە ١٥ ساڵ** | **١٧٥٦٦** | **٢٠٤١٦** | **٣٧٩٨٢** | **٣٩,٨** |
| ١٥-١٩ | ٤٨٧٩ | ٥٦٩٢ | ١٠٥٧١ | ١١,١ |
| ٢٠-٢٤ | ٣٩٧٤ | ٤٦٢٢ | ٨٥٩٦ | ٩,٠ |
| ٢٥-٢٩ | ٣٧١٢ | ٤٣١٨ | ٨٠٣٠ | ٨,٤ |
| ٣٠-٣٤ | ٣٠٨٥ | ٣٥٨٩ | ٦٦٧٤ | ٧,٠ |
| ٣٥-٣٩ | ٣٤٢٧ | ٣٩٨٧ | ٧٤١٤ | ٧,٨ |
| ٤٠-٤٤ | ٢٣٩٥ | ٢٧٨٧ | ٥١٨٢ | ٥,٤ |
| ٤٥-٤٩ | ١٣٠٠ | ١٥١٧ | ٢٨١٧ | ٢,٩ |
| ٥٠-٥٤ | ٥٦٥ | ٦٥٩ | ١٢٢٤ | ١,٣ |
| ٥٥-٥٩ | ١١٦٩ | ١٣٦١ | ٢٥٣٠ | ٢,٦ |
| ٦٠-٦٤ | ٥٧٤ | ٦٧٠ | ١٢٤٤ | ١,٣ |
| **١٥-٦٤ ساڵ** | **٢٥٠٨٠** | **٢٩٢٠٢** | **٥٤٢٨٢** | **٥٦,٨** |
| ٦٥-٦٩ | ٤٤٨ | ٥٢٤ | ٩٧٢ | ١,٠ |
| ٧٠-٧٤ | ٤٤٦ | ٥٢١ | ٩٦٧ | ١,٠ |
| ٧٥-٧٩ | ٢٢٢ | ٢٦١ | ٤٨٣ | ٠,٥ |
| ٨٠-٨٤ | ٢٨٤ | ٣٣٤ | ٦١٨ | ٠,٦ |
| ٨٥ یان زیاتر | ٨٩ | ١٠٧ | ١٩٦ | ٠,٢ |
| **زیاتر لە ٦٥ ساڵ** | **١٤٨٩** | **١٧٤٧** | **٣٢٣٦** | **٣,٤** |
| کۆ | ٤٤١٣٥ | ٥١٣٦٥ | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠,٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە).

### سێیەم: گرووپی ٦٥ ساڵ و زیاتر (بەکاربەر):

کۆتا گرووپی دەستەی پێکهاتەی تەمەن بریتیە لە گروپی (بەساڵاچووان)، کە ئەمانیش گروپێکی بەکاربەرن، لەبەرئەوەی توانای بەشداریکردنیان لە چالاکیی ئابووریدا کەمدەبێتەوە، بەرزی و نزمیی ڕێژەی ئەم گرووپە لە پێکهاتەی تەمەنیی دانیشتواندا، پەیوەستە بەکۆمەڵێ تایبەتمەندییەوە

کە لە ناوچە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە، لە کۆمەڵگەی وڵاتانی دواکەوتوودا، بەهۆی ئەوەی بنکەی هەرەمەکەیان فراوانە، بۆیە هەرچەند ژمارەی ئەم گرووپەش زۆربێت قورسایی و زۆریی دەستەکانی خوارەوەی هەرەمەکە ڕێژەکەیان کەمدەکەنەوە، سەرەڕای خراپیی دۆخی تەندروستی و ئاسایش و دروستیی خۆراک و مەودای تەمەن، کە لە وڵاتانی دواکەوتوودا لەئاستێکی خراپدان.

ژمارەی دانیشتوانی ئەم گرووپە لە پێکهاتەی دانیشتوانی قەزاکەدا کەمە، بریتین لە (٣٢٣٦) کەس، واتە ڕێژەی (٣،٤%) ی کۆی هەموو دانیشتوانە، کە ڕێژەیەکی زۆر نزمە، ئەمەش دەریدەخات مەودای تەمەن لە سنووری قەزاکەدا کەمە و چاودێریی تەندروستی لە ئاستێکی باشدا نییە، هەروەها بەشێکی تری هۆکارەکە بۆ بەرزیی ڕێژەی هەریەک لە دوو گرووپەکەی پێشتر دەگەڕێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی دانیشتوان لە گروپی بەرهەمهێنن بە ڕێژەی (٥٦،٨%)، لەکاتێدا دانیشتوانی بەکاربەر و بەرخۆر ڕێژەی (٤٣،٢%) ی دانیشتوانی قەزاکەن.

**٤-١-٢- پێکهاتەی ڕەگەزیی دانیشتوان (ڕێژەی جۆر)**

پێکهاتەی ڕەگەزی بریتیە لە پۆلێنکردن و جیاکاریی دانیشتوان بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، لەم جیاکاری و پۆلێنەدا پشت بە داتاکانی سەرژمێری و ڕوپێوییە دانیشتوانیەکان دەبەسترێت، زانینی ئەم پێکهاتەیە بۆ دانیشتوانی هەر ناوچەیەک گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، گومانی تێدا نییە جۆری مرۆڤ (نێربێت یان مێ) کاریگەریی لەسەر خواست و پێداویستییەکان، ئاکار، چالاکییەکان، ڕۆڵ و ئەو هەڵسوکەوتانەی لە کۆمەڵگەدا دەیاننوێنێت دەبێت. زۆربوونی ڕەگەزی نێر یان مێ لێکەوتە و کاریگەریی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت، وەک: ڕێژەکانی لەدایکبوون، هاوسەرگیری، جیابوونەوە، تاوانەکان، بەشداریکردن لە هێزی کار و زۆر پرسی تر [١]. پێکهاتەی جۆر، کە زۆرجار ڕێژەی جۆریشی پێدەوترێت بریتیە لە ڕێژەی نێر بەرامبەر بە هەر (١٠٠) مێیەک، لەڕووی زانستییەوە دەرکەوتووە ڕێژەی لەدایکبوونی نێر زۆرترە لە لەدایکبوونی مێ، بەجۆرێک لەزۆربەی کاتدا بۆ هەر (١٠٠) مێیەک (١٠٥) نێرە، هەندێک کات ئەو ڕێژەیە بۆ (١٠٧) نێر بەرزدەبێتەوە، هەندێک جاریش بۆ (١٠٢) نێر دادەبەزێت، بەتێکڕا لە دەوروبەری (١٠٥) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەک دەسوڕێتەوە [٢].

کەواتە زۆرگرنگە ڕێژە و جیاکاریی ئەم دوو ڕەگەزە بزانرێت، تاکو لێکدانەوە و شیکاری بۆ دانیشتوان بکرێت، لەبەرئەوەی لەڕێگەیەوە دەتوانرێت بەشێکی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوان و ئایندەی گەشەی دانیشتوان بزانرێت.

---

١) رشود بن محمد الخريف، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

٢) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كوردستان العراق، الطبعة الأولى، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥، ص ٢٢٢.

له خشتەی (٢٤) دا، زانیاری لەسەر پێکهاتەی ڕەگەز (ڕێژەی جۆر) ی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە خراوەتەڕوو، بەگوێرەی زانیارییەکان دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە هەڵنجێنین:

- بەرزترین ڕێژەی جۆر لە قەزای سەیدسادقدا لە سەرژمێریی (١٩٧٧) دا تۆمارکراوە، کە بریتیبووە لە (١٢٠،٢)، هەروەها لە سەرئاستی پارێزگا، بەرزترین ڕێژە لەسەرژمێریی (١٩٦٥) دا بووە بەڕێژەی (١٢٠،١).

## خشتەی (٢٤): پێکهاتەی ڕەگەزیی(*) دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵەکان | قەزا: ڕێژەی نێر بەرامبەر هەر ١٠٠ مێیەک | پارێزگا: ڕێژەی نێر بەرامبەر هەر ١٠٠ مێیەک |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١١٧،١ | ١١٦،٥ |
| ١٩٦٥ | ١١٨،٤ | ١٢٠،١ |
| ١٩٧٧ | ١٢٠،٢ | ١١٨،٨ |
| ١٩٨٧ | ١٠٢،٧ | ١٠٣،١ |
| ٢٠٠٢ | ٩٨،٩ | ٩٩،٥ |
| ٢٠١٠ | ٩٨،١ | ٩٨،٣ |
| ٢٠٢٠ | ٨٦ | ٩٧،٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەم زانیارییانەی خوارەوە:

١- الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لیواء السليمانية وكركوك.
٢- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظة السليمانية.
٣- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية.
٤- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية.
٥- حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط, مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.
٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەماروٚسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی ٢٠٠٩.
٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

(*) ڕێژەی جۆر، بریتییە لە بەراوردردنی ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ، لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە ئەنجامەکان دەرهێنراوون:

ڕێژەی جۆر = (ژمارەی ڕەگەزی نێر/ ژمارەی ڕەگەزی مێ) × ١٠٠

سەرچاوە: علي سالم الشواورة ومحمود عبدالله الحبيس، جغرافية السكان (مدخل الى علم السكان) الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ,٢٠٠١ ص ١١٨.

- لەسەر ئاستی قەزا نزمترین ڕێژە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا تۆمارکراوە بەڕێژەی (٨٦) نێر بەرامبەر هەر ١٠٠ مێینەیەک، لەسەر ئاستی پارێزگاش نزمترین ڕێژە بریتیبووە لە (٩٧،٨)، کە لەساڵی (٢٠٢٠)دا تۆمارکراوە.
- ڕێژەی جۆر لەهەریەک لە ساڵانی (١٩٥٧ و ١٩٧٧) لە قەزاکەدا بەرزتربووە لە پارێزگا، بەڵام لە (١٩٨٧-٢٠٢٠) لەسەرئاستی قەزا ساڵ لەدوای ساڵ کەمیکردووە.
- لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی لەساڵی (١٩٥٧-١٩٦٥) ڕێژەی جۆر بەرزبۆتەوە، بەڵام لەساڵی (١٩٧٧-٢٠٢٠) بەردەوام کەمیکردووە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم ڕێژەیە لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا بەئاراستەی کەمبوونەوە ڕۆشتووە. هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە لەماوەی توێژینەوەکەدا واتە لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) گۆڕانکاری بەرچاو بەسەر پێکهاتەی ڕەگەزیدا هاتووە، بەجۆرێک ڕێژەی جۆر لە سەرژمێرییەکەوە بۆ سەرژمێرییەکی تر گۆڕاوە.

هەروەها شێوەی (١٧)، ئەوە دەردەخات، کە هەم لەسەرئاستی قەزا و هەم لەسەرئاستی پارێزگاش، ڕێژەی جۆر کە بەراوردی ڕەگەزی نێرە بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ، بەردەوام لە دابەزیندا بووە، واتە بەتێپەڕبوونی کات بەردەوام ڕەگەزی نێر کەمیکردووە و ڕەگەزی مێ لەزیادبووندا بووە.

**شێوەی (١٧): ئاراستەکانی گۆڕانی ڕێژەی جۆر بۆ دانیشتوانی قەزای سەیدسادق و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٢٤).

دابەزینی ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە بەرامبەر ڕەگەزی مێدا، بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، لەگرنگترینیان بریتیە لە کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەت بۆ وڵاتانی ئەوروپا و کیشوەری ئەمریکای باکوور، بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئابووری و زۆربوونی ڕێژەی بێکاری و نەمانی دەرفەتی کارەوە. بەتایبەت لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا بەهۆی قەیرانی دارایی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، لیشاوەکانی کۆچ دەستیان پێکرد و تاکو ئەمرۆش بەردەوامییان هەیە، لەم کۆچەشدا زۆرینەی گەنجان لە ڕەگەزی نێرینەن، لەبەرئەوەی تاکو ئێستاش زیاتر پیاوان ئەرکی دارایی خێزانیان لەئەستۆدایە، هەروەها کولتووری کۆمەڵگەی کوردی تەنیا ڕێگە بە ڕەگەزی نێر دەدات پرۆسەی کۆچ ئەنجامبدات، دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین، کە لە جەنگەکاندا (سەرجەم جەنگەکانی حکومەتی عێراق، جەنگی دژبە خودی حکومەتی عێراق لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، جەنگی ناوخۆیی و جەنگەکانی ئێستای هێزی پێشمەرگە بەرامبەر بە دەوڵەتی ئیسلامی) دیسانەوە هەر ڕەگەزی نێر کوژراوە، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ڕێژەی ڕەگەزی نێر بەردەوام لە کەمبوونەوەدا بێت.

هەروەها لە نەخشەی (١٥) هوە دەردەکەوێت، لەسەرئاستی ناحیەی بەرزنجە و سەنتەری قەزای سەیدسادق، جیاوازی لە پێکهاتەی ڕەگەزیدا بوونی هەیە، بەجۆرێک لە سەنتەری قەزای سەیدسادق ڕێژەی جۆر (٨٦) نێرە بەرامبەر بە (١٠٠) مێ، بەڵام لە ناحیەی سرۆچک ڕێژەی نێر زیاترە لە مێ، کە بریتیە لە (١٠٥) نێر بەرامبەر بە (١٠٠) مێ. بەتێکڕای کۆی قەزاکە ڕێژەی جۆر دەبێتە (٩٥،٥) نێر بەرامبەر بە (١٠٠) مێ. بەمەش دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەو گەنجانەی کۆچدەکەن بۆ دەرەوەی وڵات لە قەزاکەدا، دەکەونە سەنتەری قەزای سەیدسادقەوە.

لەڕاستیدا ئەم دوو پێکهاتەیە (پێکهاتەی تەمەن، پێکهاتەی ڕەگەز) بەیەکەوە هەرەم (قوچەک)ی دانیشتوانی دروستدەکەن، پەیوەندی و ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر دابەشبوون و گەشەی دانیشتوان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێ پێکهاتەی ئابووریی جۆری دانیشتوانەکە دیاریبکات [1]، بەوەی دانیشتوانێکی بەرهەمهێنن یان بەکاربەر. بەشێوەیەکی گشتی ئەو شێوازانەی لە هەرەمی دانیشتوانیدا دروستدەبن، لەئەنجامی ڕێژەی جیاوازی هەریەک لە دەستە جیاوازەکانی تەمەنەوە سەرچاوەدەگرن، گرنگترین ئەو شێوازانە، یان بڵێین جۆرەکانی هەرەمی دانیشتوانی بریتین لە هەریەک لە [2]:

١- هەرەمی بنکە فراوان: بەوە ناسراوە کە بنکەیەی فراوانی هەیە، واتە دەستەکانی تەمەنە بچوکەکان ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن، زیاتر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەو

---

١) عباس فاضل السعدي، مصدر سابق، ص ٨٩.

٢) نسيم برهم واخرون، مصدر سابق، ص ٥٢-٥٣.

وڵاتانەدا دەبینرێت، کە پیتدارییەکی بەرزیان هەیە، بەمەش ڕێژەی منداڵان بەرزدەبێت و ڕێژەی بەساڵاچووان و بەتەمەنەکان کەمدەبێت، بۆیە زیاتر شێوەی پەیژەیی وەردەگرێت.

## نەخشەی (١٥): دابەشبوونی جوگرافیایی ڕێژەی جۆر لەقەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاریی بلاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠). ٢- پاشکۆی ژمارە (٣).

٢- هەرەمی چوونیەک (جێگیر): ئەم جۆرەی هەرەم کاتێ دروستدەبێت، کە دانیشتوانی ناوچەیەک ڕێژەی پیتدارییان نزمە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەهەمان ڕێژە دەمێنێتەوە، بەمەش بنکەی هەرەمەکە و ناوەند و کۆتاییەکەی تارادەیەک ڕێژەکانیان نزیکن لە یەکترییەوە، فەرەنسای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەو دۆخەدا بوو.

٣- هەرەمی کەمەر فراوان: لەو کۆمەڵگە دانیشتوانیانەدا دەبینرێت، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەماوەیەکی دیاریکراودا پیتدارییان دادەبەزێت، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی تەمەن بچوکەکان، لەهەمان کاتدا تەمەن گەورەکانیش بەهەمان ڕێژەی خۆیان دەمێننەوە، لە بەرامبەر ئەم دوو کەمبوونەوەدا، ڕێژەی گەنجان و تەمەن مامناوەندەکان گەورەتر دەدەکەون لە بنکە و لوتکەی هەرەمەکە، بۆیە زیاتر شێوەی (زەنگ) وەردەگرێت.

## شێوەی (١٨): جۆرە سەرەکییەکانی هەرەمی دانیشتوان




سەرچاوە: نسیم برهم واخرون، مدخل الى الجغرافيا البشرية، طبعة الأولى، مطبعة الجامعة الأردنية، عمان ١٩٩٠، ص ٥٣.

سەرباری ئەو جۆرانەی باسکران، کۆمەڵێ جۆر وشێوازی تر لە هەرەمەکانی دانیشتواندا دەردەکەون، وەک: (هەرەمی هەڵگەڕاوە، هەرەمەکی، هتد...).

بەگوێرەی شێوەی (١٩)، کە هەرەمی دانیشتوانیی ناوچەی توێژینەوەیە، دەردەکەوێت هەرەمەکە لە جۆری (هەرەمی بنکە فراوان) ە، هەرچەند دەستەکانی یەکەم و دووەم لە دەستەی سێیەمی مەودای کەمترە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شێوەی هەرەمی بنکەفراوان بەسەریدا زاڵە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پیتداریی ناوچەی توێژینەوە هاوشێوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی دواکەوتووڵە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها کۆتایی هەرەمەکەش باریکە و پێکهاتەی بەساڵاچووان ڕێژەیەکی کەمی دانیشتوانیان پێکهێناوە، ئەمەش جارێکی تر دواکەوتووی و سیمای وڵاتانی جیهانی سێیەمە، کە چاودێری تەندروستی تیایدا لە ئاستێکی نزمدایە.

بەڵام سەرەڕای ئاماژە نەرێنییەکان، دەتوانرێ ئاماژەی ئەرێنییشی هەبێت، بەوەی ئەم تەمەن بچوکانە دەبنە بنەما و ئاسۆی داهاتووی هێزی کاری دانیشتوانی قەزاکە پێکدەهێنن.

## شێوەی (١٩): هەرەمی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (٢٠٢٠) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی ٢٣.

### ٤-٢- پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوان (ئاینی و نەتەوەیی)

دانیشتوان لەڕووی پێکهاتەوە هاوچەشن و یەک شێوە نییە، بەڵکو فرە چەشن و ئاڵۆزە و بەردەوام بەتێپەڕبوونی کات ئاڵۆزی و فرەچەشنییەکانی زیاتردەبن، بەهۆی کرانەوەی جیهان بەڕووی یەکتردا و فراوانبوونی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیارییەکانەوە. پێشتر سنووره ڕامیارییەکان بوونە جوگرافیایەکی سەپاو بۆ ئەو پێکهاتانەی لە چوارچێوەی ئەو سنووره‌دا بوون، دانیشتوان وەک بوونەوەرێکی زیندوو بەردەوام لەگەشەو گۆڕاندا یە، بەڵام ئاراستە و قورسایی گۆڕان و وەرچەرخانەکان بۆ هەریەک لە پێکهاتەکان وەک یەک نیین و لێکەوتەیان دەبێت، کە ڕەنگە لەبەرژەوەندی یەکێک لە پێکهاتەکان بێت و بۆ بەشەکانی تری پێکهاتەکان دۆخێکی خوازراو نەبێت.

ئەم ئاڵۆزییانە دەبنە هۆکار و پاڵنەر، بۆئەوەی بەردەوام زانیاری و توێژینەوە لە ئاست پێکهاتەکانی دانیشتواندا بکرێت، کە بێگومان لەم سۆنگەیەوە پێکهاتەی ئیتنی (ئاین و نەتەوە) لە گرنگترین پێکهاتەکانی دانیشتوان هەژماردەکرێن و دەبنە بەشێکی گرنگ لە هاوکێشە ڕامیاریی و دیمۆگرافییەکان.

### ٤-٢-١- پێکهاتەی ئاینی:

ئاین‌و بیروباوەڕی ئاینی کاریگەریی زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک هەیە، زۆرجار دەبێتە ڕێنمایکەری ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی هەر دەوڵەت‌و هەرێمێک، بەوپێیەی کە ئایین لە توخمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵەو لێی ڕادەبینرێت بنەمای ژێرخانی دەوڵەت پتەوتر بکات‌و ببێتە توخمێکی سەرەکیی هێزی سیاسیی دەوڵەت، لەزۆر دەوڵەتدا ئاین ڕۆڵێکی ئەرێنیی لە یەکگرتوویی‌و تەبایدا هەبووە، بەمەش ئایین دەبێتە هێزی گرێدەری کۆمەڵ، بەڵام لەهەمان کاتدا جیاوازیی ئایین و مەزهەب ڕەنگە بەهۆی دەمارگیری‌و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە پشێوی بنێتەوەو لەو بارەدا فرە ئایینی ململانێ‌و کێشمەکێش‌و گرفتی سیاسیی هەرێمی‌و نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە ببێتەهۆی پچڕانی یەکێتیی کۆمەڵ [1]. لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە دانیشتوان، گرنگییەکی زۆر بەلایەنی ئاینی دەدرێت، ئەمەش وەک ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی دانیشتوان، لەبەرئەوەی بیروباوەڕی ئاینی کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ژیانی دانیشتوان هەیە لەڕووەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و داب و نەریتەوە، کە لە کۆمەڵگەوە بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی دانیشتوان جیاوازییان هەیە لەڕووی لایەنی ئاینییانەوە، کە چی زۆرجار لە سەرژمێرییەکاندا ئەم لایەنە فەرامۆشدەکرێت، هۆکاری ئەمەش بۆ گرانی بەدەستهێنانی زانیاری و داتای تایبەتە بەلایەنی ئاینی، بەشێوەیەکی ورد و دروست، چونکە بەشێکی دانیشتوان لەبەر هۆکاری کەسی یان کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و کولتووری، ئاینی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا ناکەن [2].

ئاین دیاردەیەکی مرۆڤایەتیی گرنگە و بەهۆی ئاینەوە دەتوانرێت کەسایەتی و جیهانبینی ملیۆنەها خەڵک دیاریبکرێت، کاریگەریی ئەمەش لە نەخشەی دابەشبوونی دانیشتواندا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە بوونی جیاوازی لە بیروباوەڕی ئاینی دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک جیاوازی لەزۆر بوار و لایەندا، بەتایبەتی هێزی ڕامیاریی دەوڵەت، لەبەرئەوە هاوئاهەنگی و یەکڕەنگیی ئاینی هیچی کەمترنییە لە فاکتەرەکانی تری گونجاوی و تەبایی دانیشتوان، هەروەها ئاین حاڵەتێکی شارستانییە

---

١) جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦١.
٢) عطا حمەلاو حمەیوسف، پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان ١٩٧٧-٢٠٠٩)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی پەروەردە، ساڵی ٢٠١٥، لا ١٢٤.

و هەڵگرانی بیروباوەڕەکەی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی مرۆڤایەتی، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت زۆرجار ئاین دەبێتە سەرچاوەی گرژی و قەیران و پێکدادان [1].

وەک لە خشتەی (٢٥) دا دەردەکەوێت، قەزای سەیدسادق، یەکێکە لەو قەزایانەی هەرێمی کوردستان لەڕووی پێکهاتەی ئاینییەوە دۆخێکی تایبەتی هەیە، بەوەی لەماوەی توێژینەوەکەدا سەرجەمی دانیشتوانەکەی پەیڕەوی لە ئاینی ئیسلام دەکەن، هۆکاری ئەم یەکجۆرییە ئاینییە دەگەڕێتەوە بۆ [2]:

**خشتەی (٢٥): پێکهاتەی ئاینیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | دانیشتوانی موسڵمان | ڕێژە % | دانیشتوانی نا موسڵمان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٨٥٢٧ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |
| ١٩٦٥ | ٢٣٤٥٤ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |
| ١٩٧٧ | ٣٤٦٩٧ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |
| ١٩٨٧ | ٤٧٨٧٢ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |
| ٢٠٠٢ | ٥٣٦٦٧ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |
| ٢٠١٠ | ٧٤٤٠٧ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥٥٠٠ | %١٠٠ | ٠ | %٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لیواء السليمانية وكركوك.
٢- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظة السليمانية.
٣- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية.
٤- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية.
٥- حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.
٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی ٢٠٠٩.
٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و نشینگەی سلێمانی، فەرمانگەی کارتی نیشتیمانیی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

---

١) چراخان نصرالدين صالح، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٣.
٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (پ.د. جەزا توفيق تالیب)، پسپۆڕی بواری جیۆپۆلەتیک و دانیشتوان، هەروەها کەسایەتییەکی دیار و شارەزا لە سنووری قەزای سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٧/٢٢).

- لەسنووری قەزاکەدا، شارنشینی؛ مێژوویەکی دێرینی نییە، لە سەرژمێریی (١٩٥٧) دا تەنیا دوو شارۆچکەی بچووک هەبوون، کە تەواوی دانیشتوانەکەیان لەدێیەکانی سنووری قەزاکەوە هاتوون.
- تەواوی دێیەکانی سنووری قەزاکە، لە پەیڕەوکارانی ئاینی ئیسلام و سونی مەزهەبن.
- تەنیا دوو نشینگەی شاری لە قەزاکەدا بوونیان هەیە، کە لەسەرەتای دروستبوونیانەوە، لەڕووی پێکهاتەی ئابووری و کارگێڕییەوە، نەبوونەتە ناوەندێک بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان لە شوێنەکانی ترەوە، تاکو جۆراوجۆریی ئاینی دروستببێت.

نەبوونی هیچ پێکهاتەیەکی تری ئاینی لە ناوچەی توێژینەوەدا، جگە لە ئاینی ئیسلام تایبەتمەندییەکی جیاوازی بە دانیشتوانی قەزاکە بەخشیوە، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی کە نەخشەی پێکهاتەی ئاینیی قەزاکە، نەخشەیەکی یەک ڕەنگ و سادەی هەبێت. بڕوانە نەخشەی (١٦).

**نەخشەی (١٦): پێکهاتەی ئاینیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی (٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٢٥).

### ٤-٢-٢- پێکهاتەی نەتەوەیی:

مەبەست لە پێکهاتەی نەتەوەیی؛ دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی نەژاد یان نەتەوە، زیاتر ئینتیما و پەیوەستبوونی تاکە بە نەژاد و ڕەچەڵەکی خۆیەوە، بەدوو شێواز دەردەبڕدرێت (ڕەگەزنامە، نەتەوایەتی)، ڕەگەزنامە یان ڕەگەزێتی کە زیاتر دەربڕینێکی یاساییە و نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسە سەر بە دەوڵەتێک یان هەرێمێکی دیاریکراوە، بەڵام نەتەوایەتی وابەستەبوونێکە لەنێوان کۆمەڵ مرۆڤێکدا لەشێوەی گەل بەرجەستەدەبێت، کە هەموویان سەر بەنەژادێکی هاوبەشن[١].

زانیاری و ژمارەکانی نێو سەرژمێرییەکانی عێراق سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی، زانیاریی واقعی نین، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق لە هەموو کاتێکدا و بەشێوازی جۆراوجۆر، ویستوویەتی دەستکاریی پێکهاتەی نەتەوەیی عێراق بکات. بە ئامانجی زیادکردنی ڕێژەی عەرەب و کەمکردنەوەی ڕێژەی نەتەوەکانی تر، بەڵام لەڕاستیدا هیچ هەڵبژاردنێکی ترمان نییە جگە لە وەرگرتنی زانیاریی ناو سەرژمێرییەکان وەک خۆیان. خشتەی (٢٦) پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادقی خستۆتەڕوو بۆ هەریەک لە ساڵەکانی (١٩٧٧، ٢٠٢٠)، بەگوێرەی ئەو خشتەیە، لەهەردوو ساڵەکەدا ڕێژەی کورد لە قەزاکەدا زۆرینەی دانیشتوانی پێکهێناوە، بەڕێژەکانی (٩٦،١٣%) لەساڵی ١٩٧٧و (٩٨،١%) لەساڵی ٢٠٢٠دا، پاش ئەویش نەتەوەی عەرەب دێت، پێکهاتە نەتەوەییەکانی ساڵی (١٩٧٧) فرەجۆرترن وەک لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی ساڵی (٢٠٢٠)، لەبەرئەوە لەوەی یەکەمیاندا هەموو خاکی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە (کە ئەوکات دروست نەبوو بوو) سەر بە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بووە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ ەوە کە حکومەتی هەرێم پێکدەهێنرێت، هاوکێشەکە دەگۆڕێت. بۆیە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا تەنیا نەتەوەی کورد و ژمارەیەک لە نەتەوەی عەرەب لەسنووری قەزاکەدا دەمێننەوە.

ئەو (عەرەب) انەش، ئاوارەی ناوخۆی عێراقن و لە بەشەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون، واتە مانەوەیان هەمیشەیی نییەو پەیوەستە بە سەقامگیریی سیاسیی ئەو ناوچەیەی لێوەی هاتوون، بۆیە بە نیشتەجێبووی هەمیشەیی هەژمارناکرێن.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پێکهاتەیەکی یەک چەشنە و هەموویان لە نەتەوەی کوردن. بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٠).

---

١) جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٤.

**خشتەی (٢٦): پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆهەریەک لە ساڵەکانی (١٩٧٧*، ٢٠٢٠).**

| ژ | نەتەوەکان | ١٩٧٧ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % |
| ١. | کورد | ٣٣٣٥٤ | ٩٦،١٣ | ٩٥٥٠٠ | ٩٨،١ |
| ٢. | عەرەب | ١٢٥٦ | ٣،٦٢ | ١٨٤٠ | ١،٩ |
| ٣. | تورکمان | ٣٢ | ٠،٠٨ | ٠ | ٠ |
| ٤. | هیدیکە | ٥٥ | ٠،١٦ | ٠ | ٠ |
| ٥. | سەرجەم | ٣٤٦٩٧ | ١٠٠ | ٩٧٣٤٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- عەبدوڵا غەفوور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان (بەگوێرەی سەرژمێریی دانیشتوانی عێراق ١٩٧٧)، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، لا ٧١-٧٣.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان، (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

*) پێکهاتەی نەتەوەیی بۆ ساڵی (١٩٧٧) لە سەرژمێرییەکەدا تۆمار نەکراوە، بۆیە سودم لە سەرچاوەکەی (عەبدوڵا غەفوور) وەرگرتووە. چونکە لە هیچکام لە سەرژمێرییە فەرمییەکانی ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧)دا پێکهاتەی نەتەوەیی تۆمار نەکراوە.

**شێوەی (٢٠): ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەییەکانی قەزای سەیدسادق بۆ هەریەک لە ساڵەکانی (١٩٧٧، ٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٢٦).

## ٤-٣- پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوان

مەبەست لێی دابەشکردنی دانیشتوانە بەگوێرەی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەی ئاستە جیاوازەکانی خوێندن، بێگومان دانیشتوان لە پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریدا دیسانەوە وەک یەک نیین و جیاوازن. گرنگیی زانینی ئەم پێکهاتەیە، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە جگە لەوەی پێوەرێکە بۆ جیاکاری و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ئاستی بژێوی و شێوازی ژیان و گوزەرانیش دیاریدەکات، هەروەها پێکهاتەی ئاستی خوێندەواری کاریگەریی زۆری لە سەر زانیاری و داتا ژیانییەکانی وەک لەدایکبوون و مردن دەبێت، ئاستی خوێندەواری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دیاریکردنی چالاکیی تاکە کەسیدا هەیە، هەروەها دەتوانرێ پێشبینییەکانی داهاتووی هەر ناوچەیەکی لێوە بخوێنرێتەوە[1]. هەروەها پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوان و گۆڕانکارییەکانی بەگوێرەی تێپەڕبوونی کات، گۆڕان لە تەواوی کایەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوانیدا دروستدەکات.

کەم و کورتییەکانی داتاو زانیارییەکان، بەهەمان شێوەی پێکهاتەکانی پێشتر لێرەشدا بوونی هەیە، هۆکاری ئەم کەم و کورتیانە جگە لە ئەنجامنەدانی سەرژمێری، بەشێکی تریان بۆ کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی ڕووپێوییەکاندا دەگەڕێتەوە، بۆیە هەرکات سەرژمێری لەکاتی خۆیدا نەکرا، یاخود هەر نەتوانرا بکرێت، پێویستە ڕووپێوییەکان ببنە شوێنگرەوەی سەرژمێرییەکان و کۆمەڵێ لەو کەلێن و بۆشاییانە پڕبکەنەوە، کە سەبارەت بە زانیاریی دانیشتوانی هەن. تاکە سەرچاوەش بۆ وەرگرتنی ئەم زانیارییانە لە هەرێمی کوردستاندا، بریتیە لەو ڕووپێوییانەی وەزارەتی پلاندانان، کە لەڕێگەی دەستەی ئاماری هەرێمەوە ئەنجامیان دەدات، ئەوەی کە تاکو ئێستا تایبەت بە بارودۆخی ئاستی خوێندەواری دانیشتوانی هەرێم کراوە، لەساڵی (٢٠٠٦) دا بووە، لەو ڕێکەوتەوە تاکو ئێستا هیچ دەرخستە و ڕووپێوییەکی تر ئەنجام نەدراوە، بۆیە بەناچاری پشت بەو زانیارییانە نەبەستراوە، چونکە زیاتر لە (١٥) ساڵ بەسەر ئەنجامدانیدا تێپەڕیووە.

بەتێڕوانین لە خشتەی (٢٧)، ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی دانیشتوانی قەزاکە، دەکەونە هەردوو پێکهاتەی (نەخوێندەوار، دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە)، واتە هیچ جۆرە بڕوانامەیەکیان نییە لە ئاستەکانی خوێندندا، بە هەردووکیانەوە زیاتر لە (٥٦%)ی دانیشتوانی هەموو قەزاکەیان پێکهێناوە، ئەم ڕێژەیە، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە شارنشینی مێژوویەکی کۆنی نییە لە قەزاکەدا، هەروەها تایبەتمەندیی ژیانی دێنشینی تاکو دوو دەیەی پێشتر، بەسەر قەزاکەدا زاڵبووە، هەربۆیەتاکو ئێستا

١) سروە جەلال حەمە، گۆڕانکاریی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٧٧-٢٠١٢دا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی ٢٠١٩، لا ٢٧١.

ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر بەرزە، ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایین (٢٢،٧٥%) ی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە، دواتر ڕێژەی ئەوانەی کە بڕوانامەی (ناوەندی و ئامادەیی) ان هەیە بریتیە لە (١١،١٧%) ی دانیشتوانی قەزاکە، هەروەها ئەوانەی بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە نزیکەی (٤،٧١%) ی دانیشتوانیان پێکهێناوە، خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بریتین لە زیاتر لە (٥%) ی دانیشتوانی قەزاکە، لە کۆتایدا کەمترین ڕێژە کە لە (سفر) ەوە نزیکە، بریتییە لە ئاستی خوێندنی باڵا، ئەوانیش ڕێژەیان بریتیە لە (٠،٠٤٨%).

### خشتەی (٢٧): پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق(*) بۆساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| ١. | نەخوێندەوار | ٢٣٦٤٢ | ٢٤،٧٥ |
| ٢. | دەخوێنێتەوە و دەنوسێت | ٣٠١٢١ | ٣١،٥٤ |
| ٣. | سەرەتایی | ٢١٧٦٢ | ٢٢،٧٥ |
| ٤. | ناوەندی و ئامادەیی | ١٠٦٦٩ | ١١،١٧ |
| ٥. | دبلۆم | ٤٥٠٠ | ٤،٧١ |
| ٦. | بەکالۆریۆس | ٤٧٩٨ | ٥,٠٣ |
| ٧. | خوێندنی باڵا (ماستەر+دکتۆرا) | ٤٤ | ٠،٠٤٨ |
| | کۆی گشتی | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ڕووپێوییەکی ئاماری لەسەر فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان بۆ ساڵی ٢٠١٠، ساڵی (٢٠١١) بڵاوکراوەتەوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سرۆچک، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

---

*) لە دەرهێنانی ئەم ڕێژەیەدا، توێژەر جگە لە سودوەرگرتن لەو ڕووپێویەی لە ساڵی (٢٠٠٦) دا ئەنجامدراوە، لەڕێگەی سەردانی مەیدانیی زۆرێک لە دەزگا حکومییەکانی سەر بەوەزارەتە جیاجیاکانەوە، هەوڵی دەستخستنی ژمارەی تەواوی ئاستەکانی خوێندن و خوێندەواری و خاوەن بڕوانامەکانی داوە، تا لە کۆتایدا گەیشتووە بەم ژمارە و ڕێژانەی لە خشتەکەدا خراونەتە ڕوو.

به تێروانینی زیاتر له خشتەی (٢٧) و نەخشەی (١٧)، دەردەکەوێت، که دانیشتوانی قەزای سەیدسادق هێشتا له قۆناغی وەرچەرخانی ئاستی ڕۆشنبیریدان، چونکە هێشتا ڕێژەی نەخوێندەواران نزیکەی (٤/١)ی دانیشتوانیان پێکهێناوە، هەروەها تاکو ئاستی بڕوانامەکان بەرزتردەبنەوە، ڕێژەی پێکهێنەرانی دانیشتوانیان کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بەیەکێک له تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دانیشتوانی وڵاتانی جیهانی سێیەم دادەنرێت، بەڵام ڕەنگە به تێپەڕبوونی کات، ئەم ڕێژانە به ئاراستە ئەرێنییەکە گۆڕانیان بەسەردابێت، واتە ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەی نەخوێندەواری بەرەو کەمبوونەوە بچێت و ڕێژەی هەریەک له بڕوانامە جیاوازەکان له ئاستەکانی خوێندندا بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچن.

## نەخشەی (١٧): پێکهاتەی ئاستی خوێندەواریی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بۆ ساڵی (٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن به زانیارییەکانی خشتەی (٢٧).

## ٤-٤- پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان

پێکهاتەی ئابووری ڕەگەز و پێکهێنەرێکی گرنگی توێژینەوە دانیشتوانییەکانە، چونکە زانینی ئەم پێکهاتەیە گرنگی و بایەخی تایبەتیی هەیە بۆ تەواوی ئەو هەوڵە ستراتیجییانەی کە دەمانەوێت لە داهاتوودا ئەنجامیان بدەین، لەبەرئەوەی ئابووری دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ تەواوی پرۆسە و کردارە پراکتیکییەکان، بەتایبەت لە دنیای ئەمڕۆدا، کەواتە زانینی تەواوی وردەکارییەکانی پێکهاتەی ئابووری دەبێتە پێویستییەکی گرنگ بۆ توێژەرانی بواری جوگرافیای دانیشتووان [١].

بۆ ئاشنابوون بە پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، زۆر گرنگە بە زیاتر لە پۆلێنکارییەک بخرێتە ڕوو، بۆیە لێرەدا سەرەتا هێزی کاری دانیشتوان پۆلێندەکەین دواتر ژمارەی دانیشتوان بەسەر پیشە ئابوورییە جیاوازەکاندا دەخەینەڕوو.

### ٤-٤-١- هێزی کاری دانیشتوان

لە خشتەی (٢٨) ەوە دەردەکەوێت پێکهاتەکانی ئابووریی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق دابەشبوون بەسەر هەریەک لە کەرتەکانی (حکومی، کشتوکاڵی، پیشەسازی، تایبەت)، بەشێکیشیان بێکارن و نەیانتوانیووە لە هیچ کام لەو کەرتانەدا کار وەربگرن. بەشی زۆری هێزی کاری دانیشتوانی قەزاکە لە کەرتی کشتوکاڵ کاردەکەن، بەڕێژەی (٥٦،٥%)، لەم کەرتەدا هەردوو جۆری کشتوکاڵ: (چاندن و ئاژەڵداری) هەژمارکراوون، دواتر کەرتی حکومی (فەرمانبەر و مووچەخۆر) نزیکەی (١٨،٨%) ی هێزی کاری قەزاکەیان پێکهێناوە، کەرتی تایبەت (زیاتر لێرەدا پرۆژەی بچووکی هاوڵاتیان و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە ئەهلییەکان مەبەستە، لەگەڵ ئیشی سەربەخۆ و بەشێکی کاسبکاران)، ئەمانەش بە ڕێژەی (١٦،٨%) بەشدارە لە پێکهێنانی هێزی کاری دانیشتواندا، کەرتی پیشەسازی کەمترین بەشداریی لە دابەشکارییەکەدا بەرکەوتوو بە ڕێژەی (٣،٩%)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دواکەوتوویی کەرتی پیشەسازی و زاڵی کەرتی کشتوکاڵ بەسەر پێکهاتەی ئابووری قەزاکەدا، چونکە قەزاکە لە باشترین دەشتی کشتوکاڵیی پارێزگای سلێمانیدا هەلکەوتووە، کە دەشتی شارەزوورە، بەڵام بوونی بەرهەمی کشتوکاڵی هیچ ڕۆڵێکی لە دامەزراندنی پیشەسازیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا نەبووە، هەربۆیە جیاوازی و مەودای گەورە لە نێوان ڕێژەی کەرتە ئابوورییەکاندا بوونی هەیە، جگە لە بوونی کەلێن لە هەندێک لە کەرتەکاندا. هەروەها لە خشتەکەوە دەردەکەوێت (٤%)ی دانیشتوان بێکارن و لە هیچ کام لە کەرتەکاندا کارناکەن.

---

١) ندى نجيب سلمان، التحليل المكاني لتركيب السكان مدينة بغداد الكبرى للمدة ١٩٨٧-١٩٩٧، أطروحة دكتوراه (غير منشور) كلية التربية، جامعة بغداد، عام ٢٠٠٦، ص ٣٣.

**خشتەی (٢٨): پێکهاتەی هێزی کاری دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بە گوێرەی هەریەک لە کەرتە ئابوورییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠**

| ژ | کەرتەکان | ژمارە | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | کەرتی کشتوکاڵی | ٣٠٦٦٩ | ٥٦،٥ |
| ٢ | کەرتی گشتی (فەرمانبەری حکومی) | ١٠٢١٣ | ١٨،٨ |
| ٣ | کەرتی تایبەت | ٩١١٣ | ١٦،٨ |
| ٤ | کەرتی پیشەسازی | ٢١١٦ | ٣،٩ |
| ٥ | بێکار | ٢١٧١ | ٤ |
| | کۆ | ٥٤٢٨٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ئەنجامدانی ڕووپێویی هەڵسەنگاندنی باری کۆمەڵایەتی و باری خۆراک لە هەرێمی سلێمانیدا، لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجامدراوە، ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە.

٢- کاری مەیدانیی توێژەر لەڕێگەی سەردانی مەیدانی و کۆکردنەوەی داتا و ژمارەکانی پەیوەست بە کەرتە ئابوورییەکان و هێزی کاری دانیشتوانی قەزای سەیدسادق, بۆ ئەم فەرمانگانەی خوارەوە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان، بانکی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگاری سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سرۆچک، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

## ٤-٢-٤- پێکهاتەی پیشەیی دانیشتوان

لێرەدا مەبەستە بزانرێت دانیشتوانی قەزاکە چۆن بەسەر پیشە جیاوازەکاندا دابەشبوون، یان پێکهاتەی پیشەییان چۆنە؟، لە خشتەی (٢٩)دا دەردەکەوێت ئەو پیشانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە ئەنجامیاندەدەن بریتین لە: (فەرمانبەر، پیشەسازی، بازرگانی، دوکاندار، جوتیار، ئاژەڵدار)، ئاشکرایە کە تەواوی دانیشتوان یەک پیشەی هاوبەش ئەنجام نادەن بەڵکو فرەجۆری لە پیشەکاندا بوونی هەیە و پێکەوە دەبنە تەواوکەری یەکتر و هەموویان پێکەوە سیستمی ئابووری و ژیان و گوزەرانی دانیشتوان مسۆگەردەکەن.

## خشتەی (٢٩): پێکهاتەی پیشەیی* دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ساڵی (٢٠٢٠) دا

| جۆری پیشەکان | سەنتەری قەزا | | ناحیەی سرۆچک | | کۆی قەزا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % |
| فەرمانبەر+مووچەخۆر | ٩٦٨١ | ٩٤،٨ | ٥٣٢ | ٥،٢ | ١٠٢١٣ | ٣٧،١ |
| پیشەسازی | ٢١٠٠ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٢١٠٠ | ٧،٦ |
| بازرگانی | ١٣٣٢ | ٩٦ | ٥٦ | ٤ | ١٣٨٨ | ٥ |
| کشتوکاڵی (کشتیار، ئاژەڵدار | ١١٢٤٣ | ٨١،٣ | ٢٥٨٥ | ١٨،٧ | ١٣٨٢٨ | ٥٠،٣ |
| کۆ | ٢٤٣٥٦ | %٨٨،٥ | ٣١٧٣ | %١١،٥ | ٢٧٥٢٩ | %١٠٠ |

سەرچاوە: کاری مەیدانیی توێژەر لەڕێگەی سەردانی مەیدانی و کۆکردنەوەی داتا و ژمارەکانی پەیوەست بە کەرتە ئابوورییەکان و هێزی کاری دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەگوێرەی هەریەک لە پیشەکان بۆ ئەم فەرمانگانەی خوارەوە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان، بانکی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).
٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، مەڵبەندی خۆپاراستنی تەندروستیی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).
٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).
٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق.
٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگاری سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سرۆچک، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).
٦- سەردانی مەیدانیی توێژەر بۆ تەواوی دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق، لە چوارچێوەی هەژمارکردنی دانیشتوانیاندا، کە هاوکات زانیاریی وردیش لەبارەی جۆری پیشە و ژیان و گوزەرانیانەوە وەرگیراوە.
٧- سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان، لقی هەڵەبجە، بنکەی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە.

*) کۆی هەموو ئەو ژمارانەی کە لە خشتەکەدا هەن بریتین لە (٢٧٥٢٩) کەس، ئەمەش بەشێکی کەمی هێزی کاری دانیشتوان پێکدەهێنێت، کەمی ئەم ژمارەیە بۆ تۆمارنەکردنی کەسانی کاسب و پیشە سەربەستەکانی تر دەگەڕێتەوە، هەروەها بەشێکی تری دانیشتوانەکەی لە پیشەکانی تردا وەک کرێکار کاردەکەن و لەهیچ دەزگایەکیش تۆمار نەکراوون، بۆ نموونە ئەوانەی گرێبەستی کشتوکاڵییان هەیە لە قەزاکەدا ژمارەیان (٤٩١٠) کەسە، بەڵام جگە لە خاوەن زەوییەکان بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی پرۆسەی کشتوکاڵکردن لەو زەویانەدا کۆمەڵێ کەسی تر وەک کرێکار کاردەکەن و تۆمار نەکراوون، هەروەها بەشی زۆری خاوەن پیشەکان سەرۆک خێزانەکانن نەوەک ئەندامانی خێزانەکان.

بەگوێرەی ئەوەی لە خشتەی (٢٩) و شێوەی (٢١)دا دەردەکەوێت: جیاوازی زۆر لە پێکهاتەی پیشەکاندا بوونی هەیە، بەوەی زۆرینەی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا کۆبووەتەوە، کە ژمارەیان بریتیە لە (١٣٨٢٨) کەس بەرێژەی (٥٠،٣%) دواتر چینی مووچەخۆرانن، کە ژمارەیان بریتین لە (١٠٢١٣) کەس (بە هەموو جۆرەکانی فەرمانبەرەوە، لەسەرجەم وەزارەتە جیاوازەکاندا)، بەرێژەی (٣٧،١%). بەشێکی تری دانیشتوانی قەزاکە بە پیشەکانی تری وەک کارگە پیشەسازییەکان و دوکانداری بازرگانی و کاسبیی سەربەستەوە خەریکن.

شێوەی (٢١): پێکهاتەی پیشەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆ ساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٢٩).

## ٤-٥- پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان

ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد لەدەرەوەی شارەکان واتە لەنێو گوندنشینەکاندا (تەنانەت لە بەشێکی شارەکانیشدا) هێشتا هەر لەسەر شێوەی ژیانی هۆزایەتی (خێڵایەتی) پێکهاتووە، بێگومان هۆزایەتیش یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەی کوردەواری [١]. سەبارەت بە کاریگەریی ژیانی هۆزایەتیش لەسەر نیشتەجێبوون، دەبێت سەرەتا ئەوە بزانین کە بنەماکانی ئاوەدانیو نیشتەجێبوون بە شێوازێکی گشتی لەناوچەی توێژینەوەدا، وایان لە ئەندامانی هۆزەکان کردووە لەم ناوچەیە جێگیرببن، هەریەکە بەگوێرەی هەلومەرجو بارودۆخی خۆی لەم دەورووبەرەدا

١) حەمە کەریم عارف، کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٠، لا ١٨٨-١٩٦.

گیرسابێتەوەو پێداویستیی ژیانی خۆیی دەستەبەر کردبێ، ئەمەیش دەکرێت لە دوو خاڵی سەرەکیدا جەختیان لەسەربکرێت: یەکەم: بارودۆخی سروشتی ناوچەکەو لەباریو گونجاوی بۆ هەلومەرجی ژیانو نیشتەجێبوون. دووەم: بارودۆخی سیاسیو بڕیارە سیاسیەکانی دەسەلاتو حکومەتە گەورەکانی دەوروبەری ناوچەکە بەدرێژایی مێژوو و حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق سەبارەت بە ناوچەکە[١].

دەتوانین بڵێین سەرەتای نیشتەجێبوونی هۆزو تیرەکان لە ژیانی کۆچەرییەوە بۆ جێگیربوون، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە سنور دروستبوو لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێران (سەفەوی)، بەتایبەتی لەدوای ڕێکەوتننامەی ئاشتیی (زەهاو) لەساڵی (١٦٣٩ز) کە لەنێوان ئێرانی سەفەویو دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرا، چونکە هەردولا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە سنورێکی دیاریکراو خاڵەکانی نێوان هەردوو قەڵەمڕەویەکەیان جیابکاتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا سنورێک بۆ هەموو ئەو خێڵو هۆزانە دابنێ کە بەبێ هیچ کۆسپو تەگەرەیەک لەنێوان ئەم دوو قەڵەمڕەویەدا هاتووچۆیان دەکرد، ئەمەیش وایکرد خێڵە هاوبەشەکانی هە ردوو وڵات ببنە دوو بەشەوەو تەنیا بۆیان هەبێت لەو سنورانەی بۆیان دیاریکراوە کۆچەرایەتیو ژیانی نیشتەجێبوونو ئاژەڵداریان بەڕێوەبەرن، ئەمەیش گەورەترین هۆکاربوو تاکو ئەم خێڵو هۆزانە بیر لەنیشتەجێبوونی یەکجاری بکەنەوەو ئاوەدانی لەناوچەکەدا دروستبکەنو نشینگەی دێهاتیو شاری بنیاتبنێن [٢].

دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، بەشێکیان لە دەشتی شارەزوور و بەشێکی تریان لە کوێستان و ناوچە شاخاوییەکانی باکووری قەزاکەدا نیشتەجێن، لەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دابەشبوون بەسەر کۆمەڵێ هۆز و تیرەدا، زۆرینەیان لە تیرەکانی هۆزی (جاف) ن و دوای ئەویش هۆزەکانی (گۆران) و (غەوارە)، کە لەدێرزەمانەوە لەناوچەکەدا گیرساونەتەوە، بەشێکی نشینگەکان پێکهاتوون لەیەک تیرە و بەشێکی تریان زیاتر لە تیرەیەک لەخۆدەگرن، بێگومان شارەکان شوێنی کۆبوونەوەی جیاوازییەکانن، بەشێکی دێیەکانیش، بەتایبەت دێیە قەبارە گەورەکان زیاتر لە تیرەیەک تێیاندا نیشتەجێن و گونجاون لەگەڵ یەکتر.

بە سەیرکردنی نەخشەی (١٨)، دەتوانرێ زۆر بەڕوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناوچەی توێژینەوە ببینرێت، کە بەگوێرەی نشینگەکان دیاریکراوون. بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆزانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە زۆرینەیان جاف و گۆران و غەوارەن، زیاتر جاف بەسەر هەموو قەزاکەدا بڵاوبوونەتەوە، تیرەکان بریتین لە: (شێخ سمایلی، شێخی بەرزنجی،

---

١) ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک سەبارەت بە هۆزەکانی ناوچەی کەلارو دەوروبەری، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (٥) بەهاری ساڵی ٢٠٠٦، لا ٣٧.

٢) محمد مهدی کریم، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٠.

قەویلەیی، بێسەری، پەرخی، کەماڵەیی، باشکی، شاتری، چوچانی، زلزڵەیی، گەلاڵی، ڕۆغزایی، تەرخانی، زەردۆیی، سۆفی وەند، گوڵباخی، گۆران، لەک، یەسوجانی، بابان، کەلهوڕ، مامۆیی، نەورۆڵی، میراودەلی، وەستاگەل-دۆم-، بەیداخی، سمایل عوزێری، سێماڵەیی، هاروونی، تیلەکۆ، هۆڵی و زۆر تیرەی تریش).

## نەخشەی (١٨): دابەشبوونی جوگرافیایی تیرە و هۆزەکانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە پاشکۆی (٤).

دەبینین ئەو نشینگە دێهاتیانەی کە سەر بە هۆزێک یان تیرەیەکی دیاریکراون نزیک لەیەکترییەوە هەڵکەوتوون، زۆر بەکەمی پەرشو بڵاوبوونەتەوە، یاخود بە دەربڕینێکی تر هەر هۆزێک یان تیرەیەکی دیاریکراو لە حەوزێکی ئاویدا دابەشبوون، ئەویش لە چەند دێهاتێکی نزیک یەکتر. ئەمەش بۆ پتەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو گرنگیدانی دانیشتوانی دێهاتەکان بە ڕەچەڵەکو بنچینەی خۆیان دەگەڕێتەوە. ئەو هۆز و تیرانەی زۆرترین نیشنگەیان پێکهێناوە بریتین لە (شێخ سمایلی، شاتری، گۆران، چوچانی، غەوارە). بەڵام تیرەی شاتری، کە تیرەیەکی بەربڵاون لە سنوورەکەدا، لەسەر نەخشە کەمترین دەرکەوتنیان هەیە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ئەو دێیانەی

کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان سەر بەم تیرەیەن، ئێستا کەوتوونەتە سنووری شارەوانییەوە و لە ماستەرپلانی شاردا بوونەتە بەشێک لە شارەکە، هەروەها بەشێکی تری دێیەکانیان چۆلکراوون و دانیشتوانەکەیان لەشاری سەیدسادق نیشتەجێن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە لە ژیانی دێنشینیدا زیاتر گرنگی بە هۆز و ژیانی خێڵایەتی دراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری دێیەکان پێکهاتەی خێڵایەتیی خۆیان پاراستووە و نەیانهێشتووە هیچ خێڵێکی تریان تێکەڵ ببێت، بەڵام بەشێکیشیان بەهۆی فراوانبوونیان و گرنگیی شوێنەکەیان هاوشێوەی شارەکان تیرە و هۆزەکانی تریان تێکەڵبووە. هەروەها دەتوانرێت تێبینیی ئەوەش بکرێت، کە هەردوو شاری (سەیدسادق و بەرزنجە) لەگەڵ کۆمەڵێک لە دێیەکانی تری قەزاکە زیاتر لەهۆزێکیان تێدا کۆبووەتەوە، لەبەرئەوەی لەشارەکاندا کەمتر گرنگی بە ژیانی خێڵایەتی دەدرێت، هەروەها شار مەڵبەندی کۆبوونەوەی هەموو جیاوازییەکانە. بەڵام نابێت ئەوەش لەیادبکرێت، کە سەرەتای دروستبوونی شاری سەیدسادق لەلایەن تیرەکانی جافەوە بووە، تا ئێستاش زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

# دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

### دەرئەنجامەکان:

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

- قەزای سەیدسادق؛ یەکێکە لە قەزاکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانیی (“٣٣ ‘١٥ °٣٥ – “٠٥ ‘٣٧ °٣٥) ی باکوری گۆی زەویو هێڵەکانی درێژیی (“٠١ ‘٣٥ °٤٥ – “٥٣ ‘٥٧ °٤٥)ی ڕۆژهەڵات، کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (٦٩٦،٣) کم٢، هەروەها کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی (٢٠٢٠)دا (٩٥٥٠٠) کەس بووە.
- مێژووی نیشتەجێبوون لە قەزاکەدا، مێژوویەکی کۆنە و بەدرێژایی قۆناغەکانی شارستانیەت ئاوەدانی تێدا هەبووە، هەروەها تایبەتمەندییە سروشتییەکانی سنووری ناوچەی توێژینەوە هۆکار و هاندەر بوون بۆ پرۆسەی نیشتەجێبوونی دانیشتوان تیایدا، هەربۆیە تەواوی بەشەکانی قەزاکە گونجاون بۆ ئەنجامدانی چالاکییە مرۆییەکان، بەمەش سەرچاوەی داهات و بژێوی دانیشوان مسۆگەر بووە، بۆیە ئێستای قەزاکە نزیکەی (١٠٠) هەزار دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە.
- دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینییوە، بەجۆرێک لە سەرژمێریی (١٩٥٧)دا ڕێژەی دێنشینی زیاتر (٨٥%) بووە، لە بەرامبەردا ڕێژەی شارنشینی نزیکەی (١٥%) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠)دا ئەم دابەشبوونە پێچەوانە دەبێتەوە، دێنشینی بۆ (١٦،٥%) دادەبەزێت و شارنشینی بۆ (٨٣،٥%) بەرزدەبێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ تێکچوونی پێکهاتەی ئابووریی قەزاکە و سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.
- بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە (١٩٥٧-٢٠٢٠) گۆڕانی گەورە و گرنگ بەسەر قەبارەی دانیشتوان و ڕێژەی گەشە و لەدایکبوون و مرد ن و کۆچدا هاتوون، بێگومان ئەم گۆڕانکارییانە لە ئەنجامی هۆکار و کارتێکەری جۆراو جۆر بوون، کە بەشێکیان ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیین، بۆیە ڕەنگدانەوەکانیان بەتێپەڕبوونی کات گۆڕاوە و تایبەتمەندیی دیاریکراوی بە دانیشتوانەکەی بەخشیوە.
- لەماوەی توێژینەوەکەدا (١٩٥٧-٢٠٢٠)، ساڵ لەدوای ساڵ دانیشتوانی قەزاکە زیادیانکردووە، بەجۆرێک لە تەنیا (١٨٥٢٧) کەس لە ساڵی (١٩٥٧)دا بۆ (٩٥٥٠٠) کەس لە ساڵی (٢٠٢٠) زیادیانکردوە، واتە پێج هێندەو نیو ژمارەیان زیادیکردووە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە

ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیی گونجاوە بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان.

- دانیشتوان بەشێوەیەکی چوونیەک دابەشنەبوون بەسەر هەموو قەزاکەدا، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر لە دابەشبوونیاندا هەیە، هەندێ بەشی قەزاکە بەردەوام دانیشتوانی زۆری تێدا کۆبووەتەوە و لە کاتێکدا بەشەکانی تر کەمترین دانیشتوانیان تێدا نیشتەجێیە.
- جیاوازی لە دابەشبوونی دانیشتواندا شێوازی جیاوازی بە دابەشبوونەکە بەخشیوە، بەشێکی دابەشبوونەکە، دابەشبوونێکی پەرش و بڵاوە و بەشێکیشی دابەشبوونێکی هەرەمەکی. کە ژینگەی سروشتی و جۆری چالاکییە ئابوورییەکان لەم شێوازانەدا ڕۆڵیان هەبووە، ناحیەی سرۆچک لەبەرئەوەی ناحیەیەکە دێنشینی بەسەردا زاڵە و پەیڕەوی لە چالاکیی کشتوکاڵی ئاژەڵداری دەکەن، شێوازی (پەرش و بڵاو) ی وەرگرتووە، بەڵام سەنتەری قەزای سەیدسادق کە بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی لە شاردا کۆبوونەتەوە و خاوەن زەویی کشتوکاڵیی فراوان و بەپیتە، بۆیە (شێوازی هەرەمەکی) ی وەرگرتووە.
- لە پێکهاتەکانی دانیشتوانی قەزاکە، جیاوازی زۆر بەدیدەکرێت بەوەی بەشێکی پێکهاتەکان، بەتایبەتی پێکهاتەکانی ئاین و نەتەوە چوونیەکییەکی ڕێژەییان هەیە، بەڵام لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا فرەچەشن و جۆراوجۆری هەستپێدەکرێت.
- پێکهاتەی ڕەگەزی (ڕێژەی جۆر) لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە سەرژمێرییەکانی (١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧، ٢٠٠٢) دا بەردەوام ڕێژەی ڕەگەزی نێر زیاتر بووە لە ڕەگەزی مێ، بەڵام لەکۆتا دوو ماوەی توێژینەوەکە (٢٠١٠، ٢٠٢٠) دا دۆخەکە دەگۆڕێت و ڕێژەی جۆر بە کەمبوونەوەی ڕەگەزی نێر و زیادبوونی ڕێژەی ڕەگەزی مێ، واتە (٩٥،٥) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەک کۆتایی دێت.
- هەرەمی دانیشتوانی کە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی دەنوێنێت، لە چەشنی هەرەمی بنکە فراوانە، واتە ڕێژەی تەمەنی دەستەکانی (کەمتر لە ١٥ ساڵ) زیاترە لە دەستە تەمەنییەکانی تر، کە ڕێژەکەی (٣٩،٨%) بووە، بەڵام دەستەی بەساڵاچووان تەنیا (٣،٤%) بووە.

## ڕاسپاردەکان

گرنگترین ڕاسپاردەکان بریتین لە:

- گرنگیدان بە تۆمارکردنی تۆمارە ژیانییەکان (لەدایکبوون و مردن)، هەروەها داتاکانی پەیوەست بە (هاوسەرگیری و جیابوونەوە و کۆچکردنی دانیشتوان)، لەڕێگەی دامەزراوەی تایبەت بە

کۆکردنەوەی هەریەکەیان، چونکە بەشێکی زۆری توێژینەوە دانیشتوانییەکان پشت بەم جۆرە داتایانە دەبەستن.

- گەشەی دێنشینی لەماوەی توێژینەوەکەدا دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە و تا ئاستی (-٣،٠٥%) دابەزیوە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتداران وبەرپرسانی کاگێڕیی قەزاکە، هەڵوێستی جدی لەئاست ئەم تەوژمە مەترسیدارە وەربگرن و پلان و پرۆژەی تایبەتیان بۆ گێڕانەوەی دۆخێکی هاوسەنگ یان نیمچە هاوسەنگ هەبێت، لەڕێگەی هێنانەدیی جۆرێک لە (هاوسەنگیی پەرەپێدان) لەنێوان شار و دێیەکاندا، واتە هەوڵبدرێت هەمان خزمەتگوزاریی شارەکان لە دێیەکانیشدا هەبن.
- کردنەوەی سەنتەری ڕاوێژکاری و پەرەپێدانی تاک و خێزان، بۆ وشیارکردنەوەی دانیشتوان لە تەواوی پرۆسە دانیشتوانییەکان و تۆمارە ژیانییەکاندا، تاکو هاوڵاتیان لە هەر ڕاپرسی و تۆمارێکدا بتوانن شارەزایانە و ئاگایانە ڕاستییەکان بۆ هەریەک لە ڕووپێوییەکان دەربخەن و داتایەکی واقعی بەرهەم بهێنرێت.
- هەوڵدان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکان لە تەواوی نشینگە مرۆییەکانی سنووری قەزاکەدا، هەروەها ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە دابەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانەدا بەسەر شارو ولادێکاندا.
- هەوڵدان بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دانیشتوان بەسەر ژینگەی شار و لادێدا، تاکو لەڕێگەیەوە هاوسەنگیی دابەشبوون بۆ بارێکی باشتر لە ئێستا بگۆڕێت.
- گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی و کارکردن بە ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکانی تایبەت بە دانیشتوان، تاکو لەڕێگەیەوە کێشە دانیشتوانییەکان دیارییبکرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.
- پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕامیارییەکی گونجاو بۆ دانیشتوان دابڕێژێتەوە و بتوانێ جۆرێک هاوسەنگی بۆ هەرەمی دانیشتوان بگێڕێتەوە و ڕێکخستنەوەی بۆبکات بەگوێرەی پێکهاتەی ئابووری و ستراتیجییەکانی بەرنامەی کاری حکومەت، تاکو ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوان ببنە تەواکەری یەکتر و پێکەوە ئابووریەکی تەندروست بۆ داهاتوو مسۆگەربکەن.
- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی ئاودێری بۆئەو دێیانەی دوورەدەستن و مەترسیی چۆڵکردنیان هەیە، هەروەها چاکسازیکردن لە زەویی کشتوکاڵی و وشیارکردنەوەی دانیشتوانی دێیەکان لە پەیڕەوکردنی جۆری کشتوکاڵی گونجاو بەگوێرەی جۆری زەوی و ژینگەی دێیەکان.

# لیستی سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

### کتێبەکان:


١- ابراهيم، عبد المجيد غفور، کۆمەڵناسیی دانیشتوان (توێژینەوەیەکی شیکاریی ئامارییە) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥.

٢- تالیب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩.

٣- سنهاونه، موسا عبودة سمحة وفوزي عبدة، جوگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی: هیوا ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤- سەعید، کامەران تاهیر، جوگرافیای عێراق (سروشتی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر ٢٠١٤.

٥- سوڵەیی – بەرزنجی، محەمەد شێخ عەبدولکەریم، خانەوادەیەک لە مێژوو (شێخ موسا و شێخ عیسای بەرزنجی و نەوەکانیان)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ،٢٠٢٠.

٦- شەریف، ئیبراهیم ئیبراهیم، جوگرافیای کەش، وەرگێڕانی: ئەحمەد عەلی ئەحمەد و خەلیل کەریم محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١١.

٧- شوانی، محەمەد، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتووان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

٨- شێخانی بەرزنجی، محەمەد سەید عەبدولکەریم، پوختەیەک دەربارەی شێخانی بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بغداد، ١٩٨٨.

٩- عارف، حەمە کەریم، کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٠- غانم، عەلی ئەحمەد، جوگرافیای ئاووهەوا، وەرگێڕانی: گۆران ڕەشید ئیمامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڵەبجەی شەهید، .٢٠٠٩.

١١- غەفوور، عەبدوڵا، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان (بەگوێرەی سەرژمێریی دانیشتوانی عێراق ١٩٧٧)، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢- قارەمان، لەیلا محمد، خاکی هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.

١٣- محمد امین، هاوڕێ یاسین، جوگرافیای خاک، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٤.

١٤- محەمەد، نەوشیروان عەزیز، شوێنەوارەکانی شارەزوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران، ٢٠١٧.
١٥- مودەڕیس، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، ناوەندی کانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سنە، ١٣٨٩ی هەتاوی.
١٦- میهرپەروەر، میهدی، کۆچ؛ هۆکار و ئاسەوارەکان (ئامادەکردن و وەرگێڕان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٧- ئەحمەدی، حاجی مەحمود، بنەماڵەی پاکان (بحر الانسان – ئەحمەدی)، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی مسعود، تاران، ١٣٧٨ ی هەتاوی.

**گۆڤارەکان:**

١- باوەڕ، ئەحمەد، کورتەیەک سەبارەت بە هۆزەکانی ناوچەی کەلارو دەوروبەری، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (٥) بەهاری ٢٠٠٦.
٢- بێسەڵمێنی، حسێن، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە ١، گۆڤارێکی مانگانەیە ناوەندی ڕۆشنبیریی هەڵەبجە دەریدەکات، ئازاری ١٩٩٩.
٣- تۆفیق، زرار سدیق، ناسینەوەی چوار کەسایەتی، گۆڤاری ژین، ژمارە ٨، ساڵی هەشتەم، دیسەمبەری ٢٠١٦.
٤- قادر، نەجمەدین و صلاح الدین حسن، دروستبوون و گەشەی مێژوویی قەزای شارەزوور، گۆڤاری کۆچ، ژ ٧ و ٨، گۆڤارێکی وەرزییە، سەنتەری ڕووناکبیریی ئێلبەگی جاف دەریدەکات، ٢٠٠٨.
٥- مام ڕەمەزان، عومەر، شارەزوور و کاریگەریی هۆکاری سیاسی لە دابەشبوونی دانیشتواندا (١٩٥٧-١٩٩٧)، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ١٣، گۆڤارێکی مانگانەیە، ئازاری ٢٠٠٢.
٦- محمد، خەلیل اسماعیل، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی سەنتەرە شارستانییەکانی پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢، ١٩٩٧.

**چاوپێکەوتنەکان:**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (سابیر حەوتبرای نەویجان)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٧).
٢- چاوپێکەوتنێکی کۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز: (علی سۆفی محمد جاف)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور، ڕێکەوتی (٢٠٠٤/١٢/١١).
٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (د. جەزا تۆفیق تالیب)، پرۆفیسۆر لە بواری جوگرافیای ڕامیاری و جیۆپۆلەتیک، کە بەڕێزیان کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەیە و شارەزاییەکی زانستیی لەسەر ناوچەکە هەیە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/٢٥).

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (عومەری عەلی شەریف)، کەسایەتیی دیاری سەیدسادق و ناوچەی شارەزوور، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٢٠).
٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (نەوزاد عەلی فەتاح)، ڕۆژنامەنوس و شارەزا لە مێژووی سەیدسادق، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/١٥).

**زانیاریی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی حکومی:**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، ساڵنامەی ١٩٩٩ ی سلێمانی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٩.
٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری تایبەت بە قەزا و ناحیەکان (زانیاریی بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠٢٠).
٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).
٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).
٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە، هۆبەی کەشناسیی هەڵەبجە، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).
٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی یەکی سلێمانی، فەرمانگەی دارایی قەزای سەیدصادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.
٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرابەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، نەخۆشخانەی گشتیی شەهید شەوکەت (نوسینگەی لەدایکبوون و مردن)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.
٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرابەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، فەرمانگەی لەدایکبوون و مردنی سلێمانی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.
٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای بەرایی سەیدسادق، (زانیاریی بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.
١٠- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان، (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی ٢٠٢٠.
١١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و نشینگەکان بۆساڵی ٢٠٠٩، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٠.

١٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ڕووپێوییەکی ئاماری لەسەر فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان بۆ ساڵی ٢٠١٠، ساڵی (٢٠١١) بڵاوکراوەتەوە.

١٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان، بانکی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

١٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

١٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سرۆچک، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

١٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ئەنجامدانی ڕووپێویی هەڵسەنگاندنی باری کۆمەڵایەتی و باری خۆراک لە هەرێمی سلێمانیدا، لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجامدراوە، ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە.

١٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرابەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، مەڵبەندی خۆپاراستنی تەندروستیی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

١٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی (GIS)، نەخشەی بنەڕەتیی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، ساڵی (٢٠٢٠).

١٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، ئەرشیف، (٢١-٢-٢٠٠٧).

٢٠- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

٢١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سەیدسادق- بەشی کەشناسی (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠٢١).

٢٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، فەرمانەی ئاماری سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

٢٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و نشینگەی سلێمانی، فەرمانگەی کارتی نیشتیمانیی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە، ساڵی (٢٠٢٠).

٢٤- سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان، لقی هەڵەبجە، بنکەی سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە.

**دەستنوسی کتێب:**

١- تۆفیق، بەشیر صادق، شارەزوور و سەیدسادق لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ، دەستنوس (بڵاونەکراوە)، ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) نوسراوە.

**تێز و ماستەرنامەکان:**

١- أمین، بیلال فتاح، نواندنی کارتۆگرافی بە بەکارهێنانی (GIS) بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی قەزای سەیدسادق، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی بینگۆل، کۆلێژی کشتوکاڵ، بەشی GIS، تورکیا، ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧).

٢- حمە امین، ئومێد حمە باقی، مەترسییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی ئاوزێڵی دۆڵی چەقان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان (بە بەکارهێنانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، خانەقین ٢٠٢٠.

٣- حمەیوسف، عطا حمەلاو، پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان ١٩٧٧-٢٠٠٩)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی پەروەردە، ساڵی ٢٠١٥.

٤- حەمە، سروە جەلال، گۆڕانکاریی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٧٧-٢٠١٢دا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی ٢٠١٩.

٥- صالح، چراخان نصرالدین، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ساڵی ٢٠١٥.

٦- عەلی، عوسمان محمد، قەزای کەلار (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمیدا)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٤.

٧- کریم، محمد مهدی، دابەشبوونی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، ساڵی ٢٠١٦.

**سەردانی مەیدانیی توێژەر:**

- کاری مەیدانیی توێژەر، بۆ تەواوی دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق، لەماوەی توێژینەوەکەدا، لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانەی پەیوەستن بە ژمارەی دانیشتوانی دێیەکان و پێکهاتەی ڕەگەزی و ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دێنشینانەوە، مانگی یەک و دووی ساڵی ٢٠٢١.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

### الكتب:


١- أبو صبحة، كايد عثمان، جغرافية السكان، الطبعة الأولى، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥.
٢- ابو عيانة، فتحي محمد، جغرافية السكان (اسس وتطبيقات)، الطبعة الرابعه، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية ١٩٩٣.
٣- أبو عيانة، فتحي محمد، دراسات في علم السكان، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية للنشر والتوزيع، القاهرة ٢٠٠٠.
٤- أبو عيانة، فتحي محمد، مشكلات السكان في الوطن العربي، الطبعة الأولى، دار المعرفة الجامعية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٩.
٥- الأسدي، صفاء عبد الأمير رشم، جغرافية الموارد المائية، الطبعة الأولى، بدون مطبعة، جامعة البصرة، ٢٠١٤.
٦- اسماعيل، أحمد علي، أسس علم السكان (وتطبيقاته الجغرافية)، الطبعة الثامنة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧.
٧- بابان، جمال، أصول أسماء المدن العراقية، الطبعة الأولى، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد ١٩٧٦.
٨- برهم، نسيم واخرون، مدخل الى الجغرافيا البشرية، الطبعة الأولى، مطبعة الجامعة الأردنية، عمان ١٩٩٠.
٩- البياتي، فراس عباس، الانفجار السكاني والتحديات المجتمعية، الطبعة الأولى، دار الغيداء للنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١١.
١٠- الجنابي، صلاح حميد، جغرافية الحضر (اسس وتطبيقات)، الطبعة الأولى، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل، الموصل ١٩٨٧.
١١- الحجازي، سامر مخيمر وخالد، أزمة المياه في المنطقة العربية (حقائق والبدائل الممكنة)، الطبعة الأولى، سلسلة عالم المعرفة، الكويت ١٩٩٦.
١٢- حميدان، علي سالم ومحمود الحبيس، جغرافيا السكان (مدخل الى علم السكان)، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١.
١٣- حميدة، عبد الرحمن، الوجيز في المناخ التطبيقي، الطبعة الأولى، دار الفكر للنشر والتوزيع، دمشق ١٩٨٣.
١٤- الخريف، رشود بن محمد، السكان (المفاهيم والأساليب وتطبيقات)، الطبعة الثانية، دار المؤيد للنشر والتوزيع، الرياض ٢٠٠٨.

١٥- الخفاف، عبد علي، جغرافيا السكان (أسس عامة)، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق ٢٠٠٧.
١٦- خير، صفوح، الجغرافية (موضوعها ومناهجها وأهدافها)، الطبعة الأولى، دار الفكر المعاصر، بيروت ٢٠٠٢.
١٧- الدعبوسي، أحمد سامر، التنمية والسكان، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع, عمان ٢٠١٠.
١٨- زادة، نصوح بن عبدله مطراقي، رحلة مطراقي زادة لنصوح الإسلامي، ترجمة: صبحي ناظم توفيق، المجمع الثقافي، أبو ظبي، ٢٠٠٣.
١٩- الزيني، عبد الحسين، الإحصاء الديموغرافي (الإحصاء السكاني)، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة بغداد (كلية الاقتصاد والعلوم السياسية)، بغداد ١٩٦٩.
٢٠- السعدي، عباس فاضل، محافظة بغداد (دراسة في جغرافية السكان)، الطبعة الأولى، مطبعة الأزهر (ساعدت جامعة بغداد على نشره)، بغداد ١٩٧٦.
٢١- السعيد، صبحي احمد، نمط التوزيع المكاني والتركيب الوظيفي لمراكز الاستيطان البشري في منطقة نجد، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة الملك سعود، جدة، ١٩٨٦.
٢٢- سفر، طه باقر وفؤاد، الرحلة السادسة (بغداد – حلبجة)، أصدرتها مديرية الفنون والثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والإرشاد، بغداد ١٩٦٦.
٢٣- شحادة، نعمان، الاساليب الكمية في الجغرافية باستخدام الحاسوب، الطبعة الثالثة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.
٢٤- شريف، إبراهيم ابراهيم وعلى حسين شلش، جغرافية التربة، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة بغداد، بغداد ١٩٨٥.
٢٥- الشواورة، علي سالم إحميدان، عدالة التنمية بين الريف والحضر، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٢.
٢٦- الشواورة، علي سالم ومحمود عبدله الحبيس، الجغرافية السكان (مدخل الى علم السكان) الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠١.
٢٧- الشواورة، علي سالم، التخطيط في العمران الريفي والحضري، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١٢.
٢٨- صالح، هاشم محمد، جغرافيا المناخية، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١٤.
٢٩- الصقار، فؤاد محمد، دراسات في الجغرافية البشرية، الطبعة الأولى، منشأة المعارف بالإسكندرية، ١٩٧٠.

٣٠- طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كوردستان العراق، الطبعة الأولى، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥.
٣١- طالباني، ناهدة جمال وخالد طيب محمد، صيانة التربة والمياه، الطبعة الأولى، جامعة السليمانية، كلية الزراعة، السليمانية، ١٩٩٨.
٣٢- الطفيلي، حميد، الجغرافيا الاجتماعية (المفاهيم والمنطلقات)، الطبعة الأولى، دار المنهل اللبناني للنشر والتوزيع، بيروت ٢٠٠٩.
٣٣- العتبى، سامي عزيز عباس و د. اياد عاشور الطائي، الاحصاء والنمذجة في الجغرافية، الطبعة الأولى ، مطبعة الامارة، بغداد ٢٠١٣.
٣٤- عطوي، عبدله، جغرافية السكان، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠١.
٣٥- عطية، شوقي، علم السكان (في البحث التطبيقي والإحصائي)، الطبعة الثانية، دار نلسن للنشر والتوزيع، بيروت ٢٠٢٠.
٣٦- فايد، يوسف عبد المجيد، جغرافية المناخ والنبات، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٢.
٣٧- لبيب، علي، جغرافية السكان (الثابت والمتحول)، الطبعة الثانية، دار العربية للعلوم، بيروت ٢٠٠٤.
٣٨- محمد، خليل إسماعيل، قضاء خانقين (دراسة في جغرافية السكان)، الطبعة الثانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٢.
٣٩- محمد، خليل إسماعيل، دهوك – نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)، طبعة الأولى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥.
٤٠- مصيلحي، فتحي محمد، جغرافيا البشرية (بين نظرية المعرفة وعلم المنهج الجغرافي)، الطبعة الثانية، بدون مطبعة، مصر ٢٠٠٤.
٤١- النقشبندي، حسام الدين علي غالب، الأكراد في لرستان الصغرى (الشمالية) وشهرزور خلال العصر الوسيط (دراسة سياسية وحضارية)، الطبعة الأولى، مطبعة بنكەی ژین، السليمانية ٢٠١١.
٤٢- وهيبة، عبد الفتاح محمد، جغرافية الإنسان، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٩.

**المجلات:**

١- العيسوي، فايز محمد، سكان الجزائر (دراسة ديموغرافية)، مجلة كلية الآداب، جامعة الإسكندرية، العدد ٥٢، للسنة ٢٠٠٣.
٢- محمد، خليل إسماعيل وأيوب خليل اسماعيل، تحليل جغرافي لتوزيع المستوطنات الريفية في ناحية قوشتەپە، گۆڤاری زانکۆ (گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ژمارە ٢٨، ساڵی ٢٠٠٦.

**الرسائل والأطاريح:**

١- الراوي، حسين علي عبد محمد، تغير توزيع السكان لمحافظة الأنبار وحركاتهم المكانية (للمدة عام ١٩٧٧-١٩٩٧)، أطروحة دكتوراه (غير منشور)، جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٩٩.

٢- سلمان، ندى نجيب، التحليل المكاني لتركيب السكان مدينة بغداد الكبرى للمدة ١٩٨٧-١٩٩٧، أطروحة دكتوراه (غير منشور) كلية التربية، جامعة بغداد، ٢٠٠٦.

**بيانات الحكومية (منشورة وغير منشورة):**

١- الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ليواء السليمانية وكركوك.

٢- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظة السليمانية.

٣- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية.

٤- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية.

٥- حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط, مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.

٦- الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية للحكومة العراقية (تصدرها مديرية التوجيه والإذاعة العامة في العراق)، العدد ٣٧١٥، ١٩٥٥/١٠/٢٢.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**کتێبەکان:**

1- G.D. Helen, & Kenneth C.W. Kemmerer, An Introduction to Population, second edition, long man group limited, New York, 1995.

2- H. J. De Blij, HUMAN GEOGRAPHY Culture, Society, and Space, 5th Edition, printed by Von Hoffmann press, 1995.

3- john l, Clarke, Population Geography, 2nd Edit, Pergamon Press, Oxford, 1972.

4- Ralph Tomlinson, Population dynamics causes and consequences of world demographic change, random house, New York, 1965.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (١): فەرمانی بەناحیەکردنی دێی سەیدسادق، لەساڵی ١٩٥٥



العدد ٣٧١٥

السنة الثالثة والثلاثون

الوقائع العراقية

(الجريدة الرسمية للحكومة العراقية) تصدرها مديرية التوجيه والاذاعة العامة في العراق

مسجلة في دائرة البريد المركزية ببغداد تحت رقم (٤)

بدل اشتراكها السنوي : ديناران في العاصمة وديناران وخمسمائة فلس خارج العاصمة

ثمن النسخة الواحدة (٢٠) فلسا

السبت ٥ ربيع الاول سنة ١٣٧٥ و ٢٢ تشرين الاول سنة ١٩٥٥

ملحق الوقائع العراقية بتاريخ ١٩٥٥/١٠/٢٢

اعلانات قرارات تسوية حقوق الاراضي لمقاطعات (زور كه ندال) التابعة لناحية الدوسكي و(ابو ثيلة) التابعة لناحية آل بدير و(ابا عبيدة) التابعة لناحية مركز حلبجة و(الدحاجير الشرقية) التابعة لناحية الحيرة .

بيان

استنادا الى المادتين الرابعة المعدلة والحادية عشرة من نظام جوازات السفر رقم ٣٩ لسنة ١٩٣٣ عين السيد عبدالكريم حميد البراك المعاون في مديرية شرطة السفر والجنسية ـ مكتب جوازات كربلاء ـ ضابطا للباسبورت ونخوله كافة الصلاحيات المنصوص عليها في المادتين المذكورتين .

وزير الداخلية

قرار

استنادا الى السلطة المخولة لنا بموجب المادة الـ(٥) من قانون ادارة الالوية رقم ١٦ لسنة ١٩٤٥ قررنا نقل مركز ناحية مركز قضاء حلبجة من محله الحالي الى قرية سيد صادق وتسميتها باسم ناحية شهر زور .

وزير الداخلية

قرار

بناء على مقتضيات المصلحة العامة واستنادا الى السلطة المخولة لنا بمقتضى المادة الخامسة من قانون ادارة الالوية رقم ١٦ لسنة ١٩٤٥ قررنا نقل مركز ناحية (ابيره كبره) من قرية (ابيره كبره) الى قرية (دينارته) .

وزير الداخلية

بيان

استنادا الى الصلاحية المخولة لنا بمقتضى المادة الثالثة من قانون ادارة البلديات رقم ٨٤ لسنة ١٩٣١ وتعديلاته قررنا احداث بلدية من الصنف الثالث في الحبانية باسم (بلدية الحي المدني في الحبانية) في رلواء الدليم حسب الحدود التالية :ـ

من الشمال ـ معسكر قاعدة الحبانية .

من الغرب ـ معسكر قاعدة الحبانية .

من الشرق ـ معسكر قاعدة الحبانية بضمنها قرية كولي كمب .

سەرچاوە: الوقائع العراقية، العدد ٣٧١٥، الجريدة الرسمية للحكومة العراقية تصدرها مديرية التوجيه والإذاعة العامة في العراق، ١٩٥٥/١٠/٢٢، ملحق، ص ١.

## پاشكۆی (٢): فەرمانی كارگێڕیی بەقەزاكردنی ناحیەی سەیدسادق، ساڵی ٢٠٠٧

حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
( خۆیەتی )

ژمارە/ ١٩٤٩
بەروار/ ١ / ٦ /٢٠٠٧
بەرامبەر/ ١٢ خەزەڵوەر

﴿ فەرمانی كارگێری ﴾

پشت بەست بە بڕیاری ژمارە (٢) لە كۆنوسی كۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩) لە ٢٠٠٧/٢/٢١ و نوسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ئەنجومەن ژمارە ﴿ ٤٢٢ / نهێنی ﴾ لە ٢٠٠٧/٣/٦ .
وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی كارگێری / بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٤٤٠) لە ٢٠٠٧/٢/٢٠
بڕیار درا بە :-

١. ناحیەی قەرەداغ بكرێتە قەزاو بە گوند و سنوری دیاركراو ... مەركەزەكەی لە قەرەداغ دەبێت و بە ﴿ قەزای قەرەداغ ﴾ ناو دەنێریت .
٢. شارۆچكەی ﴿ سید سادق ﴾ بكرێتە قەزا بە هەمان گوند و سنور .

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانــی

وێنەی بۆ/-

- وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی كارگێری / فەرمانی ئاماژە پێدراوتان لەگەڵ ڕێزدا
- گشت قائمقامیەتەكان .
- بەڕێوەبەرێتی گشتی پۆلیس .
- بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتووچۆ .
- بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاسایش
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەكانی سەر بە پارێزگا .
- بەشەكانی پارێزگا .
- بەشی ڕوو پێوی / بۆ جێبەجێ كردنی كاری پێویست لەو بارەیەوە تكایە .
- دۆسیەی خولاو .

سلێمانی، شەقامی مامۆستایان ژمارە (٢) ژمارەی تەلەفون ( ٣١٢٠٨٨٥ ، ٣١٢١٤٠٦٠ ) فاكس/ ٠٠٤٤٧٠١٣١٢٢٢٢٢

تەلار

سەرچاوە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، ئەرشیف كراو.

## پاشکۆی (٣): سەرژمێریی دێیەکانی قەزای سەیدسادق، بۆ هەردوو یەکەی کارگێڕیی (سەنتەری قەزا و ناحیەی سرۆچک)، مانگی یەک و دووی ساڵی ٢٠٢١

| ژ | یەکە و دێیەکان | ژمارەی ماڵ | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | ک.دانیشتوان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناحیەی سرۆچک | | | | | |
| .١ | مایاوا | ٢٤ | ٥٢ | ٤٧ | ٩٩ | |
| .٢ | گێڵەدەر | ٤٩ | ١١٩ | ٩٩ | ٢١٨ | |
| .٣ | کاژاو | ٣٦ | ٧٨ | ٧٥ | ١٥٣ | |
| .٤ | زلزلە | ١١ | ٣٣ | ٢٥ | ٥٨ | |
| .٥ | چنارەی باسەک | ١٢ | ٢٤ | ٢٤ | ٤٨ | |
| .٦ | باساک | ٢ | ٦ | ٦ | ١٢ | |
| .٧ | مۆریاس | ٥٩ | ١٤٢ | ١٢٨ | ٢٧٠ | |
| .٨ | حاجی مامەند | ١٨ | ٣٦ | ٢٩ | ٦٥ | |
| .٩ | وەندەرێنە | ٣٧ | ٨٣ | ٧٣ | ١٥٦ | |
| .١٠ | شوکێ | ٨ | ١٦ | ١٥ | ٣١ | |
| .١١ | باراو | ١٦ | ٤٥ | ٣٤ | ٧٩ | |
| .١٢ | پەرخ | ١٨ | ٤٤ | ٣٣ | ٧٧ | |
| .١٣ | بەربەرد | ١٧ | ٤٧ | ٤٣ | ٩٠ | |
| .١٤ | هۆزی خواجە | ٤ | ١٠ | ١٧ | ٢٧ | |
| .١٥ | ئەشکەوتان | ٤ | ١٢ | ٨ | ٢٠ | |
| .١٦ | بەرقەڵا | ٢٥ | ٦٠ | ٦٥ | ١٢٥ | |
| .١٧ | دەرەتەت | ٢٠ | ٦٣ | ٦٠ | ١٢٣ | |
| .١٨ | بیوەک | ٣٢ | ١٠٥ | ٨٨ | ١٩٣ | |
| .١٩ | میرمام | ١٨ | ٥٣ | ٤٢ | ٩٥ | |
| .٢٠ | قەویلە | ٢٦ | ٦٧ | ٧٣ | ١٤٠ | |
| .٢١ | بەردەڕەشە | ٩٨ | ٢٢١ | ٢٣٠ | ٤٥١ | |
| .٢٢ | گەرمەدەر | ١ | ٦ | ٤ | ١٠ | |
| .٢٣ | کۆترمەڕ | ٢ | ٦ | ٥ | ١١ | |
| .٢٤ | لەگ لەگ | | | | | ئاوەدان نەکراوەتەوە |
| .٢٥ | هەنارو | | | | | = |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .٢٦ | شاری کۆن | | | | | = |
| .٢٧ | زیندانە | | | | | = |
| .٢٨ | گوێزەکوێر | | | | | = |
| .٢٩ | داربەڕولە | | | | | = |
| .٣٠ | سلێمانە | | | | | = |
| .٣١ | سیانزار | | | | | = |
| .٣٢ | دێ کوێر | | | | | = |
| **کۆی گشتیی ن.سرۆچک** | | **٥٣٧** | **١٣٢٨** | **١٢٢٣** | **٢٥٥١** | **٣٢ دێ** |
| **سەنتەری قەزا** | | **ژمارەی ماڵ** | **ڕەگەزی نێر** | **ڕەگەزی مێ** | **ک.دانیشتوان** | **تێبینی** |
| .٣٣ | شانەدەری کۆن | ٢٥٠ | ٥٨٣ | ٥٤٧ | ١١٣٠ | |
| .٣٤ | شانەدەری سەروو | ١٦ | ٣١ | ٣٦ | ٦٧ | |
| .٣٥ | کێلەکەوە | ٩٩ | ٢٢٩ | ٢٣٧ | ٤٦٦ | |
| .٣٦ | کەچەڵی | ٤٦ | ١٢٦ | ١٢٤ | ٢٥٠ | |
| .٣٧ | ماو | ٤٦ | ١١٥ | ٩٩ | ٢١٤ | |
| .٣٨ | توتاقاج | ٢٩ | ٦٨ | ٦٣ | ١٣١ | |
| .٣٩ | وەڵە سمت | ١٦ | ٣٧ | ٣٤ | ٧١ | |
| .٤٠ | بەرکەورگان | ٥ | ٩ | ١١ | ٢٠ | |
| .٤١ | وشقوبە | ١٣ | ٢٤ | ٢٨ | ٥٢ | |
| .٤٢ | کەوڵۆس | ٣٢ | ٧٤ | ٥٩ | ١٣٣ | |
| .٤٣ | چوالەی ڕەسوڵ | ٣١ | ٨١ | ٧٢ | ١٥٣ | |
| .٤٤ | چوالەی مارف | ٣ | ١٠ | ٥ | ١٥ | |
| .٤٥ | پەلی هێرۆ | ٤٣ | ٨٣ | ٩٢ | ١٧٥ | |
| .٤٦ | گڵەزەردە | ٧ | ٢٠ | ٢٥ | ٤٥ | |
| .٤٧ | مزگەوتە | ٩ | ٢٤ | ٢٠ | ٤٤ | |
| .٤٨ | قاینەجە | ١٠ | ٣١ | ٢٢ | ٥٣ | |
| .٤٩ | گردەنازێ | ٢٧٠ | ٥٧٢ | ٥٣٨ | ١١١٠ | |
| .٥٠ | گامێش تەپە | ١٧٣ | ٤٠٦ | ٤٠٥ | ٨١١ | |
| .٥١ | ناوگردان | ٦٣ | ١٣٧ | ١٣٤ | ٢٧١ | |
| .٥٢ | سۆیلەمیش | ٢ | ٥ | ٣ | ٨ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .٥٣ | مایندۆڵ | ١٤٦ | ٣٠١ | ٣٢٢ | ٦٢٣ | |
| .٥٤ | کانی سپیکە | ٢٦٠ | ٤٣٩ | ٤١٣ | ٨٥٢ | |
| .٥٥ | گرێزە | ٤٦٤ | ١٠٨٥ | ١١٠١ | ٢١٨٦ | |
| .٥٦ | شێرەبەرە | ١٣ | ٣٢ | ٣٧ | ٦٩ | |
| .٥٧ | کانی پانکەی سەروو | ٢٣٣ | ٥٦٢ | ٥٤٩ | ١١١١ | |
| .٥٨ | کانی پانکەی خواروو | ٨٥ | ١٨٠ | ١٩٣ | ٣٧٣ | |
| .٥٩ | بنگردی موان | ٢٣ | ٥٧ | ٥٠ | ١٠٧ | |
| .٦٠ | قاڵیجۆی سەروو | ١٠١ | ٢٢٤ | ٢١٨ | ٤٤٢ | |
| .٦١ | قاڵیجۆی خواروو | ٤٢ | ٨٩ | ٨٠ | ١٦٩ | |
| .٦٢ | موانی محمد حسن | ٦٥ | ١٩١ | ١٢٣ | ٣١٤ | |
| .٦٣ | موانی ڕۆستەم | ١٠ | ١٨ | ١٧ | ٣٥ | |
| .٦٤ | موانی کۆن | ٣١ | ٧٤ | ٧٦ | ١٥٠ | |
| .٦٥ | موانی میرزا | ٢٢ | ٤٦ | ٥٠ | ٩٦ | |
| .٦٦ | موانی مەلاتایەر | ٨٠ | ١٨٧ | ١٩٣ | ٣٨٠ | |
| .٦٧ | تەپی کەرەم | ٢٠ | ٤٤ | ٥٠ | ٩٤ | |
| .٦٨ | کەوچک تاش | ٥٠ | ١١٠ | ١١٥ | ٢٢٥ | |
| .٦٩ | سواریی | ٢ | ٦ | ٦ | ١٢ | |
| .٧٠ | قوماش | ٦٦ | ١٦٤ | ١٥٥ | ٣١٩ | |
| .٧١ | تاسلوجە | ٧٩ | ٢٠٦ | ٢٠٢ | ٤٠٨ | |
| .٧٢ | بنەجووت | | | | | ئاوەدان نەکراوەتەوە |
| .٧٣ | بێرەشکە | | | | | = |
| .٧٤ | دۆڵاش | | | | | = |
| .٧٥ | شاتوان | | | | | = |
| .٧٦ | شاملۆ | | | | | = |
| .٧٧ | قلرخ خواروو | | | | | = |
| .٧٨ | کەلتەکەی حەمەی سۆفی علی | | | | | = |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .٧٩ | کەلتەکەی محمودی ڕەشید | | | | | = |
| .٨٠ | کەڵوڕان | | | | | = |
| .٨١ | گردی شەریف | | | | | = |
| .٨٢ | مەستەکانی مەلا علی | | | | | = |
| .٨٣ | مەستەکانی حاجی احمد | | | | | = |
| .٨٤ | موانی محمدعبدالله | | | | | = |
| .٨٥ | هەیاس | | | | | = |
| .٨٦ | گردی صادق | | | | | = |
| .٨٧ | قوماشی حمەرشیدبەگ | | | | | = |
| **کۆی گشتیی سەنتەری قەزا** | | ٢٩٥٥ | ٦٦٨٠ | ٦٥٠٤ | ١٣١٨٤ | ٥٥ دێ |
| **کۆی قەزا** | | ٣٤٩٢ | ٨٠٠٨ | ٧٧٢٧ | ١٥٧٣٥ | ٨٧ دێ ( ❊ ) |

سەرچاوە: کاری مەیدانیی توێژەر، بۆ تەواوی دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق، لەماوەی توێژینەوەکەدا، مانگەکانی (١و٢)ی ساڵی ٢٠٢١.

(❊) کۆی گشتیی دێیەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق، بریتین لە (٥٥) دێ، کە (٣٩) دێیان ئاوەدانن و (١٦) دێیان چۆڵن، هەروەها کۆی گشتیی دێیەکانی ناحیەی سرۆچک بریتین لە (٣٢) دێ، کە (٢٣) دێیان ئاوەدانن و (٩) دێیان چۆڵن، هەموو دێیەکانی قەزای سەیدسادق بریتین لە (٨٧) دێ، کە (٦٢) دێیان ئاوەدانن و (٢٥) دێیان چۆڵکراوون و ئاوەدان نەکراوونەتەوە.

## پاشکۆی (٤): هۆز و تیرەکانی قەزای سەیدسادق و دابەشبوونیان بەسەر دێیەکاندا لەساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | ناوی دێ | تیرە یان هۆز لەگەڵ ژمارەی خێزان (ماڵ) |
|---|---|---|
| ١. | شانەدەری کۆن | شێخ سمایلی (٢٥٠ ماڵ) |
| ٢. | شانەدەری سەروو | شێخ سمایلی (١٦ ماڵ) |
| ٣. | کێڵەکەوە | شێخ سمایلی (٩٥ ماڵ)، مامۆیی (٤ ماڵ) |
| ٤. | کەچەڵی | شێخ سمایلی (٤٦ ماڵ) |
| ٥. | ماو | شێخ سمایلی (٤٦ ماڵ) |
| ٦. | توتاقاج | بابانی (٥ ماڵ)، غەوارە (١٩ ماڵ)، میراودەلی (١ ماڵ)، بڵباس (٣ ماڵ)، لەک (١ ماڵ) |
| ٧. | وەلە سمت | شێخ سمایلی (١ ماڵ)، زەردۆیی (٩ ماڵ)، بابانی (٤ ماڵ)، نەورۆلی (١ ماڵ)، گولباخی (١ ماڵ) |
| ٨. | بەرکەورگان | زەردۆیی (٥ ماڵ) |
| ٩. | وشقوبە | زەردۆیی (١٣ ماڵ) |
| ١٠. | کەولۆس | شێخ سمایلی (٥ ماڵ)، غەوارە (٢٧ ماڵ) |
| ١١. | چوالەی ڕەسوڵ | غەوارە (٣١ ماڵ) |
| ١٢. | چوالەی مارف | غەوارە (٣ ماڵ) |
| ١٣. | پەلی هێرۆ | غەوارە (٤٣ ماڵ) |
| ١٤. | گڵەزەردە | شێخ سمایلی (٧ ماڵ) |
| ١٥. | مزگەوتە | شێخ سمایلی (٩ ماڵ) |
| ١٦. | قاینەجە | شێخ سمایلی (٢ ماڵ)، بڵباس (١ ماڵ)، خەراجیانی (٤ ماڵ)، سمایل عوزێری (٢ ماڵ)، چوچانی (١ ماڵ) |
| ١٧. | گردەنازێ | شاتری(١٦ماڵ)، قەویلەیی (٥٧ماڵ)، هاروونی (٣٥ماڵ)، بڵباس (٤١ماڵ)، بەیداخی (٤٢ماڵ)، بەرازی (٤٥ماڵ)، چوچانی (١٥ماڵ)، ڕۆغزایی (١٩ماڵ) |
| ١٨. | گامێش تەپە | شاتری (١٧٣ ماڵ) |
| ١٩. | ناوگردان | بڵباس (٥ ماڵ)، شاتری (٥٢ ماڵ)، بەیداخی (٣ ماڵ)، وەستاگەڵ (٣ ماڵ) |
| ٢٠. | سۆیلەمێش | گەلاڵی (٢ ماڵ) |
| ٢١. | مایندۆڵ | غەوارە (١٤٦ ماڵ) |
| ٢٢. | کانی سپیکە | پەرخی (٢٦٠ ماڵ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣. | گرێزە | شێخ سمایلی (٤٦٤ ماڵ) |
| ٢٤. | شێرەبەرە | بیسەری (١٣ ماڵ) |
| ٢٥. | کانی پانکەی سەروو | شێخ سمایلی (٢٢٦ ماڵ)، گەلاڵی (١ ماڵ)، کەماڵەیی (١ ماڵ)، سەدانی (٥ ماڵ) |
| ٢٦. | کانی پانکەی خواروو | شێخ سمایلی (٧٨ ماڵ)، گەلاڵی (٢ ماڵ)، باشکی (٥ ماڵ) |
| ٢٧. | بنگردی موان | شێخ سمایلی (٨ ماڵ)، گەلاڵی (٩ ماڵ)، ڕۆغزایی (٦ ماڵ) |
| ٢٨. | قالیجۆی سەروو | شێخ سمایلی (١٣ ماڵ)، مامۆیی (٣٤ ماڵ)، ڕۆغزایی (١٠ ماڵ)، باشکی (١٥ ماڵ)، تەرخانی (١٩ ماڵ)، تیلەکۆ (٥ ماڵ)، هاروونی (٥ماڵ) |
| ٢٩. | قالیجۆی خواروو | گەلاڵی (١ ماڵ)، ڕۆغزایی (٤٠ ماڵ)، تیلەکۆ (١ ماڵ) |
| ٣٠. | موانی محمد حسن | سۆفی وەند (٦٥ ماڵ) |
| ٣١. | موانی ڕۆستەم | ڕۆغزایی (١٠ ماڵ) |
| ٣٢. | موانی کۆن | ڕۆغزایی (٢٣ ماڵ)، هۆلی (٤ ماڵ)، وەسایلی (٤ ماڵ) |
| ٣٣. | موانی میرزا | ڕۆغزایی (٦ ماڵ)، باشکی (١ ماڵ)، سۆفی وەند (١٥ ماڵ) |
| ٣٤. | موانی مەلاتایەر | باشکی (٨٠ ماڵ) |
| ٣٥. | تەپی کەرەم | ڕۆغزایی (٢٠ ماڵ) |
| ٣٦. | کەوچک تاش | پەرخی (٤ ماڵ)، باشکی (٣٨ ماڵ)، یەسوجانی (٨ ماڵ) |
| ٣٧. | سواریی | کەماڵەیی (٢ ماڵ) |
| ٣٨. | قوماش | غەوارە (١ ماڵ)، یەسوجانی (٦٥ ماڵ) |
| ٣٩. | تاسلوجە | شێخ سمایلی (٦ ماڵ)، بابانی (٢ ماڵ)، کەلهوڕ (٩ ماڵ)، یەسوجانی (٦٢ ماڵ) |
| ٤٠. | مایاوا | گۆران (٢٤ ماڵ) |
| ٤١. | گێڵەدەر | غەوارە (١ ماڵ)، گەلاڵی (٢ ماڵ)، کەلهوڕ (١٣ ماڵ)، گۆران (٣٢ ماڵ)، شێخی بەرزنجی (١ ماڵ) |
| ٤٢. | کاژاو | چوچانی (٨ ماڵ)، گۆران (٢١ ماڵ)، شێخی بەرزنجی (٧ ماڵ) |
| ٤٣. | زلزلە | زلزلەیی (١١ ماڵ) |
| ٤٤. | چنارەی باسەک | شێخی بەرزنجی (١٢ ماڵ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥. | باساک | شێخی بەرزنجی (٢ماڵ) |
| ٤٦. | مۆریاس | گۆران (٥٩ ماڵ) |
| ٤٧. | حاجی مامەند | گۆران (١٨ ماڵ) |
| ٤٨. | وەندەرێنە | گۆران (٣٧ ماڵ) |
| ٤٩. | شوکێ | گۆران (٨ ماڵ) |
| ٥٠. | باراو | گۆران (٥ ماڵ)، شێخی بەرزنجی (١١ ماڵ) |
| ٥١. | پەرخ | پەرخی (١٨ ماڵ) |
| ٥٢. | بەربەرد | چوچانی (١٧ ماڵ) |
| ٥٣. | هۆزی خواجە | لەک (١ ماڵ)، چوچانی (١ ماڵ)، ڕۆغزایی (٢ ماڵ) |
| ٥٤. | ئەشکەوتان | چوچانی (٤ ماڵ) |
| ٥٥. | بەرقەڵا | چوچانی (١ ماڵ)، گۆران (٢٠ ماڵ) جاف (٤ ماڵ) |
| ٥٦. | دەرەتەت | بێسەری (٢٠ ماڵ) |
| ٥٧. | بیوەک | چوچانی (٣٢ ماڵ) |
| ٥٨. | میرمام | بێسەری (١٨ ماڵ) |
| ٥٩. | قەویلە | قەویلەیی (٢٦ ماڵ) |
| ٦٠. | بەردەڕەشە | چوچانی (٩٨ ماڵ) |
| ٦١. | گەرمەدەر | بێسەری (١ ماڵ) |
| ٦٢. | کۆترمەڕ | بێسەری (٢ ماڵ) |

سەرچاوە: کاری مەیدانیی توێژەر، بۆ تەواوی دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق، لەماوەی توێژینەوەکەدا، مانگەکانی (١و٢)ی ساڵی ٢٠٢١.

# پوختەکان

# قەزای سەیدسادق (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)

## پوختە:

توێژینەوەکە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی قەبارە و تایبەتمەندیی بەشێکی زۆری لایەنە گرنگەکانی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، کە بێگومان دەبێتە بەرچاو ڕوونییەک بۆ کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی کارگێڕیی قەزاکە و پارێزگای سلێمانی، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگیش دەبێت بۆ بەشێکی زۆری توێژەرانی بوارەکە سەبارەت بە دۆخی دانیشتوان لە قەزاکەدا، چونکە ناوچەیەکی هەژارە بە لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەها خودی دانیشتوان، کە مەبەست لێی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، یەکێکە لەو دیاردانەی بەردەوام بەگوێرەی پێوەر و یەکە بچووکەکانی کات، واتە تەنانەت چرکە لە دوای چرکەش لە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوامدایە، بۆیە ئاگابوون لە تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دانیشتوانی هەر ناوچەیەکدا دێن، پێویستییەکی زانستی و کارگێڕی و تەنانەت ڕامیاریشە، جگە لەوەی زۆر گرنگە زانیارییەکانی جۆر و شێوازی دابەشبوون و پێکهاتە و دۆخی چۆنێتیی گوزەران و ژیانکردنیان بزانرێت، تاکو لەڕێگەیانەوە بە ڕاستی و واقعی تەواوی پرس و پرۆسە دیمۆگرافییەکان ئاشنابین، تاکو بتوانرێت لە بەر ڕۆشناییاندا بڕیار لەسەر زۆرێک لە لایەنەکانی کۆمەڵگە بدرێت.

توێژینەوەکە، پێکهاتووە لە چوار بەشی گرنگ، کە بەگوێرەی ئامانج و مەبەستە زانستییەکانی توێژینەوەکە ڕیزبەندکراوون، بەشی یەکەمی تایبەتە بە خستنەڕووی دیرۆک و چیرۆکەکانی پرۆسەی نیشتەجێبوون لە سنووری قەزاکەدا، بەگوێرەی قۆناغە مێژووییەکان، هاوکات جوگرافیای ناوچەکەی لە بەشێکی زۆری ڕەهەندە سروشتی و مرۆییەکانەوە خستۆتەڕوو. بەشی دووەم، تایبەتکراوە بەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا، واتە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) دا بەسەر قەبارە و گەشەکردنی دانیشتواندا هاتوون، تیایدا دەرکەوتووە بەتێپەڕبوونی کات و ڕوودانی گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسی و کارگێڕیدا، گۆڕانی گەورە و گرنگ بەسەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە. بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، بۆ خستنەڕووی زانستی و بابەتییانەی دانیشتوان تەرخانکراوە، تاکو بزانرێت دانیشتوان بەگوێرەی هەریەک لە: شوێن و بەشە جیاجیاکانی جوگرافیای قەزاکە، دابەشبوونی ژینگەیی، دابەشبوونی قەبارەیی، شێوازەکانی دابەشبوون، چۆن گوزەراوە و شێوەیان گرتووە. دواتر لە بەشی چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکەدا، هەوڵدراوە پێکهاتەکانی دانیشتوانی قەزاکە لە هەریەک لە ڕووەکانی: پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز، پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی، پێکهاتەی ئابووری، پێکهاتەی ڕۆشنبیری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی جوگرافیایی بەرجەستەبکرێت.

لە سەرجەم هەنگاو و ڕێکارە زانستییەکانی ناو توێژینەوەکەدا، هەوڵدراوە شێوازی نوسینی توێژینەوەی سەردەمیانە و بەکارهێنانی تەکنیک و ڕێگەی ئاماریی تایبەت بە بوارەکە، پەیڕەوبکرێت، بە چەشنێک لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و خواستی ئەمڕۆی مەعریفە دیمۆگرافییەکاندا بگونجێت و ئەنجامی خوازراو و بەسوود بدات بە دەستەوە.

**قضاء سيدصادق (دراسة في جغرافية السكان)**


**ملخص:**

هذه الدراسة محاولة لإظهار حجم وخصائص جزء كبير من الجوانب المهمة لسكان قضاء سيد صادق والتي ستكون بالتأكيد وجهة نظر واضحة لمسؤولي وسلطات إدارة المنطقة أي (القضاء) ومحافظة السليمانية وستكون أيضا مصدرا مهما لجزء كبير من الباحثين في مجال عن الوضع السكاني في هذه القضاء لأنها منطقة فقيرة للبحث العلمي، وأيضا أن السكان نفسها التي تهدف إلى مجتمع الإنسانية هي احدى من الظواهر المستمرة وفقا لحجم وحدات صغيرة من الوقت يعني حتى لحظة بعد لحظة في عملية تغيير مستمرة لهذا السبب فإن إدراك كل التغيرات التي جرت لسكان كل منطقة هو حاجة علمية وإدارية وحتى سياسية إلا أنه من المهم جدا معرفة نوع وأسلوب وكيفية االتوزيع وأن معرفة طبيعية حياتهم حتى نتمكن من خلالها معرفة حقيقة وواقع جميع العمليات الديموغرافية ونكون قادرين على اتخاذ قرار بشأن العديد من جوانب المجتمع في ضوءها.

هذه الدراسة قسمت على أربعة فصول مهمة تتوافق مع الهدف والغرض من البحث العلمي، الفصل الأول من البحث يتناول تاريخ الإسكان في حدود المنطقة (قضاء) وفقا للمراحل التاريخية في نفس الوقت جغرافية المنطقة في مبحث منه يتبين العديد من الأبعاد الطبيعية والبشرية.

أما الفصل الثاني من الدراسة يبحث عن التغيرات التي جرت خلال سنوات البحث وهو ما يعني بين عامي (١٩٥٧ –٢٠٢٠) على حجم ونمو السكان التي أحدثت التغييرات في النظام السياسي والإداري، تغييرات كبيرة في عدد سكان منطقة الدراسة.

والفصل الثالث من البحث محدد للعرض العلمي والموضوعي للسكان بحيث يمكن معرفة السكان وفقا لكل موقع من المواقع والأجزاء المختلفة من جغرافية المنطقة أي (القضاء)، وتوزيع الحجمي، والبيئي، والإجتماعي، وأنماط التوزيع السكان.

ثم في الفصل الرابع والأخير من البحث، تم عرض التركيب سكان المنطقة الدراسة في كل جانب من جوانب: التركيب العمر والجنس والقومي والديني، ينبغي أن يتمثل التركيب الاقتصادي والتركيب الثقافي والهيكل الاجتماعي الجغرافي.

وفي جميع الخطوات والإجراءات العلمية في الدراسة، اسلوب كتابة الدراسة حديثة. بشكل من الأشكال يحاول تطبيق استخدام التقنيات والأساليب الإحصائية الخاصة بالمجال وبطريقة تتناسب مع التقدم العلمي اليوم ورغبة المعرفة الديموغرافية اليوم وتحقق النتائج المرجوة والمفيدة.

## Saidsadiq District (A study in Population Geography)


### Abstract:

This research is an attempt to display the density and the significant sides of Saidsadiq District population which can be used as data collection for the senior officials of the city and Sulaymaniyah Governarate as well. It will be also an important reference for the researchers whereas the area and its people are poor in terms of scientific research.Population is one of the phenomena which is in constant change even second after second , so getting updates in any population shift is a scientific, administrative and political necessity . It is also significant to collect data on population’s distribution , components and life lots so that we get to know the real demographic issues and processes and so that these data can be used as the base for any decision making about society.

The research consists of four important chapters which are classified according to the targets and scientific purposes of the research. The first chapter sheds light on the history of habitation in the district according to the historical eras. It also demonstrates the district from the dimensions of natural and human geography. The second chapter specifies the changes happened to the density and development of population from 1957 to 2020. By the elapse of time, the shifts happened to the political and administrative system has dramatically made big changes to the population. The third chapter of the research talks about population objectively and scientifically in order to know how population has distributed according to environment, place and density. In the fourth(the final) there is an effort to geographically show the components of population in terms of age, gender, religion, ethnicity, economy, social and intellectual levels.

In all the steps and scientific methods of the research, the researcher has attempted to use modern method of writing such as statistics and techniques in a way that it can be compatible with scientific and demographic developments so that it can reach its destination and conclusion.

**Kurdistan Regional Government – Iraq**

**Ministry of Higher Education and Scientific Research**

**University of Sulaimani**

**College of Humanities**

**Geography Department**

# Saidsadiq District

## (A Study in Population Geography)

By:

Kawa Rasheed Kaki

To the council of Humanities College of the University of Sulaimani, As a partial of obtaining Master Degree in Geography

Supervisor:

Prof. Dr. Jaza Tofiq Talib

2022 A.D 2722 Kurdish